





## تەنیا بەدیل بۆ سەربەخۆیی کوردستان

# پرەنسیپی شۆڕشی ئەمریکایە بۆ جیابوونەوە لە بەریتانیا





**ئەگەر لەساڵی ٢٠٠١ سەرۆک جۆرج دەبلیو بۆش بە جۆرێک لە زمانی هەڕەشە جیهانی بۆ بەرەی دژی تیرۆر کۆکردبێتەوە، ئەوا سەرۆک بارزانی لە ئابی ٢٠١٤ بە بڕیاری بوێرانە و بە جوامێری پێشمەرگە قارەمانەکان جیهانی بۆ شەڕی دژی داعش و کۆتاییهێنانی تیرۆریستان لە کوردستان کۆکردەوە**

پێدەچێت ئەو زمانەی سەرۆکی کوردستان پێناسەی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی پێدەکات، هێشتا بۆ هەندێك دیپلۆماتکاری ڕۆژئاوا بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی نامۆ بێت و بە باشی و وەك خۆی لێی حاڵی نەبن، بۆیە کاتێك بارزانی پێیان دەڵێت: پێمان بڵێن بەدیلی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی چییە؟ ئەوا دیپلۆماتکارێکی وەك برێت ماکگۆرك دێتە کوردستان و لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانییدا دەڵێت: بارزانی داوای بەدیلی کردووەو ئێمەش بەدیلی ریفراندۆممان ئامادە کردووە؟

بەڵام پرسیاری دیکە ئەوەیە ئایا ئەو بەدیلە چییە؟ لە وەڵامدا هەر خۆی دەڵێت: ئێمە گەرەنتی نێودەوڵەتی بۆ دەستپێکردنەوەی دیالۆگ لەنێوان هەولێر و بەغدا دابین دەکەین و، خواستی ئێمە ئەوەیە لە قۆناخی پۆست داعشدا عێراق یەکگرتوو و سەقامگیر بێت.

بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا لە قۆناخی پۆست داعشدا، عێراق وەك دەوڵەت دەتوانێت یەکگرتوو بێت؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستی بەوە هەیە بگەڕێینەوە بۆ پرانسیپەکانی شۆڕشی ئەمریکا کە بوونە هۆکاری ئەوەی شۆڕش بەرپا بکرێت و لە شانشینی بەریتانیا جیاببنەوە و سەربەخۆیی رابگەیەنن. ئەو پرانسیپەش ئەوەیە (بەبێ نوێنەرایەتی. باجدان بوونی نییە)، جۆرج واشنتۆن وەك باوکی دامەزرێنەری ئەمریکا لە ئاهەنگی چاخواردنەوەی بۆستن ئەم دروشمەی بەوە تەرجەمە کرد، کە هەموو چایەکان بکرێنە ناو ئاوی رووبارەکە بەو مانایەی (باج دەدەین بە ئاو، نایدەین بە پەرلەمانی بەریتانیا کە نوێنەرایەتی ئێمە ناکات.) ئەمەش مانای ئەوەیە ئەمریکییەکان بەهیچ جۆرێك هاوبەش نەبوون لەو بڕیارە سیاسییانەی کە لە بەریتانیاوە بۆ ئەمریکییەکان دەردەچوون.

لەگەڵ ئەوەی جیاوازییەکی گەورە لە نێوان گەلی کوردستان و عەرەبی شیعە و سوننەی عێراق بوونی هەیە بە بەراورد بە گەلی ئەمریکا و بەریتانیا، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەردوولایان، بەشێکی یەك گەل و هاووڵاتی بەریتانیا بوون و ئەوانەی بە خۆیان دەڵێن ئەمریکی، ئەو هاووڵاتیانەی بەریتانیا بوون کە کۆچیان بۆ ئەمریکا کردبوو، لەوێ نیشتەجێ ببوون، بەڵام لەبەر ئەوەی لەنێوان هاووڵاتیانی یەك گەل و نەتەوەشدا، پرسی هاوبەشیی راستەقینە لە نێوانیاندا نەبوو، ئەوا بەهەمان پرانسیپی شۆڕشی پیرۆزی بەریتانیا (Glorious revolution) کە جارێکی دیکە لە ساڵی ١٦٨٨ پەرلەمانی بەریتانیای لەسەر بنەمای (بەبێ باجدان، نوێنەرایەتی بوونی نییە)، دوای نزیکەی ٨٠ ساڵ هەمان پرانسیپ بووە بنەمای شۆڕش و جیابوونەوەی ئەمریکا لەبەریتانیا.

ئەگەر لێرەوە هەڵوەستەیەکی ورد لەسەر هەموو پەیامەکانی مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان بکەین کە لە هەڵمەتی پرۆسەی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی دەیداتە گەلی کوردستان و جیهان، دەبینین بارزانی راشکاوانە لە هەموو پەیامەکانیدا جەخت لەسەر یەك خاڵی جەوهەری دەکاتەوەو ئەم خاڵەش بە پرسیارێك ئاراستەی خۆی و گەلەکەی دەکات و دەپرسێت: بۆچی بڕیاری ریفراندۆممان دا و سەربەخۆیی بە تەنیا رێگە چارە دەزانین؟ هەر خۆی وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە و پێمان دەڵێت: لەبەر ئەوەی عێراقی نوێ لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ لەسەر بنەمای شەراکەتی راستەقینە بونیاد نرایەوەو ئێستا ئەو شەراکەتە راستەقینەیە شکستی هێناوەو بێجگە لە سەربەخۆیی رێگەچارەی دیکە نییە. ئەمەش راشکاوانە پەیامی بارزانی بۆ سەربەخۆیی پیشانی جیهان دەدات و بە ئاشکرا پێیان دەڵێت: (کاتێك شەراکەتی راستەقینە کۆتایی هات و شکستی هێنا، ئەوا عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدڕاڵی و پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانە کۆتایی هات.) پرسیاری دیکە ئەوەیە، ئایا کوردستان بەرپرسیارە لە کۆتاییهێنان و شکستی شەراکەتی راستەقینە لەعێراقدا؟ وەڵامی ئەم پرسیارە نەك تەنیا بیرمەندان و توێژەرانی شارەزا لەسەر سیاسەتی ئەمریکا لە عێراقدا دەیدەنەوە، بەڵکو دیپلۆماتکارە باڵاکانی ئیدارەی ئۆباما و ئێستای ئیدارەی سەرۆك ترامپ-یش، نەك هەر دان بەو راستییەدا دەنێن کە لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە کۆتایی ٢٠١١ لە عێراق، حکومەتی نوری مالیکی کۆتایی بە شەراکەتی راستەقینە هێناوە، زیاد لەمەش هۆکاری سەرهەڵدانی داعش و پاشانیش داگیرکردنی موسڵ و راگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی لە عێراق و سووریا، دەرهاویشتەی ئەو سیاسەتە هەڵانە بووە

**پێش ئەوەی دەوڵەتانی جیهان لە چوارچێوەی هاوپەیمانییەکدا بۆ شەڕی دژی داعش بەرەیەک دروست بکەن، بارزانی بە تەنیا لە کوردستانەوە شەڕی (مان و نەمانی) دژی تیرۆریستانی داعش راگەیاند و هەر لە کوردستانیشەوە ئەفسانەی تیرۆریستانی داعش بەتاڵ کرایەوە**

کە حکومەتی نوری مالیکی دژی کورد و سوننەی عەرەب پیادەی کردووە .

لەکۆتایی ساڵی ٢٠١٤ ئیدارەی سەرۆك ئۆباما زۆر بە راشکاوی گەیشتە ئەو قەناعەتەی ئەگەر نوری مالیکی جارێکی دیکە ببێتەوە بە سەرۆك وەزیرانی عێراق، ئەوا ئەمریکا چیدیکە پشتگیری پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا ناکات، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە بە گۆڕینی نوری مالیکی بۆ حەیدەر عەبادی و ئامادەباشی کوردستان بۆ هاوکاریکردن و پشتگیری حکومەتەکەی عەبادی، ئایا توانرا پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا راست بکرێتەوە و عێراق بکرێتەوە بە عێراقێکی یەکگرتوو و دیموکراتی و فیدراڵی و پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانە؟ بێگومان واقیعی عێراق خۆی وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە و ئاشکراشە کە نەتوانراوە ئەو کارە بکرێت. بەڵام پرسیاری دیکە ئەوەیە بۆچی نەتوانرا جارێکی دیکە پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا راست بکرێتەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بە جۆرێك دەدەینەوە کە لێکتێگەیشتنێکی زیاتر لە نێوان گەلی کوردستان و دیپلۆماتکارە ئەمریکییەکان دروست ببێت، بۆیە لێیان دەپرسین: ئایا ئەو ستراتیژیەتەی ئیدارەی ئۆباما لەماوەی دوو خولی سەرۆکایەتیدا پیادەی کرد، ئێستا بە ئیدارەی سەرۆك ترەمپ راست دەکرێتەوە؟ بۆ زیاتر بەرچاوڕوونی لەسەر ئەو ستراتیژیەتە، بەچەند خاڵێك ئاماژەی پێدەکەین:

١. ئیدارەی سەرۆك ئۆباما ستراتیژیەتی خۆتێوەنەگلاندن و کشانەوەی بە ئاستێکی زۆر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پیادە کرد، ئەمەش بووە هۆکاری لەدەستدانی سەرکەوتنەکانی سەرۆك جۆرج بوش لە عێراقدا، دروستبوونی گۆمی خوێن لە سووریا و سەرهەڵدانی داعش و پشتگوێ خستنی هاوپەیمانەکانی ئەمریکا و بەهێز بوونی هەژموونی کۆماری ئیسلامی لەناوچەکەدا.

٢. ئیدارەی سەرۆك ئۆباما هەموو هەوڵی بۆ ئەوە بوو لە چوارچێوەی رێککەوتنە نیوکلیارییەکەی لەگەڵ ئێران، ئێران بکاتە دۆست و هاوپەیمان بۆ بەڕێوەبردنی تەنگژەکانی عێراق و سووریا، ئەمەش بووە هۆی دوڕدۆنگی و بێ متمانەیی هاوپەیمانەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرامبەر ئەمریکا و دروستبوونی جیاوازی ریشەیی لە نێوان هاوپەیمانەکانی ئەمریکا سەبارەت بە کێشەو ئاژاوەکان لە عێراق و سووریادا. لەمەش زیاتر ئەم ستراتیژە هەڵەیە بووە هۆکاری ئەوەی فڕۆکەکانی ئەمریکا راستەوخۆ ببنە هێزی ئاسمانی بۆ گاردی شۆڕشگێڕی ئێران لە سووریا و عێراقدا.

٣. ئۆباما بەرامبەر کۆریای باکوور ستراتیژیەتی سەبرگرتنی پیادەکرد، بەڵام ئێستا دەبینین کە کۆریای باکوور نەك تەنیا بۆتە هەڕەشە لەسەر هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ئاسیا، بەڵکو تاقیکردنەوە مووشەکییەکانی ئەم دواییەی ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە کۆریای باکوور هەڕەشە لە ناوماڵی ئەمریکا دەکات.

دیارە سەرۆك ترەمپ لە کانوونی دووەمی ئەمساڵدا هاتە سەر ئەو میراتەی کە ئیدارەی ئۆباما لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و رۆژهەڵاتی ئاسیا بۆی بەجێهێشتبوو، بۆیە هەتا ئێستاش ئیدارەی تازە نەیتوانیوە ستراتیژێك دابڕێژێت کە بتوانێت ئەو هەموو شکستانە راست بکاتەوە، ئەوانەی لەسەر سیاسەتی دەرەوە و ستراتیژیەتی بەرگری ئەمریکا لێکۆڵینەوە و توێژینەوە دەکەن، راشکاوانە دان بەو راستییەدا دەنێن، بەوەی راستە لە ئێستادا ئەولەوییەتی ئیدارەی ترەمپ بۆتە تێکشکاندنی داعش، بەڵام شەڕی دژی داعش بۆتە هۆکاری هەژموون و باڵادەستی و مەترسیی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ناوچەکە و لەسەر هاوپەیمانەکانی ئەمریکا، بۆیە ئەگەر ئیدارەی ترەمپ بیەوێت سنوورێك بۆ هەژموونی کۆماری ئیسلامی دابنێت و دووبارە متمانە بۆ هاوپەیمانەکانی بگێڕێتەوە، ئەوا هەوڵی زۆر زیاتر لە شەڕی دژی داعشی پێویستترە.

بۆ حکومەتی عێراقی دوای نوری مالیکی-یش، دیارە حەیدەر عەبادی هاتە سەر میراتە شکستخواردووەکەی نوری مالیکی کە سێیەکی خاکی عێراق لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە داگیرکرابوو، پاشانیش عێراقی عەرەبی بە ناوچەکانی عەرەبی شیعە و سوننەوە بووە خاکێکی بە پیت بۆ گەشەکردنی رادیکاڵیزمی ئیسلامیی سوننە و شیعە و بوار بۆ بیرکردنەوە لە پێکەوەژیان و دووبارە رێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسی نەمایەوە، هەر هەوڵێکیش بدرێت بۆ ئەوەی عێراق بگەڕێتەوە بۆ پێش شەڕی دژی داعش، واتە پێش حوزەیرانی ٢٠١٤، وەك ئەوەیە ئیدارەی ئێستای

**وره و بوێریی سەرۆک مسعود بارزانی سات لە دوای سات دڵنیایی و ئومێدی زیاتر بە تەواوی گەلی کوردستان و پێکهاتە جیاوازەکانی دەبەخشێت، ئەمەش وایکردووە چەند لە رۆژەکانی دوایی هەڵمەتەکانی ریفراندۆم نزیک ببینەوە، تەواوی خەڵکی کوردستان بە یەکڕیزی و یەکدەنگیی زیاترەوە بێنە ناو پرۆسەکە و زیاتر جۆش و خرۆشی جەماوەری کوردستان و رەوەندی کوردستانی سەرنجی تەواوی جیهان رادەکێشێت**

**جیاوازیی نێوان ستراتیژیەتی بارزانی و ستراتیژیەتی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش تەنیا ئەوەندەیە، هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی ئەوەی کردووە بە ئەولەوییەت کە شەڕی دژی داعش کۆتایی بێت و سەربەخۆیی کوردستان ببێتە ئاکامی شەڕەکە، بەڵام بارزانی وەک دیگۆل دەیەوێت شانازیی راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان بە گەلەکەی خۆی بدرێت**



# 25 ئەیلوول
## بەڵێ بۆ کوردستان

ترەمپ هەوڵبدات لەچوارچێوەی ستراتیژیەتی ئیدارەی ئۆبامادا، رۆڵ و پێگەی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگێڕێتەوە بۆ پێش کانوونی دووەمی ٢٠٠٩، دیارە وەك توێژینەوەکانی ناوەندەکانی فیکر و لێکۆڵینەوە جەختی لەسەر دەکەن، جارێکی دیکە رۆڵ و پێگەی ئەمریکا ناگەڕێتەوە بۆ پێش ساڵی ٢٠٠٩ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵکو پێویستە سەرلەنوێ نەخشەیەکی تازە بۆ ستراتیژیەت و سیاسەتی ئەمریکا دابڕێژدرێت بۆ ئەوەی لەسەر بنەمایەکی نوێ رۆڵ و پێگەی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بونیاد بنرێتەوە، بۆ عێراقیش بە هەمان شێوەیە دەبێت ئەمریکا دەستبەرداری سیاسەتی یەك عێراق بێت و لە چوارچێوەی ستراتیژیەکی تازەدا مامەڵە لەگەڵ بەشە جیاوازەکانی عێراق لە قۆناخی پۆست داعشدا بکات. ئەمەش راشکاوانە ئەو راستیەمان دەخاتە بەرچاو، کە گرفتی سەرەکیی عێراق ئەوە نییە کە نوری مالیکی بگۆڕێت بۆ حەیدەر عەبادی، یان پشتگیری حەیدەر عەبادی بکرێت بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنی داهاتوودا جارێکی دیکە بکرێتەوە بە سەرۆك وەزیران، بەڵکو گرفتی سەرەکیی عێراق وەك ستراتیژیەتی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەیە کە بارودۆخەکە بە جۆرێك گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە کە ناتوانرێت بە سیاسەت و ستراتیژیەتی کۆن مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و کاتێکیش سەرۆك بارزانی دەڵێت: شەراکەتی راستەقینە لە عێراقدا کۆتایی هات و تەنیا رێگە سەربەخۆیی کوردستانە، ئەوە مانای ئەوەیە دەبێت هەموو لایەك بە ئەقڵییەتی تازە مامەڵە لەگەڵ ئەم واقیعە تازەیە بکەن. ئەمریکییەکان زۆر شانازی بە مێژووی شۆڕشەکەی خۆیان دەکەن، بۆیە دەبێت لە پرانسیپی شۆڕشەکەی خۆیانەوە سەیری سەربەخۆیی کوردستان بکەن، کاتێك شەراکەتی راستەقینە کۆتایی پێهات، بێجگە لە جیابوونەوە سەربەخۆیی رێگەچارەیەکی دیکە بوونی نییە.

### ● دەوڵەتی کوردستان دەروازەی یەکەم بۆ گەڕانەوەی رۆڵ و پێگەی رۆژئاوا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

لەوانەیە پێداگریی بیرێت ماکگۆرك نوێنەری سەرۆکی ئەمریکا بۆ شەڕی دژی داعش لەسەر مانەوەی عێراق بە یەکپارچەیی، بۆ دوو خاڵی گرنگ بگەڕێتەوە:

١. سەرکەوتنی ستراتیژیەتی ئیدارەی ئۆباما لە شەڕی دژی داعش، پاش ئەوەی داعش هێرشی کردە سەر کوردستان لە دوای مانگی ئابی ٢٠١٤.

٢. مانەوەی ئەم دیپلۆماتکارە لەهەمان پۆستی خۆی لە ئیدارەی تازەی ترەمپدا.

ئەم دووخاڵە هەم بۆ ماکگۆرك وەك دیپلۆماتکارێك و هەمیش بۆ پارتی دیموکراتی ئەمریکا گرنگە، بەتایبەتی کە گواستنەوەی ئەمجارەی دەسەڵات لە پارتی دیموکراتەوە بۆ پارتی کۆماری لە ئەمریکا، وەك سەرۆك ترەمپ لە گوتاری دەستبەکاربوونی وەك سەرۆك ئاماژەی پێکردو گوتی: ئەمجارە دەستاودەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵات نییە لە نێوان دوو پارتدا، بەڵکو گێڕانەوەی دەسەڵاتە لە واشنتۆنەوە بۆ هەموو گەلی ئەمریکا، ئەمەش مانای ئەوەیە لەدوای کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانییەوە، ئەمە یەکەمجارە لە پرۆسەی دەستاودەستکردنی دەسەڵات لەنێوان هەردوو پارتی کۆماری و دیموکراتی، جیاوازییەکی هێندە گەورە هەبێت و سەرۆکی هەڵبژێردراو هەموو بوارەکانی سیاسەتی ئیدارەی پێش خۆی بە هەڵە بزانێت و سەرلەنوێ سیاسەتی تازە دابڕێژێتەوە، بۆیە لەناو ئەو جیاوازییە گەورەی سیاسەتی دیموکراتەکان و کۆمارییەکان لەسەر هەموو شتێك، تەنیا شتێك کە هەتا ئێستا سەرۆك ترەمپ نەیگۆڕیوە، درێژەدانە بە ستراتیژیەتی کۆتایی ساڵی ٢٠١٤ی ئیدارەی ئۆباما بۆ شەڕی دژی داعش، لەمەش زیاتر تەنانەت ئەو دیپلۆماتکارەشی نەگۆڕیوە کە نوێنەرایەتی سەرۆکی ئەمریکای لەم شەڕەدا کردووە، بۆیە لە رووی سایکۆلۆژی و سایکۆپۆلیتیك-یشەوە، بێگومان ماکگۆرك ئەوە بە شانازی بۆ خۆی و پارتی کۆماری دەزانێت کە ئەم ستراتیژە سەرکەوتنی بەدەست هێناوە. بەڵام ئەم تەنیا خاڵەش کە لە دوو ئیدارەی ئۆبامادا وەك خاڵێکی سەرکەوتوو هەژمار دەکرێت، ئایا بەبێ سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە و تێکشکاندنی داعش لەسەر دەستی پێشمەرگە بوونی دەبوو؟ بێگومان نەخێر و تەنانەت دوای ئەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێشڕەوییەکانی داعشی

**تەواوی دەوڵەتانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە گێڕانەوەی رۆڵ و شکۆی رۆژئاوا بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دەوڵەتی کوردستانەوە دەست پێ دەکات**

**ئامانجی بارزانی ئەوەیە کوردستان وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ بەشێک بێت لە تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش، نەک هۆکارێک بێت بۆ ئەوەی تەرکیز لەسەر شەڕەکە کەم بکاتەوە، لەمەش زیاتر هێزی پێشمەرگەی کوردستان تەنیا هێز بووە لەسەر زەوی تیرۆریستانی داعشی تێکشکاندووە شایەنی ئەوەیە شانازیی راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستانی پێ ببەڕدێت**

راگرت و دەستی بە هێرشی پێچەوانە کرد بۆ ئازادکردنەوەی ناوچەکانی زوممار و سەدەی موسڵ، ئەوجا ئەمریکا بە تەواوەتی گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەو هێزەیە کە دەتوانێت ئەفسانەی تیرۆریستانی داعش بەتاڵ بکاتەوە، هەر لەم چوارچێوەیەدا زۆر گرنگە ئاماژە بە هەنگاوێکی دیکەی سەرۆك ئۆباما بکەین لە سووریا بەگشتی و لە شەڕی ئازادکردنەوەی کۆبانێ، بێگومان هەموو جیهان دەزانیت کە سەرۆك ئۆباما لەساڵی ٢٠١١ تا کۆتایی ٢٠١٤ نەیتوانیوە هیچ بڕیارێك بۆ سووریا پەسەند بکات، تەنانەت لە ٢٠١٣ هەموو تاقیگەکان سەلماندیان کە رژێمی ئەسەد چەکی کیمایی دژی هاووڵاتیانی سڤیل بەکار هێناوە، ئەوجا سەرۆك ئۆباما نەیتوانی بڕیار بدات و گورزێك لە رژێمی ئەسەد بوەشێنێت، بەڵام کاتێك سەرۆك بارزانی بڕیاری دا هێزی پێشمەرگەی کوردستان بنێرێتە کۆبانێ، لەبەر ئەوەی ئۆباما دڵنیا بوو کە چوونی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ ئاراستەی شەڕەکە لە دژی داعش پێچەوانە دەکاتەوە، خۆی هاتە سەرخەت و بە تەلەفۆن تەکلیفی لە رەجەب تەیب ئەرۆدگان سەرۆکی تورکیا کرد، بەوەی دەبێت هێزی پێشمەرگە بەناو خاکی تورکیا بچێتە کۆبانێ و کۆبانێ لە کەوتن رزگار بکرێت، بۆیە دەبوو ماکگۆرك کە نوێنەری شەڕی دژی داعشە، ئەو راستییەی لەبەر چاو بوایە، تەنیا سەرکەوتنێك لە دوو ئیدارەی لەسەر یەکی دیموکراتەکان کە بەدەست هاتووە، بەهۆی قارەمانیەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە بووە، دەبوو ئەوەی لەبەر چاوبگرتایە کە سەرکەوتنی تەواوەتی لە شەڕی دژی داعش بەندە بەوەی کوردستان ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و تیکەڵی عێراق نەکرێتەوە.

پسپۆڕان و سیاسەتسازانی ئەمریکا، لەگەڵ ئەوەی جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە بەوەی پێویستە ئیدارەی ترەمپ درێژە بە هەمان ستراتیژیەتی کۆتایی ساڵی ٢٠١٤ی ئیدارەی ئۆباما بدات بۆ درێژەدان بە شەڕی دژی داعش، لەمەشدا مەبەستیان ئەوەیە بەردەوام بێت لە بەهێزکردنی هاوبەشە لۆکاڵەکەی کە هەرێمی کوردستانە (Local partner)، لە هەمانکاتدا پێویستە ئەولەوییەتی خۆی لە شێوازی درێژەدان بە شەڕەکە و کۆتایی پێهێنانی بگۆڕێت.

لەسەر ئەم گۆڕانکارییەی کە پێویستە ئیدارەی ترەمپ لە ستراتیژیەتی خۆی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگۆڕێت، هەردوو توێژەر مایکل دۆڕەن و پیتەر رەف لە توێژینەوەیەکیاندا بە ناونیشانی (دەبێت ئەمریکا بۆ داهاتوو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست چی بکات؟) کە لە ئامۆژگای هەدسۆن بڵاوکراوەتەوە، هەردووکیان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، پێویستە ئەمریکا لەنێوان ئەم سێ بژارەدا باشترینیان هەڵبژێرێت:

١. یان دەبێت ئەمریکا هێزی تەواو بنێرێتە ناوچەکەو خۆی راستەوخۆ شەڕەکە بکات و سەرکەوتوو بێت.

٢. یان دەبێت پشت بە هاوپەیمانەکانی ببەستێت و بەهێزیان بکات.

٣. یان ئەوەیە دەبێت وەك ئیدارەی ئۆباما پشت بە ئێران و رووسیا ببەستێت.

سەبارەت بەم سێ خاڵە پێشنیاری ئەو پسپۆڕانە ئەوەیە کە ئیدارەی ترەمپ بە تەواوەتی لە بژارەی سێیەم دوور بکەوێتەوە و هەوڵبدات کە هەردوو بژارەی یەکەم و دووەم کە بوونی هێزی راستەوخۆی ئەمریکایە لەگەڵ پشتبەستن بە هاوپەیمانەکانی وەك بژارەیەکی سەرکەوتوو بۆ بردنەوەی شەڕی دژی داعش، ئەمەش واتە بردنەوەی شەڕەکە بەشێوەیەکی سەربازی و پاشان رێکخستنەوەی ناوچەکە لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی سیاسیی سەرکەوتوودا.

ئەم دیراسەتە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کاتێك ترەمپ بووە سەرۆکی ئەمریکا، شەڕی موسڵ دەستی پێکردبوو، بەڵام رێڕەوی سەرکەوتنەکانی شەڕەکە هەر هەموو بەو ئاراستەیە بوو کە ببێتە دەستکەوتێکی بەلاش بۆ ئێران، هەر بۆیە ئیدارەی ترەمپ هەوڵیدا پرۆسەکە خاوبکاتەوە بۆ ئەوەی رێگەیەکی دیکە بدۆزێتەوە کە ئاکامی شەڕەکە بۆ بەرژەوەندی ئێران تەواو نەبێت، ئەم گۆڕانکارییە لە شەڕی ئازادکردنەوەی تەلەعفەر رەنگدانەوەی هەبوو، پێشبینی دەکرێت لە شەڕی ئازادکردنەوەی حەویجە زیاتر بەرجەستە ببێتەوە.

ئەم گۆڕانکارییە ئەوەمان پیشاندەدا، کە ئیدارەی ترەمپ لە درێژەدانی بە شەڕەکە بۆ کۆتاییهێنان بە داعش و باڵادەستی و نفووزی ئێران لە ناوچەکەو لغاوگیرکردنی ئەو هێزانەی حەشدی

**کۆنگرێسی ئەمریکا هەر لە سەرەتای ساڵی٢٠١٥وە گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە پێڕەوکردنی سیاسەتی یەک عێراق لەلایەن ئیدارەی ئەمریکاوە، دەبێتە هۆکاری ئەوەی خۆری بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاوا بێت**

**ئیدارەی ترەمپ لە درێژەدانی بە شەڕەکە بۆ کۆتاییهێنان بە داعش و باڵادەستی و نفووزی ئێران لە ناوچەکەو لغاوگیرکردنی ئەو هێزانەی حەشدی شەعبی کە بەوەکالەتی ئێران شەڕدەکەن، پێویستی بەوەیە کە زیاتر پشتگیری هەرێمی کوردستان بکات و هێزی خۆیشی لەو ناوچانە جێگیر بکات کە دەبنە هاوسنوور لەگەڵ کوردستاندا**

**کاتێک سەرۆک بارزانی بڕیاری دا هێزی پێشمەرگەی کوردستان بنێرێتە کۆبانێ، لەبەر ئەوەی ئۆباما دڵنیا بوو کە چوونی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ ئاراستەی شەڕەکە لە دژی داعش پێچەوانە دەکاتەوە، خۆی هاتە سەرخەت و بە تەلەفۆن تەکلیفی لە ڕەجەب تەیب ئەرۆدگان سەرۆکی تورکیا کرد، بەوەی دەبێت هێزی پێشمەرگە بەناو خاکی تورکیا بچێتە کۆبانێ و کۆبانێ لە کەوتن ڕزگار بکرێت**

**حەیدەر عەبادی هاتە سەر میراتە شکستخواردووەکەی نوری مالیکی کە سێیەکی خاکی عێراق لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە داگیرکرابوو، پاشانیش عێراقی عەرەبی بە ناوچەکانی عەرەبی شیعە و سوننەوە بووە خاکێکی بە پیت بۆ گەشەکردنی رادیکاڵیزمی ئیسلامیی سوننە و شیعە و بوار بۆ بیرکردنەوە لە پێکەوەژیان و دووبارە ڕێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسی نەمایەوە**

شەعبی کە بەوەکالەتی ئێران شەڕدەکەن، پێویستی بەوەیە کە زیاتر پشتگیری هەرێمی کوردستان بکات و هێزی خۆیشی لەو ناوچانە جێگیر بکات کە دەبنە هاوسنوور لەگەڵ کوردستاندا.

کەواتە ئەوەی ماکگۆرك ئامانجیەتی ئەوەیە کە شەڕی داعش لە عێراقدا لە چوارچێوەی ئەو ستراتیژە کۆتایی پێبهێنێت کە ئیدارەی ئۆباما بۆ شەڕی دژی داعش دایڕشتبوو، بەڵام ستافی ئیدارەی ترەمپ کە بەشی زۆری ئەوەی پەیوەندیدارن بە سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر عێراق و شەڕی دژی تیرۆر لە عێراقدا، لەو ستافەی ئیدارەی ئۆباما بە شێوەیەکی مەیدانی شارەزاترن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئامانجی ئیدارەی ئۆباما کۆتاییهێنان بوو بە شەڕی عێراق، بەڵام ئامانجی ئیدارەی جۆرج دەبلیو بوش، سەرکەوتن بوو لەعێراقدا، بۆیە ئەو ستافەی ئێستا لە رووی سیاسی و سەربازییەوە لە ئیدارەی ترەمپ کاردەکەن زۆر لە ستافەکەی ئۆباما باشتر لە گرنگی و بایەخی کوردستان بۆ سەرکەوتنی شەڕەکە تێدەگەن و هەرگیز گرەو لەسەر ئەوە ناکەن کە سیاسەتی یەك عێراق وەك سیاسەتێکی نەگۆڕ سەیربکەن.

دیارە کۆنگرێسی ئەمریکا هەر لە سەرەتای ساڵی٢٠١٥وە گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە پێڕەوکردنی سیاسەتی یەك عێراق لەلایەن ئیدارەی ئەمریکاوە، دەبێتە هۆکاری ئەوەی خۆری بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاوا بێت، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش بوو کە لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٥ کۆنگرێس پرۆژە یاسایەکی ئامادەکرد کە راستەوخۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان پڕچەك بکرێت و لەمەش زیاتر کۆنگرێس داوای لە ئیدارەی ئەمریکی کرد بەوەی پێویستە ئەمریکا راستەوخۆ چەك بە کوردستان بفرۆشێت، پاشان کە لە ئایاری ٢٠١٥ سەرۆك مسعود بارزانی و شاندی یاوەری سەردانی کۆشکی سپی کرد و لەگەڵ سەرۆك ئۆباما کۆبوونەوە، سەرۆك ئۆباما بە شەخسی داوای لە سەرۆك بارزانی کرد کە رازی بن بەوەی کە لە ڕێگەی بەغداوە چەك بگاتە دەستی پێشمەرگە، دیارە سەرۆك بارزانی لە وەڵامی سەرۆك ئۆبامادا راشکاوانەی ئەوەی پێ ڕاگەیاندبوو، لە ئێستا پێشمەرگە پێویستی بە



چەکە، گرنگ ئەوەیە چەکەکان بگاتە دەستی پێشمەرگە، ئەوجا راستەوخۆ بێت، یان بە ڕێگەی بەغدا بێت، لەسەر ئەم هەڵوێستەی سەرۆك بارزانی، مایکل نایتس توێژەری باڵای کاروباری ئاسایش و سەربازی لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراسەتی رۆژهەڵاتی نزیك، لە وتارێکیدا کە لە ماڵپەڕی هەمان ئامۆژگا بڵاوی کردۆتەوە، ئەوەی نووسیبوو، بارزانی بەم هەڵوێستەی توانی چەك بۆ پێشمەرگە دابین بکات و ئیدارەی ئۆباماش لە ئیحراجییەکی گەورە رزگار بکات.

لە پێکەوە گرێدانەوەی ئەم گۆڕانکارییانەی لە میانەی شەڕی داعش لە پێگە و ڕۆڵی کوردستان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دروست بووە،



راستە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بۆ ئێمەی خەڵکی کوردستان، وەك بەرهەمی سەدان ساڵەی خەبات و قوربانیی نەتەوەیەك و سەدان هەزار شەهید سەیری دەکەین و مافی خۆمانە دوای ئەو هەموو نەهامەتی و قوربانیدانە ببینە خاوەنی دەوڵەتی خۆمان، بەڵام ئەگەر لە روانگەی بەرژەوەندییەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتییەوە سەیری بکەین، ئەوا دەوڵەتی کوردستان پێداویستییەکە بۆ ستراتیژیەتی سەرکەوتنی شەڕی دژی داعش و گێڕانەوەی سەقامگیری بۆ قۆناخی پۆست داعش، بەڵام وەك بیرنارد هنری لیڤی لە دوایین وتاریدا سەبارەت بە سەربەخۆیی کوردستان نووسیویەتی و گۆڤاری فۆرین پۆلیسی لە فەرەنسییەوە کردوویەتی بە ئینگلیزی و بڵاوی کردۆتەوە، بەراوردێك لە نێوان هەڵوێستێکی شارل دیگۆڵ لە شەڕی دووەمی جیهانی دەکات، کە ئەولەوییەتی ئەوکاتی هێزەکانی هاوپەیمانان تێکشکاندنی نازی بووە، نەك ئازادکردنەوەی پاریس، بەڵام شارل دیگۆل لە روانگەی بەرژەوەندیی فەرەنساوە ئەولەوییەتی هاوپەیمانانی گۆڕی بۆ ئازادکردنەوەی پاریس، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەم شانازییە بە فەرەنسیەکان ببرێت، بۆیە بیرنارد هنری لیڤی ئەم هەنگاوەی سەرۆك مسعود بارزانی وەك هەمان هەنگاوی شارل دیگۆل بەراورد دەکات و پێمان دەڵێت: راستە ئەولەوییەتی ئێستای هاوپەیمانی دژی داعش،



## 25 ئەیلوول

## بەڵێ بۆ کوردستان

**راستە لە ئێستادا ئەولەوییەتی ئیدارەی ترەمپ بۆتە تێکشکاندنی داعش، بەڵام شەڕی دژی داعش بۆتە هۆکاری هەژموون و باڵادەستی و مەترسیی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ناوچەکە و لەسەر هاوپەیمانەکانی ئەمریکا، بۆیە ئەگەر ئیدارەی ترەمپ بیەوێت سنوورێک بۆ هەژموونی کۆماری ئیسلامی دابنێت و دووبارە متمانە بۆ هاوپەیمانەکانی بگێڕێتەوە، ئەوا هەوڵی زۆر زیاتر لە شەڕی دژی داعشی پێویستترە**

**ئیدارەی سەرۆک ئۆباما ستراتیژیەتی خۆتێوەنەگلاندن و کشانەوەی بە ئاستێکی زۆر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پیادە کرد، ئەمەش بووە هۆکاری لەدەستدانی سەرکەوتنەکانی سەرۆک جۆرج بوش لە عێراقدا، دروستبوونی گۆمی خوێن لە سووریا و سەرهەڵدانی داعش و پشتگوێ خستنی هاوپەیمانەکانی ئەمریکا و بەهێز بوونی هەژموونی کۆماری ئیسلامی لەناوچەکەدا**

تێکشکاندنی داعشە، بەڵام ئەولەوییەتی مسعود بارزانی راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستانە بۆ ئەوەی ئەم شانازییە بە خەڵکی کوردستان ببڕێت.

لەم بەراوردەی هنری لیڤی ئەوە دەخوێندرێتەوە، چۆن یەکێك لە ئامانجەکانی هاوپەیمانان لە شەڕی دووەمی جیهاندا بێگومان دوای تێکشکاندی نازی رزگارکردنی فەرەنسا بووە، بەڵام لای شارل دیگۆل رزگارکردنی فەرەنسا پێش تێکشکاندنی نازیەت بووە، ئەمەش مانای ئەوەیە دیگۆل نەیویستووە ئازادکردنەوەی فەرەنسا ببێتە ئاستەنگ بۆ تێکشکاندنی نازیەت، بەڵکو ئامانجی ئەوە بووە، فەرەنسای ئازادیش بەشدار بێت لە تێکشکاندنی نازیەت، نەك تێکشکاندنی نازیەت وەك دەرەنجام فەرەنسا ئازاد بێت و هیچ شانازیەکی بۆ گەلی فەرەنسا تیا نەبێت، لە ئێستاشدا کە سەرۆك مسعود بارزانی بە هاوشێوەی دیگۆل دەیەوێت سەربەخۆیی کوردستان بکاتە ئەولەوییەت وەك هاوپەیمانێك لەناو شەڕی دژی داعشدا، بێگومان ئامانجی بارزانی ئەوەیە کوردستان وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ بەشێك بێت لە تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش، نەك هۆکارێك بێت بۆ ئەوەی تەرکیز لەسەر شەڕەکە کەم بکاتەوە، لەمەش زیاتر هێزی پێشمەرگەی کوردستان تەنیا هێز بووە لەسەر زەوی تیرۆریستانی داعشی تێکشکاندووەو شایەنی ئەوەیە شانازیی راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستانی پێ ببڕدرێت.

ئەم پێکەوە گرێدانەوەی رزگاکردنەوەی فەرەنسا لە شەڕی دووەمی جیهانی و سەربەخۆیی کوردستان لە شەڕی دژی داعش، ئەوەمان پێدەڵێت، تەواوی دەوڵەتانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە گێڕانەوەی رۆڵ و شکۆی رۆژئاوا بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دەوڵەتی کوردستانەوە دەست پێ دەکات، بەڵام جیاوازیی نێوان ستراتیژیەتی بارزانی و ستراتیژیەتی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش تەنیا ئەوەندەیە، هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی ئەوەی کردووە بە ئەولەوییەت کە شەڕی دژی داعش کۆتایی بێت و سەربەخۆیی کوردستان ببێتە ئاکامی شەڕەکە، بەڵام بارزانی وەك دیگۆل دەیەوێت شانازیی راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان بە گەلەکەی خۆی بدرێت.

### ● کۆماری فیدراڵی کوردستان جیهان پێشوازی لە دەوڵەتی پێشمەرگە دەکات

ورە و بوێریی سەرۆك مسعود بارزانی سات لە دوای سات دڵنیایی و ئومێدی زیاتر بە تەواوی گەلی کوردستان و پێکهاتە جیاوازەکانی دەبەخشێت، ئەمەش وایکردووە چەند لە رۆژەکانی دوایی هەڵمەتەکانی ریفراندۆم نزیك ببینەوە، تەواوی خەڵکی کوردستان بە یەکڕیزی و یەکدەنگیی زیاترەوە بێنە ناو پرۆسەکە و زیاتر جۆش و خرۆشی جەماوەری کوردستان و رەوەندی کوردستانی سەرنجی تەواوی جیهان رادەکێشێت.

لایەنێکی دیکەی بەڕێوەچوونی پرۆسەی ریفراندۆم، دووپاتکردنەوەی چەند زاراوەیەکی تازەن لەناو سیاسەتی جیهانیدا کە بەفەرمی ئاراستەی کوردستان دەکرێت، ئەو زاراوانەش بریتین لەوەی (کاتی ریفراندۆم گونجاو نییە، یان ئەولەوییەتی ئێستای هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعشە)، لەماوەی نزیکەی ئەم سێ مانگەی کە هەڵمەتی پرۆسەی ریفراندۆم بەڕێوە دەچێت، خەریکە خەڵکی کوردستان تەواو تەواو لەم دوو زاراوە تازەیەی ناو سیاسەتی جیهانی بەرامبەر کوردستان تێدەگەن و گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی بەوەی پێویستە ئەولەوییەتی کوردستان وەك بەشێك لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش، هاوشێوەی ئەولەوییەتی تەواوی دەوڵەتانی ناو هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بێت، بەڵام ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە ئەوەیە کە راشکاوانە ئەوە دەرکەوتووە کە ئەولەوییەتی بارزانی بۆ سەربەخۆیی لەگەڵ ئەولەوییەتی هاوپەیمانان بۆ تێکشکاندنی داعش هاودژی دروست ناکات، بەڵکو جۆرێك لە هەندێك لێکدانەوەی کورتمەوەدادا، جۆرێك لە ئیشکالییەت دروست دەکات، ئەمەش بەو مانایەی ترس لەوە هەیە راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان، تەرکیزی کوردستان لە شەڕی دژی داعش کەمتر بکاتەوە، هەستکردن بەم ترسە لەلایەن هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بەگشتی و ماکگۆرك بەتایبەتی دەکرێت بە رۆڵی بەهێزی کوردستان لە شەڕی دژی داعش بخوێندرێتەوە و دانپێدانانە بەوەی کە کوردستان توانی ئەفسانەی داعش بەتاڵ بکاتەوەو تەنانەت لە ئازادکردنەوەی موسڵ وەك پایتەختی خەلافەتی داعش، دیسان ئەوە پێشمەرگە بوو دەروازەکانی خەلافەتی ئیسلامی تێکشکاندو

پاشان بە نزیکەی ٩ مانگ ئینجا سوپای عێراق و حەشدی شەعبی لەژێر چەتری فڕۆکەکانی هاوپەیمانانـدا توانییان موسڵ ئازاد بکەنەوە، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا هاوپەیمانان کە دەڵێن کاتی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان نییە، ترسی ئەوەیان کە خەڵکی کوردستان و هێزی پێشمەرگە دوای راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان، بایەخیان لەسەر شەڕی دژی تیرۆریستانی دژی داعش کەم ببێتەوە، بەمەش ئاراستەی سەرکەوتنەکان بەرەو خاوبوونەوە بچن.

بۆ روونکردنەوەی ئەم لایەنە کە لەوانەیە لای زۆربەی دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژی داعش وەك خۆی روون و ئاشکرا نەبێت، راشکاوانە کارەساتی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ بەبیر هەموو لایەك دەهێنینەوە، کاتێك سەرۆك جۆرج دەبلیو بوش لە یەکەمین پەیامیدا دوای ئەو کارەساتە بە جیهانی راگەیاند، دەبێت هەموو جیهان هەڵوێستی خۆی یەکلایی بکاتەوە، یان ئەوەیە دەبێت بەشێك بێت لەبەرەی دژی تیرۆر، یان وەك بەشێك لە بەرەی تیرۆر سەیر دەکرێت، لە وەڵامی ئەم پەیامەی سەرۆك بوشدا، سەرۆك بارزانی بە بۆنەی ٤٠ ـەمینساڵیادی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولەوە پەیامێکی راگەیاندو وەڵامی کوردستانی بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دایەوە، بەوەی گەلی کوردستان لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ شەڕی خۆی دژی تیرۆریستان راگەیاندووە و چل ساڵ پێش کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی شەڕی تیرۆر دەکات و لەو پێناوەشدا بە دەیان هەزار قوربانی داوە. دیارە ئەم پەیامەی سەرۆك بارزانی کە ١٣ساڵ پێش سەرهەڵدانی داعش راگەیەندراوە، جارێکی دیکە لە ئابی ٢٠١٤ بە کردەیی پیادەکرا و پێش ئەوەی دەوڵەتانی جیهان لە چوارچێوەی هاوپەیمانییەکدا بۆ شەڕی دژی داعش بەرەیەك دروست بکەن، بارزانی بە تەنیا لە کوردستانەوە شەڕی (مان و نەمانی) دژی تیرۆریستانی داعش راگەیاند و هەر لە کوردستانیشەوە ئەفسانەی تیرۆریستانی داعش بەتاڵ کرایەوە. ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر لە ساڵی ٢٠٠١ سەرۆك جۆرج دەبلیو بۆش بە جۆرێك لە زمانی هەڕەشە جیهانی بۆ بەرەی دژی تیرۆر کۆکردبێتەوە، ئەوا سەرۆك بارزانی لە ئابی ٢٠١٤ بە بڕیاری بوێرانە و بە جوامێری پێشمەرگە قارەمانەکان جیهانی بۆ شەڕی دژی داعش و کۆتاییهێنانی تیرۆریستان لە کوردستان کۆکردەوە.

بۆیە گرنگە دەوڵەتانی هاوپەیمانیی نیودەوڵەتی دژی داعش، ئەو ترسە لەدڵی خۆیان دەربکەن و لەوە دڵنیابن کە بڕیاری کوردستان بۆ شەڕی دژی تیرۆر، بڕیارێکی خۆڕسکانەی ئیرادەو ویژدانی گەلی کوردستانە بە تەواوی پێکهاتە جیاوازەکانیەوە، هەروەها شەرعیەتی راگەیاندنی شەڕی تیرۆر لە سەنگەری پێشمەرگەوە وەردەگرێت و چاوەڕێی بڕیاری نێودەوڵەتی ناکات، هەر بۆیە ئەگەر ئیرادەی سەرۆکی کوردستان و هێزی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان بەبێ بوونی سوپایەکی بەهێزی مۆدێرن و چەکی پێشکەتوو و مەشق و راهێنانی سەربازییانەی سەردەمییانە، لەو ئاستە بێت، تەنیا بە ئیرادەی خۆی بڕیاری شەڕی مان و نەمان دژی تیرۆریستان بدات، ئەوا کاتێك ئەم گەلە قارەمانە دەبێتە خاوەنی دەوڵەت و سوپا و چەکی پێویست، ئەوا دەبێتە سەرمەشقی نەك تەنیا تێکشکاندنی تیرۆریستان، بەڵکو لە ریشە هەڵکێشانی فیکری تیرۆر لە تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

ماوەتەوە بڵێین، تاجی سەرکەوتنی شەڕی دژی داعش و لە ریشە هەڵکێشانی فیکری توندڕۆیی ئیسلامی، بە دەوڵەتی کوردستان دەگاتە مەنزڵ، بۆیە وەك بیرمەندان لە پێناسەی ئەو دەوڵەتەی دەبێتە هۆکاری تێکشکاندنی تیرۆریستان و لە ریشە هەڵکێشانی فیکری تیرۆر ئاماژەیان پێکردووە، ئەوا دەوڵەتێك دەتوانێت تیرۆر لەناو ببات کە سوپایەکی بەهێزی هەبێت وەك پێشمەرگە لەسەر زەوی تیرۆریستان تێکبشکێنێت، سەرۆکێکی هەبێت وەك بارزانی کە بتوانێت پێکەوەژیان و لێبووردەیی لەنێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان دروست بکات، هەر دەوڵەتێك ئەم دوو تایبەتمەندییەی تێدا بێت، دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خۆی ببێتە مامان بۆ لەدایکبوونی، نەك خۆی بکاتە ئاستەنگ بۆ لەباربردنی.

لەماوەی ساڵانی ٢٠١٤ – ٢٠١٧، لەو کەوانەیەی پێی دەگوترێت کەوانەی تیرۆر لە پاکستانەوە درێژ دەبێتەوە بۆ نەیجیریا، بێجگە لە کوردستان هیچ دەوڵەتێك ئەو دوو تایبەتمەندییەی تێدا نییە کە کوردستان هەیەتی، بۆیە دەبێت هەموو جیهان پێشوازی لە کۆماری فیدراڵی کوردستان بکات، وەك دەوڵەتی پێشمەرگەو نیشتمانی پێکەوە کۆکردنەوەی جیاوازییە نەتەوەیی و ئایینەکان.

**لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە کۆتایی ٢٠١١ لە عێراق، حکومەتی نوری مالیکی کۆتایی بە شەراکەتی راستەقینە هێناوە، زیاد لەمەش هۆکاری سەرهەڵدانی داعش و پاشانیش داگیکردنی موسڵ و راگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی لە عێراق و سووریا، دەرهاویشتەی ئەو سیاسەتە هەڵانە بووە کە حکومەتی نوری مالیکی دژی کورد و سوننەی عەرەب پیادەی کردووە**

**بارزانی راشکاوانە لە هەموو پەیامەکانیدا جەخت لەسەر یەک خاڵی جەوهەری دەکاتەوەو ئەم خاڵەش بە پرسیارێک ئاراستەی خۆی و گەلەکەی دەکات و دەپرسێت: بۆچی بڕیاری ریفراندۆممان دا و سەربەخۆیی بە تەنیا رێگە چارە دەزانین؟ هەر خۆی وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە و پێمان دەڵێت: لەبەر ئەوەی عێراقی نوێ لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ لەسەر بنەمای شەراکەتی راستەقینە بونیاد نرایەوەو ئێستا ئەو شەراکەتە راستەقینەیە شکستی هێناوەو بێجگە لە سەربەخۆیی رێگەچارەی دیکە نییە**



دەڤید فیلیپس بەڕێوەبەری پرۆگرامی بنیادنانی ئاشتی و مافەکانە لە ئامۆژگای دیراساتی مافەکانی مرۆڤ لە زانکۆی کۆلۆمبیا، پێشتریش وەك راوێژکاری باڵا لە سکرتاریەتی نەتەوە یەکگرتووەکان کاری کردووە، هەروەها وەك شارەزای کاروبارە دەرەکییەکان و وەك راوێژکاری باڵا لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کاری کردووە. لە میانەی دیمانەیەکدا، گوڵان چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد کە پەیوەست بوون بە پرسی چارەنووسسازی ریفراندۆمی سەربەخۆییەوە (کە وا بڕیارە ٢٥ی ئەم مانگە لە هەرێمی کوردستاندا ئەنجام بدرێت)، هەروەها ئاکام و کاریگەرییەکانی دروستبوونی دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ لەسەر ناوچەکە و هەڵوێستی ئەمریکا لەم رووەوە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار، ئەویش بەم شێوەیە گوزارشتی لە بیروبۆچوونەکانی کرد.





**دەیڤید فیلیپس**

**بەڕێوەبەری پرۆگرامی بنیادنانی ئاشتی و مافەکان لە زانکۆی کۆلۆمبیا بۆ گوڵان:**

# داوا لە حکومەتی ئەمریکا دەکەم وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ ئیعتیراف بە کوردستان بکات

## کوردستانی سەربەخۆ دەبێتە فاکتەرێک بۆ ئاشتی لە ناوچەکەدا، ئەوەش دەبێتە هۆی برەودان بە بەرژەوەندییە نەتەوەیی و ئەمنییەکانی ئەمریکا

*** وەك نووسەری کتێبی- بەهاری کوردی، نەخشەی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست- و وەك داکۆکیکارێکی سەرسەختی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، ئایا هەست و بیروبۆچوونەکانت چین کاتێك بە خێرایی لە وادەی ئەنجامدانی ریفراندۆم نزیك دەبینەوە کە بڕیارە لە ٢٥ی ئەم مانگەدا ئەنجام بدرێت؟**

- بە هۆی ڕێککەوتنی لۆزان-ەوە کورد دووچاری نادادییەکی مێژوویی بۆوە. ئێستا ساتەوەختی ئەوەیە کە ئەو نادادییە ڕاست بکرێتەوەو کوردی عێراق مومارەسەی مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ یەکلاکردنەوەی ئایندەی سیاسیی خۆیان بکەن. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا کورد سەربەخۆیی دەوێت، یان دەیەوێت وەك بەشێك لە عێراق بمێنێتەوە، کە دەوڵەتێکی عەرەبی شکستخواردووە.

*** کەواتە دەتوانین بڵێین ئەمە ساتەوەختێکی چارەنووسساز و هەستیارە لە مێژووی خەباتی**



## 25 ئەیلوول

## بەڵێ بۆ کوردستان

**کوردستانی سەربەخۆ دەبێت رێکاری تایبەت بگرێتەبەر بۆ پاراستن و پەرەپێدانی مافی کەمینەکانی لە کوردستانی عێراقدا. بەڕێز پارێزگاری کەرکووک نەجمەدین کەریم خۆی پابەند کردووە بە پاراستن و پەرەپێدانی مافی کەمینەکانەوە. پێویستە سەرجەم دانیشتووانی عێراق بەهرەمەند بن لە سایە و سێبەری سەربەخۆییدا**

**کوردستانی سەربەخۆ فشار لەسەر دەوڵەتە دراوسێکان دروست دەکات بۆ ئەوەی ببنە دەوڵەتی دیموکراسی، ئەمەش کاریگەری ئیجابی دەبێت لەسەر ئاشتی و گەشەکردن و سەقامگیری**

**رەنگە بەرپرسە بیرۆکراتەکان لە واشنتۆن هاوڕا نەبن لەم ساتەوەختەدا، بەڵام دواتر ئەوان دەگەنە ئەو قەناعەتەی کە سەربەخۆبوونی کوردستانی عێراق خزمەت بە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ئەمریکا دەکات**

**کورداو خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگیشە لە مێژووی ناوچەکەدا؟**

- لە راستیدا نادادییە مێژووییەکە لە دژی تێکڕای کورد ئەنجام درا. ئەوە پەرەسەندنێکی ئیجابییە کە کوردی سووریا قەوارەیەکیان دروست کردووە بە ناوی رۆژئاڤا و لەسەر ئاستی مەحەلی ئارامی و ئاسایشیان پاراستووە و هەڵدەستن بە دەستەبەرکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ کۆمەڵگەکەیان. پێویستە کوردی ئێرانیش خاوەنی خۆبەڕێوەبەرێتییەکی گەورە بێت بۆ ئەوەی بتوانێت هەڵبستێت بە بەڕێوبردن و هەڵسووڕاندنی کاروبارە کەلتووری و سیاسییەکانی. لەلایەکی دیکەوە، رێگای تورکیا بۆ ئەورووپا بەهۆی هەڵسوکەوتە خۆسەپێنییەکانی سەرۆك ئەردۆغانەوە بەربەستی هاتۆتەبەردەم. دەبێت کوردی تورکیاش بڕیار بدات: ئایا خوازیاری مانەوەن وەك بەشێك لە تورکیا، کە دەوڵەتێکی مەرکەزی دژ بە ئەمریکا و دژ بە رۆژئاوایە، یاخود دەیانەوێت هەوڵی گرتنەبەری بەدیلی دیکە بدەن، وەك فیدراڵیزم یان (خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی) بۆ هێنانەدی مافە سیاسی و کەلتوورییەکانیان.

*** لە پەیوەندی بە پرسی سەربەخۆییەوە، کورد وا هەست دەکات کە جگە لە کارکردن بۆ سەربەخۆیی رێگاچارەیەکی دیکەی لەبەردەمدا نییە، تێڕوانینی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

- کوردی عێراق هەست دەکات ناچارە کە رێگای سەربەخۆیی بگرێتەبەر لەبەر ئەوەی عێراق بەربەستێك بووە لەبەردەم بەدیهێنانی خەون و ئاواتەکانی کورددا. ئەگەر عێراق دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی جێبەجێ بکردایە و بە نیازپاکییەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ کورد بکردایە، ئەوا رەنگە بارودۆخەکە جیاواز بووایە. بەڵام عێراق هەرگیز دەستوورەکەی جێبەجێ نەکرد. کەواتە ئێستا ساتەوەختی ئەوەیە کە کورد وەك بەشێك لە عێراق هەڵسەنگاندن بۆ ئایندەی خۆی بکات و بڕیار بدات ئایا دەیەوێت سەربەخۆ بێت، یان وەك بەشێك لە دەوڵەتێکی عەرەبی شکستخواردوو بمێنێتەوە.

*** کەواتە حکومەتی عێراق رێگری کردووە لەوەی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا مومارەسەی مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی بکات، بەو پێیە کورد مافی ئەوەی هەیەو پاساوی بەهێزی هەیە کە مومارەسەی مافی بڕیاردانی چارەنووس بکات بە مافی جیابوونەوە و سەربەخۆبوونیشەوە؟**

- ئەوە راستە. ئەگەر عێراق وەك هاوبەشێکی یەکسان مامەڵەی لەگەڵ کورد بکردایە و ئەگەر فیدراڵیزمی جێبەجێ بکردایە، ئەوا بارودۆخێکی جیاواز لە ئارادا دەبوو. بەڵام لەبەر ئەوەی هەمیشە عەرەب لە عێراقدا وەك هاوولاتییەکی پلە دوو مامەڵەیان لەگەڵ کورددا کردووە، ئەوا کورد ناچارە کە پێداگیری لەسەر سەربەخۆیی بکات.

*** هەروەك دەزانن لە ماوەی پێشوودا هەرێمی کوردستان شاندێکی رەوانەی بەغدا کرد بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ بەرپرسەکانی بەغدا، ئایا ئەمە هەنگاوێکی ژیرانەیە و ئایا ئێوە هانی ئەنجامدانی گفتوگۆی زیاتر دەدەن لەگەڵ بەغدا؟**

- لە کۆتاییدا دەبێت بەغدا و هەرێمی کوردستان گفتوگۆ لەسەر چۆنیەتی جیابوونەوەیەکی دۆستانە بکەن. پێویستە ئەوان گفتوگۆ لەسەر هەلومەرجەکانی جیابوونەوە بکەن. لە راستیدا چارەسەرێکی سەربازی بۆ کێشەکە لەئارادا نییە. کەواتە ئەنجامدانی گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا و کارکردن و هاوکاریکردن بە ئاراستەی بەدیهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ هەنگاوێکی بەرپرسیارانەیە.

*** بەڵام هەروەك دەزانن بێ متمانەییەکی قووڵ هەیە لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی مەرکەزی عێراقدا، بە رادەیەك دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین کە کورد ناتوانێت رەزامەندیی بەغدا بەدەست بهێنێت و دەکرێت بڵێین جیابوونەوە و سەربەخۆیی کوردستان لە دەرئەنجامی گفتوگۆ بەدەست نایەت، کەواتە راسپاردەی چی دەکەیت و پێتوایە پێویستە کورد چی بکات؟**

- من هاوڕا نیم لەگەڵ ئەمەدا، باوەڕم وایە هەرێمی کوردستان و بەغدا بەرژەوەندیی هاوبەشیان هەیە لەم جیابوونەوەیەدا. لە رێی گفتوگۆی سیاسییەوە، حکومەتی عێراق بەوە رازی دەبێت کوردستانی عێراق ببێتە دەوڵەتی سەربەخۆ و خاوەن سەروەری. لە بنەڕەتدا لە





بەرژەوەندیی هەردوولادایە کە لێك جیاببنەوە و هەڵبستن بە گۆڕینی بونیادی حوکمڕانی لە عێراقدا بۆ ئەوەی بوار بە کوردستانی عێراق بدرێت ڕێگای خۆی بگرێتەبەر.

*** بەڵام حکومەتی عێراق بە بەردەوامی ئاماژە بەوە دەکات کە هیچ بنەمایەکی دەستووری نییە بۆ ئەنجامدانی ئەم ریفراندۆمە، هەروەها پەرلەمانی عێراقیش ئەنجامدانی ریفراندۆمی ڕەتکردەوە و بە نادەستووری وەسفی کردو دەسەڵاتیدا بە سەرۆك وەزیران، وەك فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکان- بۆ گرتنەبەری هەموو ڕێککارێکی پێویست بۆ پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق؟**

- ئەگەر عێراق ڕاستگۆ بووایە لەبارەی دامەزراندنی سیستمێکی دەستوورییەوە ئەوا هەڵدەستا بە جێبەجێکردنی پابەندبوونەکانی بە گوێرەی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥. ئەوە جێبەجێنەکردنی دەستووره لەلایەن عێراقەوە کە بۆتە هۆی ئەوەی کوردستانی عێراق بەم قۆناغە بگات. کە چیتر متمانە لە ئارادا نەماوە لە پەیوەندییەکانی نێوان هەر دوولادا. کورد درێژە بە خەبات و تێکۆشانی خۆی دەدات بۆ سەربەخۆیی و لە کۆتاییدا عێراق بە سەربەخۆبوونی کوردستانی عێراق ڕازی دەبێت. کە لە بەرژەوەندیی عێراقیشدایە پەیوەندییەکی دراوسێیەتی باشی لەگەڵیدا هەبێت.

*** کورد ڕایگەیاندووە کە ڕاستەوخۆ دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم سەربەخۆیی ڕاناگەیەنێت، بەڵکو چاوەڕێی کات و سات و هەلومەرجی گونجاو دەکات، ڕاوبۆچوون و ڕاسپاردەی ئێوە چییە لەبارەی تەوقیتی سەربەخۆییەوە؟**

- ریفراندۆم بەشێکی پرۆسەکەیە. من ڕاسپاردەی ئەوەم کردووە کە ماوەی ساڵێك بوار بدرێت لە دوای ئەنجامدانی ریفراندۆمەکەوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر هەلومەرجەکانی جیابوونەوە لە بەغدا. ناکرێت گفتوگۆکان کراوە بن. بەڵکو دەبێت بە بڕیارێك بگەن. ئەگەر بەغدا بە مەرجەکان ڕازی بێت، ئەوا جیابوونەوەکە لە ڕێی ڕێککەوتنێکی دوولایەنەوە ئەنجام دەدرێت. ئەگەر هاتوو بەغدا سەربەخۆیی ڕەتکردەوە، ئەو کات دەبێت کوردستان هەنگاو بەرەوپێشەوە هەڵبگرێت و لە ماوەی یەك ساڵ لە دوای ریفراندۆمەکەوە سەربەخۆیی ڕابگەیەنێت.

*** چۆن لە ڕۆڵی ئەمریکا دەڕوانیت لەم ڕووەوە؟**

- لەم ساتەوەختەدا ئەمریکا بەرهەڵستی ئەوە دەکات کوردستان ڕێگای سەربەخۆیی بگرێتەبەر، بەڵام ئەمە گۆڕانکاری بەسەردا دێت، ئەمریکا شەراکەتی هەیە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، کە تەنیا لایەنی ئەمنی ناگرێتەوە، بەڵکو بوونی بەهای هاوبەش و پابەندبوون بە دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و حوکمڕانیی باش لە خۆدەگرێت، ئومێدەکە ئەوەیە ئەمانە ببنە بەردی بناغەی هاوکاری لە نێوان ئەمریکا و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان لە ئایندەدا.

*** کەواتە چاوەڕێی ئەوە دەکەیت ئەمریکا دەست لە سیاسەتی عێراقی یەکگرتوو هەڵگرێت وەك سیاسەتێکی کورتبین و ناکارا؟**

- سیاسەتی عێراقی یەکگرتوو چیتر سیاسەتێکی کارا نییە، بەتایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی قوربانییەکانی پێشمەرگە لە شەڕی دژ بە داعشدا. پێویستە ئەمریکا واقیعەکە بکاتە بناغەی سیاسەت و هەڵوێستەکانی. پێویستە بارودۆخەکە وەك خۆی ببینێت نەك وەك ئەوەی خۆی دەخوازێت وابێت. لە ئێستادا کوردستانی عێراق بە ئەمری واقیع دەوڵەتێکی سەربەخۆ و هاوبەشی ئەمریکایە.

*** لە یەکێك لە سیمینارەکاندا باس لەوە کرا کە لە کۆنفرانسێکی پارتی دیموکراتی کوردستاندا داوای کردنەوەی کۆنسوڵگەریی ئەمریکات کردووە، ئایا لە ئێستادا هەمان داواکاری دووبارە دەکەیتەوە، بەڵام ئەمجارەیان بۆ کردنەوەی باڵیۆزی ئەمریکا لە پایتەختی دەوڵەتی کوردستاندا؟**

- من ئامادەی کۆنفرانسێکی پارتی دیموکراتی کوردستان بووم، پێموایە ئەوە لە ساڵی ١٩٩٢دا بوو و، من داوای ئەوەم کرد با ئاڵای ئەمریکا لە هەولێر هەڵبدرێت. لەو کاتە خەڵکی منیان بە شێت لە قەڵەم دا، بەڵام ئەوەتا ئێستا ئاڵای ئەمریکا دەشەکێتەوە- لە هەولێر-. لە ئێستاشدا من داوا لە حکومەتی ئەمریکا دەکەم وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ ئیعتیراف بە کوردستان بکات. ڕەنگە بەرپرسە بیرۆکراتەکان

**کورد درێژە بە خەبات و تێکۆشانی خۆی دەدات بۆ سەربەخۆیی و لە کۆتاییدا عێراق بە سەربەخۆبوونی کوردستانی عێراق ڕازی دەبێت. کە لە بەرژەوەندی عێراقیشدایە پەیوەندییەکی دراوسێیەتی باشی لەگەڵیدا هەبێت**

**هەرێمی کوردستان و بەغدا بەرژەوەندیی هاوبەشیان هەیە لەم جیابوونەوەیەدا. لە ڕێی گفتوگۆی سیاسیەوە، حکومەتی عێراق بەوە ڕازی دەبێت کوردستانی عێراق ببێتە دەوڵەتی سەربەخۆ و خاوەن سەروەری**

**دەبێت بەغدا و هەرێمی کوردستان گفتوگۆ لەسەر چۆنیەتی جیابوونەوەیەکی دۆستانە بکەن. پێویستە ئەوان گفتوگۆ لەسەر هەلومەرجەکانی جیابوونەوە بکەن. لە ڕاستیدا چارەسەرێکی سەربازی بۆ کێشەکە لەئارادا نییە**



## 25 ئەیلوول

## بەڵێ بۆ کوردستان

**لەبەر ئەوەی هەمیشە عەرەبەکان لە عێراقدا وەک هاووڵاتییەکی پلە دوو مامەڵەیان لەگەڵ کورددا کردووە، ئەوا کورد ناچارە کە پێداگیری لەسەر سەربەخۆیی بکات**

**ئەگەر عێراق دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی جێبەجێ بکردایە و بە نیازپاکییەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ کورد بکردایە، ئەوا ڕەنگە بارودۆخەکە جیاواز بووایە. بەڵام عێراق هەرگیز دەستوورەکەی جێبەجێ نەکرد**

**بە هۆی ڕێککەوتنی لۆزان-ەوە کورد دووچاری نادادییەکی مێژوویی بۆوە. ئێستا ساتەوەختی ئەوەیە کە ئەو نادادییە ڕاست بکرێتەوەو کوردی عێراق مومارەسەی مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ یەکلاکردنەوەی ئایندەی سیاسیی خۆیان بکەن**

لە واشنتۆن هاوڕا نەبن لەم ساتەوەختەدا، بەڵام دواتر ئەوان دەگەنە ئەو قەناعەتەی کە سەربەخۆبوونی کوردستانی عێراق خزمەت بە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ئەمریکا دەکات.

*** کاریگەریی سەربەخۆبوونی کوردستان لە ڕووی سەقامگیرییەوە لەسەر تێکڕای ناوچەکە چییە؟**

- سەربەخۆبوونی کوردستانی عێراق دەبێتە هێزێکی ئیجابی بۆ گۆڕانکاریی دیموکراسی لە ناوچەکەدا. ئەمە نەك تەنیا کاریگەری لەسەر کوردی وڵاتانی دیکە دەبێت، بەڵکو لە هەمان کاتدا کوردستانی سەربەخۆ فشار لەسەر دەوڵەتە دراوسێکان دروست دەکات بۆ ئەوەی ببنە دەوڵەتی دیموکراسی، ئەمەش کاریگەری ئیجابی دەبێت لەسەر ئاشتی و گەشەکردن و سەقامگیری.

*** کەواتە هاوڕا نیت لەگەڵ ئەوانەی پێیانوایە پێداگیریی کورد لەسەر سەربەخۆیی سەردەکێشێت بۆ سەرهەڵدانی ناکۆکی و توندوتیژی زیاتر لەم ناوچە نائارامەدا؟**

- کوردستانی سەربەخۆ دەبێتە فاکتەرێك بۆ ئاشتی لە ناوچەکەدا، دەبێتە هۆی برەودان بە بەرژەوەندییە نەتەوەیی و ئەمنییەکانی ئەمریکا. زۆر گرنگە کە ئەمریکا بە ڕوونی بارودۆخەکە هەڵبسەنگێنێت و پشتیوانی لە مافی کوردی عێراق بکات بۆ ئەوەی مومارەسەی مافی بڕیاردانی چارەنووس بکات، کەواتە گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەت دەتوانێت خەونە دیموکراتی و نەتەوەییەکانی بهێنێتەدی.

*** بەڵام هەندێ کەس گوزارشت لە گومانی خۆیان دەکەن لەبارەی توانای دەوڵەتی کوردستان بۆ لەسەر پێڕاوەستانی خۆی و درێژەپێدانی خۆی، بۆچوونی ئێوە لەم بارەییەوە چییە؟**

- بە دڵنیاییەوە کوردستانی عێراق ڕووبەڕووی فشار دەبێتەوە لەلایەن دەوڵەتە دراوسێکانیەوە. سەربەخۆیی نادرێت، سەربەخۆیی دەبێت بەدەست بهێنرێت. بۆ ئەوەی ئەمە ڕووبدات، دەبێت کوردی عێراق بە ئیرادە و پابەندبوونەوە کار بکات بۆ زاڵبوون بەسەر ئاستەنگەکاندا. هەموو کوردێکی عێراق خەون بە سەربەخۆییەوە دەبینێت.

*** لە وەڵامەکانی پێشوودا باست لە پێشێلکردنی دەستووری ٢٠٠٥ کرد لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە، ئەمەش بە شێوەیەکی دیاریکراو ڕاستە لە پەیوەندی بە مادەی ١٤٠ی دەستوورەوە، بەم دواییەش ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك بڕیاری دا کە ئەو شارەش بەشداری لە ریفراندۆمدا بکات، چۆن لەم بڕیارە دەڕوانیت؟**

- کەرکووك بەلای کوردی عێراقەوە پیرۆزە. کەرکووك تەنیا بەهایەکی ڕەمزی نییە، بەڵکو گرنگییەکی یەکلاکەرەوەی هەیە بۆ کوردستانی عێراق. من قەناعەتم هەیە بەوەی کەرکووك ببێتە پایتەختی بازرگانی بۆ کوردستانی عێراق. سەرچاوە کانزاییەکانی ئامرازێك بۆ کوردی عێراق دەستەبەر دەکەن بۆ ئەوەی لە سەربەخۆیی بەهرەمەند بێت. گرنگە بۆ کوردی عێراق، کە کەمینەیە لە عێراقدا و لە ڕووی مێژووییەوە لەسەر دەستی بەغدا چەوسێندراوەتەوە. کوردستانی سەربەخۆ دەبێت ڕێکاری تایبەت بگرێتەبەر بۆ پاراستن و پەرەپێدانی مافی کەمینەکانی لە کوردستانی عێراقدا. بەڕێز پارێزگاری کەرکووك نەجمەدین کەریم خۆی پابەند کردووە بە پاراستن و پەرەپێدانی مافی کەمینەکانەوە. پێویستە سەرجەم دانیشتووانی عێراق بەهرەمەند بن لە سایە و سێبەری سەربەخۆییدا.

*** لە ئێستادا کورد ڕووبەڕووی فشارێکی زۆر بۆتەوە بۆ دواخستنی ریفراندۆم، ئایا زیانەکانی دواخستنی ریفراندۆم چین؟**

- نابێت ریفراندۆم دوا بخرێت. چونکە زیان بە میسداقییەتی هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت. سەربەخۆیی دروشم نییە، سەربەخۆیی هەم حاڵەتێکی هزری و هەم حاڵەتێکە کە بەدی دێت. کورد گوزارشتی لە پابەندبوونی خۆی کردووە بۆ ئەوەی سەربەخۆ بێت. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە هەنگاو هەڵبگرێت.

*** ئایا دەبێت خەسڵەتە سەرەکییەکانی بونیادی حوکمڕانی لە دەوڵەتی کوردستان چۆن بێت، یان ئایا دەبێت بنەما بنەڕەتییەکانی دەستووری دەوڵەتی کوردستان چی بن؟**

من دەستەواژەی ئازادی و ماف و دیموکراسیم لە کۆنفرانسەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢دا وتەوە. دەبێت ئەم بنەمایانە ببنە بناغەی دەوڵەتە سەربەخۆ نوێیەکە.



25 ئەیلوول

بەڵێ بۆ کوردستان



نووسینی: بێرنارد هێنری لیڤی

سەرچاوە: فۆرین پۆلیسی

# سەربەخۆیی کوردستان لای مسعود بارزانی

## وەک ئازادکردنەوەی فەرەنسایە لای شارل دیگۆل

دوودڵیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ئاست ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستاندا سێکۆچکەیەکە لە شوورەیی، بێمانایی و بەهەڵەداچوونی مێژوویی.

ئێمە باس لە خەڵکانێك دەکەین کە راگوێزراون، بە زۆر کراون بە عەرەب، کیمیاباران کراون و ناچارکراون روو لە چیاکان بکەن، بۆ سەدەیەك، بەرگری و بەرهەڵستییەکی بێوێنەیان تۆمار کردووە لە دژی دیکتاتۆرییەتێك کە بەغدا جار لە دوای جار سەپاندویەتی بەسەریاندا، ئەویش بەپێچەوانەی جوگرافیا و مێژووی هەزار ساڵەی کورد بووە.

ئەمە هەرێمێکە کە لە دوای رووخانی دەسەڵاتی سەدام حوسێن-ەوە خۆبەڕێوەبەری بەدەست هێناوە. ئەو هەرێمەی کاتێك شاڵاوی داعش لە ساڵی ٢٠١٤دا میزۆپۆتامیای وێرانکرد و سوپای عێراق خۆی ڕانەگرت و هەڵات، یەکەم لایەن بوو کە هەڵسا بە بەرپەرچدانەوە و بەرەنگاربوونەوەی. لەو کاتەوە بە درێژایی ٦٠٠ میل، کوردی عێراق بەگژ بەربەرییەکاندا چۆتەوە و کوردستان و عێراق و شارستانیەتە هاوبەشەکەمانی رزگار کردووە. هەروەها ئەوە کورد بوو کە لە سەروەختی شەڕی موسڵدا، دەستیان بە شەڕەکە کرد لە دەشتی نەینەوادا و دەروازەی شارەکەیان کردەوە، بەهۆی بوێریی ئەوانەوە بوو کە هاوپەیمانان گورزیان لە ناو جەرگەی داعش سرەواند.

بەڵام ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە پرسەکە یەکلا بکرێتەوە، ئەمریکا سەرسەختانە بەرهەڵستی ریفراندۆم دەکات، داوا لە کورد دەکات هێنانەدی خەونی سەربەخۆییان بۆ کاتێکی نادیار لە ئایندەدا دوابخەن. جیهان لەبری سوپاسکردنی کورد، بە گاڵتەجاڕییەکی ئاشکراوە پێیان دەڵێت: «دۆستانی کورد، داوای لێبووردنتان لێدەکەین، ئێوە زۆر سوودبەخش بوون لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری ئیسلامی، بەڵام چی بکەین کاتەکە بۆ ئێوە گونجاو نییە. ئێمە چیتر پێویستمان بە ئێوە نەماوە، کەواتە بۆچی نارۆنەوە بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆتان؟ دووبارە سوپاس، دەتانبینینەوە.»

دەوترێت ریفراندۆم دەبێتەهۆی کەمبوونەوەی تەرکیز لەسەر شەڕی هاوبەش دژ بە داعش و یەکتربڕە لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی عێراق کە بڕیارە لە ساڵی داهاتوودا بکرێت. بەڵام هەموو کەس

**کاتی ئەوە هاتووە جیهان ڕێز لە گەلی کورد بگرێت، هەروەک ئەوەی ئەوان ڕێزیان لە ئێمە گرت**

**ریفراندۆمی کوردستان بەکارهێنانی هێز نییە، بەڵکو ممارەسەکردنی مافە، بەجێهێنانی ئەرکە. ئەمە مەشخەڵێکی گرنگە بۆ گەلێکی مەزن کە بەخششێکی بێ ئەندازەی بە جیهان بەخشیوە**



## 25 ئەیلوول

## بەڵێ بۆ کوردستان

**ئێمە لەگەڵ میراتێکی بێمانای کۆڵۆنیالیدا مامەڵە دەکەین کە پێیوایە هەندێ کەس هەن هیچ کاتێک ئامادەی ئەوە نین خۆیان بەڕێوە ببەن، لەبەر ئەوەی وەک پێویست گەشەیان نەکردووە و کامڵ نەبوون**

**ئەوە کورد بوو کە لە سەروەختی شەڕی موسڵدا، دەستیان بە شەڕەکە کرد لە دەشتی نەینەوادا و دەروازەی شارەکەیان کردەوە، بەهۆی بوێریی ئەوانەوە بوو کە هاوپەیمانان گورزیان لە ناو جەرگەی داعش سرەواند**

**دوودڵیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ئاست ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستاندا سێکۆچکەیەکە لە شوورەیی، بێمانایی و بەهەڵەداچوونی مێژوویی**

دەزانێت، تەنیا ئەگەر خۆیان نەیانەوێت، کە لایەنی سەربازیی شەڕەکە بە رزگاربوونی موسڵ کۆتایی هات، کە ئەمەش بە زۆری بەهۆی کوردەوە هاتەدی. لەوەش زیاتر، کێ زەمانەتی ئەوە دەکات کە هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق لە کات و ساتی خۆیدا ئەنجام دەدرێت و دواناخرێت، هەروەك ئەوەی ئێستا ئێمە داوای دواخستنی لە کورد دەکەین؟

هەروەها دەڵێن سەربەخۆبوونی کوردستان زیان بە سەقامگیریی ناوچەکە دەگەیەنێت. هەروەك ئەوەی سووریا، کە بە دەست شەڕەوە گرفتارە و ئێران کە خەونە ئیمپراتۆرییەکانی زیندوو دەکاتەوە و عێراق کە لێکدەترازێت وەك قەوارەیەکی دەستکردی بەریتانی، کێ دەڵێت چەندەها جار مەترسیدارتر نەبن لە کوردستانێکی بچووکی عەلمانی و دیموکراسی و دۆستی رۆژئاوا کە پەرلەمانێکی هەڵبژێردراو و رۆژنامەگەرییەکی ئازادی هەیە!

بە هەمان شێوە دەوترێت، سەربەخۆیی دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر یەکپارچەیی خاکی ئەو چوار دەوڵەتەی (عێراق، ئێران، سووریا و تورکیا) کە کوردیان بەسەردا دابەش کراوە. هەروەك ئەوەی ئەو راستییەیان لەبەرچاو نەبێت، ئەو ریفراندۆمەی ئێستا تەنیا پەیوەستە بە کوردی عێراقەوە، کە هیچ تمووحێکیان نییە بۆ دروستکردنی کوردستانی گەورە لەگەڵ «خوشك و براکانیان» لە تورکیا و سووریا، کە سەرکردە مارکسییەکانیان لە رووی ئایدیۆلۆژییەوە لەگەڵ کوردی عێراقدا ناگونجێن.

بەڵام ئەی چ دەربارەی کاردانەوەی سوپای پاسدارانی ئێران؟ ئەی چی دەربارەی ئەو هەواڵانەی باس لە هەڕەشەی ئەرۆدغان دەکەن بۆ راگرتنی ئەو بۆرییانەی کە هەرێمی کوردستان بە جیهانی دەرەوە گرێ دەدات ؟ من باوەڕم بەوە نییە کە رۆڵی رۆژئاوا بریتی بێت لەوەی ببێتە بانگەشەکاری ئەو دوو دیکتاتۆرەی کە رقیان لە ئێمەیە، هەروەها من نازانم بۆچی ئێمە سەرزەنشتی دەوڵەتێك دەکەین لەسەر ئەوەی هەڕەشە و گوڕەشە لە دراوسێکەی دەکات هەروەك ئەوەی پیۆنگیانگ دەیکات، بەڵام ئێمە کارئاسانی بکەین، کاتێك ئەم کارە لەلایەن تاران و ئەنقەرەوە دەکرێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هیچ بیانوویەك ئەوەندە لاواز نییە کە بکرێتە پاساوێك بۆ ئەوەی داوای «دواخستن» بکەین. ئەمە وەك مۆتەکەی «ئۆرلیۆن» دەردەکەوێت، یان وەك «فیستیڤاڵی نیازخراپی»، کە تێیاندا سەرجەم پاساوەکان پێچەوانە دەبنەوە.

باشە چی دەبێت ئەگەر کورد بوونە هەرێمێکی خۆبەڕێوبەری پڕ لە ئاشتی و دیموکراسی، تەنانەت دوای ئەوەی کە سێ ساڵە بەغدا مووچەی پێشمەرگەی نەناردووە؟ دەبێت ئەمە بەس بێت، ئەو کەسانەی نێو وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کە بانگەشەی ئەوە دەکەن کەسانی شارەزان و ناتوانن لەوە تێبگەن کە بۆچی کورد دەیەوێت دوایین هەنگاوی خۆی هەڵبگرێت لە خۆبەڕێوبەرییەوە بەرەو سەربەخۆیی. ئایا چی دەبێت ئەگەر کورد کۆنترۆڵی نەوتی کەرکووك بکات؟ لەبری ئەوەی ئەمە وەك دەستکەوتێك لێکبدرێتەوە کە دەستەبەری داراییان بۆ دەکات بۆ پەرەپێدانی وڵاتە نوێیەکەیان، پێدەچێت چاودێران تەنیا بیر لەو چاوچنۆکییە بکەنەوە کە دەوڵەمەندی لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت.

هەروەها کاتێك هەردوو لایەنە سەرەکییەکە بۆ بەدەستهێنانی دەنگ کار دەکەن- کە لە هەر شوێنێکی دیکەدا ئەمە وەك کەلتوورێکی مەدەنی کۆماری تەندروست لێك دەدرێتەوە- ئەوا ئەمە بە چاندنی تۆوی دووبەرەکی و ناکۆکی راڤە دەکرێت.

ئێمە لەگەڵ میراتێکی بێمانای کۆڵۆنیاڵیدا مامەڵە دەکەین کە پێیوایە هەندێ کەس هەن هیچ کاتێك ئامادەی ئەوە نین خۆیان بەڕێوە ببەن، لەبەر ئەوەی وەك پێویست گەشەیان نەکردووە و کامڵ نەبوون. ئەمەش تراژیدیاییەکە دوچاری ئەو گەلانە بۆتەوە، هەروەك چارلس دیگۆل دەیوت (کە دەیزانی لە کوێیەوە قسە دەکات) کە دۆستیان نییە. بەڵێ، بەڵێ خزمەتەکە بەجێگەیەنرا، بەڵێنی تەم ومژاوی درا، کاتێك ئێمە پێویستمان پێتان بوو و کاتێك تەنیا ئێوە بەربەست بوون لەبەردەم ئێمە و بەربەرییەکاندا، ئێستاش کە سەروەختی بەدیهێنانی بەڵێنەکانمانە، ئەوا خۆدزینەوە دەست پێدەکات «کاتەکە خراپە»، «ئەمە بەشێك نییە لە پلانەکە»، «جیهان کارنامەی خۆی هەیە و بەداخەوەین کە پێتان دەڵێین ئێوە بەشێك نین لە کارنامەکە» و.. هتد.

من لە کۆتایی شەڕی بۆسنەدا و ٢٠ ساڵ پێش ئێستا بارودۆخێکی هاوشێوەم بینی. کاتێك فەیلەقی ٧ی سوپای سەرایڤۆ لە سەروەختی نەك تەنیا رزگارکردنی بۆسنیای ئابلۆقە دراودا بوو، بەڵکو نزیك بوو لە یەکخستنی وڵاتەکەش، ئەویش بە ناچارکردنی ئاژاوەچییە سربییەکانی سەر بە رادۆڤان کارادزیچ و سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ بۆ



خۆبەدەستەوەدان و هێنانەئارای ئاشتی و دادپەروەری. بەڵام ئەمریکا ئەم کارەی راگرت. بە سەرپەرشتی باڵیۆز ریتچارد هۆلبرۆك، ئەمریکا لە بنکەی هێزی ئاسمانی رایت-پاتێرسۆن، لە دایتۆن، نزیك ئۆهایۆ لایەنی دەستدرێژکار (سربیا) و ناوبژیوان (کرواتیا) و قوربانی (بۆسنیا)ی کۆکردەوە. هەڕەشە لە قوربانییەکە کرا کە ئەگەر ملکەچ نەبێت، ئەوا بۆ چارەنووسی خۆی جێدەهێڵدرێت-کەوا بێت بۆسنیای دۆستی رۆژئاوا دابەشکرا و کرایە قوربانیی ئاشتییەك کە رێککەوتنی لەسەر کرا، بەڵام بە چەشنێکی ئەوەندە لاواز دارێژدرا کە تا ئێستاش بە لەرزۆکی ماوەتەوە.

ئومێدەکە ئەوەیە کە رێوشوێنی هاوشێوە نەگیرێتەبەر کە هەمان دەرئەنجامی تاڵی لە حاڵەتی کوردستاندا لێبکەوێتەوە. هیوادارم رزگاربووانی دەستی هێرشی کیمیای سەددام حوسێن لە هەڵەبجە بە گوڕ و تینەوە بەرهەڵستی ترساندنی سەرجەم ئەو لایەنانە بکەن کە ئاواتی خێریان بۆ دەخوازن. بە ئومێدی ئەوەی ژەنەراڵ دیگۆلیان لەیاد بێت کە لە هاوینی ساڵی ١٩٤٤دا پلانی هاوپەیمانە ئەمریکی و بەریتانییەکانی رەتکردەوە و لەبری ئەوەی رازی بێت بەوەی راستەوخۆ بەرەو ئەڵمانیا پێشڕەوی بکەن، پێداگیری کرد لەسەر ئەوەی سەرەتا دەبێت پایتەختەکەی رزگار بکرێت، بەو پێیە پشکی لە سەرکەوتنی هاوپەیمانەکاندا بەرکەوت.

ریفراندۆمی کوردستان بەکارهێنانی هێز نییە، بەڵکو مومارەسەکردنی مافە، بەجێهێنانی ئەرکە. ئەمە مەشخەڵێکی گرنگە بۆ گەلێکی مەزن کە بەخششێکی بێ ئەندازەی بە جیهان بەخشیوە. لە رابردوودا ئەوان ئەو کەسانە بوون کە جوولەکەکانیان رزگار کرد، لە رۆژگاری ئێستادا، ئەوان پێشمەرگەیان بە ئێمە بەخشیوە، کە هەڵساون بە رزگارکردن و لە ئێستاشدا پاراستنی دوایین ئەو مەسیحییانەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ماونەتەوە و بۆ چەندین سەدەش ئەوان کانگای ئیسلامی رۆشنگەر بوون کە خەڵوەتکێشانی نهێنی و رۆحییان کەمتر نییە لە تووڕەییان لە گۆڕەپانی شەڕدا، کە ئەمەش باشترین و کاراترین کاردانەوەیە لە بەرامبەر نەفرەتی ئیسلامی رادیکاڵدا. کاتی ئەوە هاتووە جیهان رێز لە گەلی کورد بگرێت، هەروەك ئەوەی ئەوان ڕێزیان لە ئێمە گرت.



25 ئەیلوول

بەڵێ بۆ کوردستان

# بە کۆتاهاتنی شەراکەتی نیشتمانی لە عێراقدا

کاتێ بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان گوزارشتی لە خۆشی و بەختەوەریی بە رووخانی رژێمی بەعس کرد، پێیوابوو عێراقێك لەسەر بنەمای شەراکەت و هاوبەشیی راستەقینە بونیاد دەنرێتەوەو ئیدی ئەو مێژووە تاڵە دووبارە نابێتەوە، بەڕێزیان قوربانیی بە دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی دا لەپێناو دەوڵەتێکی مەدەنی و دیموکراسیدا، چونکە ئامانجی بنەڕەتیی لەپشت ئەو هەموو خەباتە ئەوە بوو کە هاوولاتیانی کوردستان لە ژیانێکی خۆش و ئاسوودەو ئاشتییانەو سەقامگیردا بژین، دوور لە شەڕو ململانێ، بارزانی پێیوابوو کە ئەم دەرفەتە گونجاوە بۆ ئەو ئامانجەی کە گەلی کوردستان لە عێراقی تازەدا بیهێنێتەدی. بارزانی چەند مانگێك لە بەغدا مایەوە وێڕای ئەو مەترسییەی کە لەسەر ژیانی هەبوو، دوو لە پاسەوانەکانی لە ئەنجامی بۆردومانی زۆنی سەوز شەهید بوون، بەشداربووانی پرۆسەی سیاسیی توانییان دەوڵەتێکی تازەی عێراقی دابمەزرێنن و چاکترین دەستوور لە مێژووی عێراق بنووسنەوە، تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی کە لاپەڕەی پێشوو لوول بدرێت و لاپەڕەیەکی تازە بکرێتەوە، رووخانی رژێمی بەعس دەرفەتێکی زێڕین بوو بۆ پەندوەرگرتن لە مێژووی پڕ لە کارەسات و مەینەتیی جاران، بەڵام بەداخەوە هەر ئەوەندەی سیاسەتوانانی شیعە هاتنە نێو پرۆسەی سیاسییەوە و دەسەڵاتیان وەرگرت، کەوتنە سەر خێرو خۆشیی و پارەو سامان و یەکسەر رابردوویان لەبیرکرد، ئەو دۆست و هاوڕێیانەیان لەبیرکرد کە ئەوانیان گەیاندە دەسەڵات، کێشەی عەقڵییەتی عێراقی لەوەدایە کە بە ئاشتەوایی دەسەڵات دەگرنەدەست و لە خۆشگوزەرانیدا لەدەستی دەدەن و لە بەهێزیشدا لەخۆبایی دەبن، لە ناخۆشی و کارەساتیشدا مرۆڤ بۆیان دەگری و سکی پێیان دەسووتێت، ئەوان بەر لە گەیشتن بە دەسەڵات هەر بەم شێوەیە بوون.

زانراویشە کە کوردستان ئەوکات نیمچە سەربەخۆیەك بوو، دەمانتوانی نەچینە بەغدا و دەوڵەتی سەربەخۆ رابگەیەنین، جارێکی دیکە هەڵەیەکی ستراتیژیمان کرد کە چووینە بەغدا، لە هاتنەپاڵ عێراقدا زۆرمان زیان پێگەیشت، ئەوەی لە کوردستان بەدەستمان هێناوە بە شەراکەتیی بەغدا نەبووە، بەڵکو بە هەوڵی گەلی کورد و سەرکردایەتیی کورد بووە بە تەنیا، ئەگەر ئەو کاتە دەوڵەتمان رابگەیاندایە ئێستا لە ریزی دەوڵەتانی پێشکەوتوو دەبووین، بەتایبەتیش کە کوردستان توانایەکی لەبن نەهاتوو و عەقڵییەتی رۆشن و کادیری بەتواناو سامانێکی زۆری سرووشتیی هەیە، لەوەش گرنگتر ئینتیمای بەهێز بۆ ئەو خاکە، ئەمەش لە شەڕی دژ بە داعشدا بە ئاشکرا دەرکەوت. لەگەڵ شەریکەکانماندا رێککەوتین کە بەیەکەوە کاربکەین بۆ بنیادنانی عێراقێکی تازە لەسەر بنەمای مەدەنی و دەستووری و دیموکراسیی تەوافوقی، بەڵام بەداخەوە عەقڵییەتی دەسەڵاتخوازیی تاکڕەوەیی زاڵ بوو بەسەر عەقڵییەتی تەوافوقی، ئەنجامەکەشی ئەو هەموو قەیران و کارەساتانە بوو، تا کار گەیشتە

■

**ئەو چەکانەی لەلایەن دەوڵەتانی رۆژئاواوە بۆ پێشمەرگە تەرخان کرابوون بەسەر حەشدی شەعبیدا دابەشکران، لەگەڵ ئەوەی کە پێشمەرگە داعشیان تێکشکاند، سەیر ئەوەیە کە حەشدی شەعبی بەم دواییە بە بڕیارێکی شیعە دامەزرا هەرچەندە کوردو سوننە رەتیانکردەوە**

■

**راستییەکان دەریانخست کە بەغدا نیازی پاک نییە، متمانەی نێوانمان هەرەسی هێناوە، ئەوا چوار ساڵە کوردستان بودجەی لێبڕاوە، هیچ مەرجەعێکی ئایینی نەهاتە بەینەوەو هیچ سیاسەتوانێکی عێراقیش قسەی لێ نەکرد**





د.عەرەفات کەرەم ستونی*
بۆ گوڵان نووسیویەتی



ئەوەی کە ئەو عەقڵییەتە هەڕەشە لە کوردستان بکات بە ئەنجامدانی هێرشێکی فراوان، بەڵام شکستی هێنا، چونکە ئەوەی لەو بەهێزتر بوو واتە (رژێمی بەعس) نەیتوانی چۆك بە گەلی کوردستان دابدات، کاتێ ئەو عەقڵییەتە زانی کە هەڕەشەی سەربازی بێسوودە، پەنای بردە بەر هەڕەشەی بژێوی، ئەوە بوو بودجەی کوردستانی لە ٢٠١٤ بڕی و پشتی لە دەستوور کرد، کە تا ئێستاش هەر بەردەوامە.

ئەوەی مەبەستمە ئەوەیە کە ئایا تا ئێستا بارزانی ئومێدی ئەوەی ماوە ئەو دەوڵەتە لەسەر بنەمای شەراکەت و هاوبەشی راستەقینە بونیاد بنرێتەوە؟ بێگومان نەخێر. هەست بە نامۆیی راستەقینە دەکات دوای ئەو هەموو سیاسەتە چەوتانەی حکومەتەکانی دوای رووخانی رژێمی بەعس دەرحەق بە گەلی کوردستان ئەنجامیان دا.

جیاوازیی نێوان عێراق و دەوڵەتانی فیدراڵ و دیموکراسی ئەوەیە کە عێراق بۆتە تەگەرە لەبەردەم پەرەپێدانی گەلی کوردستان، لەگەڵ ئەوەی کە بەشێکە لە عێراق، بەڵام دەوڵەتانی فیدراڵ و دیموکراسی هانی بەشەکانی دیکە دەدەن تا پێشبکەون لە هەموو بوارێکدا، هەندێ لە سیاسەتوانانی عێراق گەیشتنە ئەوەی کە بڵێن کوردستان لەسەر حیسابی بەسرە پێشکەوتووە، هەرچەندە پرسی پەرەپێدانیی ئاوەدانی پەیوەست نییە بە زۆریی سامانی سرووشتییەوە، بەڵکو پەیوەستە بەو عەقڵییەتەی کە وڵات بەڕێوەدەبات، ئەگەر کوردستان لەسەر حیسابی بەسرە پێشکەوتبێت، ئەدی بۆچی بەسرە پێش نەکەوت کە بڕبڕەی پشتی ئابووریی عێراقە؟ لەگەڵ ئەوەشدا بەدەم برسێتیی و هەژاریی و کاولکارییەوە دەناڵێنێت، ئایا کوردستان هۆکاری دواکەوتنی بەسرەیە؟ یان عەقڵییەتی پاوانخوازیی هۆکاری کاوڵکاریی و وێرانیی ئەو شارەیە؟

دوای تێپەڕبوونی ١٤ ساڵ دەسەڵاتدارنی شیعە لە بەڕێوەبردنی وڵات شکستیان هێنا، بۆیە پێویستە گۆڕەپانەکە بەجێ بهێڵن، لەوانەش بەتایبەتی حزبی دەعوە کە نوێنەری فەرمیی ئیسلامی سیاسیی شیعە، ئەگەر بمانەوێ عێراق لەو تەنگژەیە رزگاربکەین، ئەوا پێویستە بوار بدەینە عەقڵییەتە دیموکراسیخوازو مەدەنییەکان تا وڵات بەڕێوەبەرن، گەلی کوردستان ئەو قۆناغەی تێپەڕاندووە ناگەڕێتەوە خاڵی سەرەتا، واتا سەرلەنوێ گفتوگۆکردن بۆ بەدیهێانی شەراکەتی نیشتمانیی راستەقینە، چونکە ماوەی پێشوو بەس بوو بۆ ئەمە، بەڵام راستییەکان دەریانخست کە بەغدا نیازیان پاك نییە، متمانەی نێوانمان هەرەسی هێناوە، ئەوا چوار ساڵە کوردستان بودجەی لێبڕاوە، هیچ مەرجەعێکی ئایینی نەهاتە بەینەوەو هیچ سیاسەتوانێکی عێراقیش قسەی لێ نەکرد، تەنانەت هیچ دەوڵەتێکیش بە وشەیەکیش بێت نقەی دەرنەهات، کاتێکیش ئێمە کاتمان بۆ ریفراندۆم دیاریکرد، هەموو مەرجەعییە ئایینییەکان و سیاسەتمەداران هاتنەدەنگ، دەوڵەتانیش هاتنە ناوەوە، لەگەڵ ئەوەی کە پێویستە لە کاتی پێشێلکردنی دەستوور قسە بکرێت، نەك لە کاتی پیادەکردنی پرۆسەیەکی

**دوای تێپەڕبوونی ١٤ ساڵ دەسەڵاتدارنی شیعە لە بەڕێوەبردنی وڵات شکستیان هێنا، بۆیە پێویستە گۆڕەپانەکە بەجێ بهێڵن، لەوانەش بەتایبەتی حزبی دەعوە کە نوێنەری فەرمیی ئیسلامی سیاسیی شیعە**

**جیاوازیی نێوان عێراق و دەوڵەتانی فیدراڵ و دیموکراسی ئەوەیە کە عێراق بۆتە تەگەرە لەبەردەم پەرەپێدانی گەلی کوردستان، لەگەڵ ئەوەی کە بەشێکە لە عێراق، بەڵام دەوڵەتانی فیدراڵ و دیموکراسی هانی بەشەکانی دیکە دەدەن تا پێشبکەون لە هەموو بوارێکدا**



# 25 ئەیلوول

## بەڵێ بۆ کوردستان

**ئەوەی لە کوردستان بەدەستمان هێناوە بە شەراکەتیی بەغدا نەبووە، بەڵکو بە هەوڵی گەلی کورد و سەرکردایەتیی کورد بووە بە تەنیا، ئەگەر ئەو کاتە دەوڵەتمان رابگەیاندایە ئێستا لە ریزی دەوڵەتانی پێشکەوتوو دەبووین**

**ریفراندۆم موڵکی هەموو میللەتە، موڵکی حزبێک، یان سەرکردەیەکی سیاسی نییە، بۆیە نابێت خۆمان بە شتی لاوەکییەوە خەریک بکەین بۆ پەکخستنی ریفراندۆم، چونکە ئەم دەرفەتە و ئەم ریفراندۆمە پەیوەستە بە چارەنووس و خەونی گەورەی میللەتێکەوە کە سەدان ساڵە چاوەڕوانی بەدیهێنانی ئەو خەونە دەکات**

**کێشەی عەقڵییەتی عێراقی لەوەدایە کە بە ئاشتەوایی دەسەڵات دەگرنەدەست و لە خۆشگوزەرانیدا لەدەستی دەدەن و لە بەهێزییشدا لەخۆبایی دەبن، لە ناخۆشی و کارەساتیشدا مرۆڤ بۆیان دەگری و سکی پێیان دەسووتێت، ئەوان بەر لە گەیشتن بە دەسەڵات هەر بەم شێوەیە بوون**

دیموکراسی و دەستووری وەك ریفراندۆم، لەوەش سەیرتر ئەو چەکانەی لەلایەن دەوڵەتانی رۆژئاواوە بۆ پێشمەرگە تەرخان کرابوون بەسەر حەشدی شەعبیدا دابەشکران، لەگەڵ ئەوەی کە پێشمەرگە داعشیان تێکشکاند، سەیر ئەوەیە کە حەشدی شەعبی بەم دواییە بە بڕیارێکی شیعە دامەزرا هەرچەندە کوردو سوننە رەتیانکردەوە، لە کاتێکدا پێشمەرگە مێژوویەکی درێژی هەیەو سوپایەکی نیشتمانی پێکدەهێنێت، بەپێچەوانەی حەشدی شەعبی کە سوپایەکی ئایدیۆلۆژیی تایفەیەکی دیاریکراوە، مەبەست لەم سیاسەتە ستەمکارانەش ئەوە بوو تا گەلی کوردستان لە دژی سەرکردایەتی و حکومەتی کوردستان هەستێتەوە، بەڵام ئەو پیلانە چەپەڵانە شکستیان هێنا، ئایا دەکرێ بگەڕێینەوە بۆ دیالۆگ لەپێناو شەراکەتێکی نیشتمانی؟ بە بڕواوە دەڵێم: شەراکەتی نیشتمانی لە عێراق کۆتایی هاتووەو ئێستا کاتی ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستانە، چونکە بێهوودەیە لەگەڵ کەس یان لایەنێك گفتوگۆ بکەیت کە پیلانی بۆ لێدانی شەراکەت گێڕابێت، دوای سەرپێچیکردن لە پەنجا ماددەی دەستووری، لە سەروویانەوە برینی بودجە و قووتی خەڵکی کوردستانە، کە هاووڵاتی هەژار لێی زەرەرمەند بووە، بەڵام گەلی کوردستان خۆڕاگر بووە و پشتیوانیی لە سەرکردایەتیی خۆی کردووە بۆ گەیشتن بە کەناری ئارام، کە بریتییە لە سەربەخۆیی.

ئەگەر قوربانیمان بە دەوڵەتی نەتەوەیی خۆمان دابێت لەپێناو دیموکراتیدا، ئەوا ئێمە ئامادە نین قوربانی بە دەوڵەتی نیشتمانی بدەین لەپێناو دەوڵەتێکی ئایدیۆلۆژیدا، دەوڵەتی کوردستانیش بە دڵنیاییەوە دەبێتە نموونەیەکی سەرکەوتووی دیموکراسیی و مەدەنی و مافی مرۆڤ و پێکەوەژیانی نێوان ئایین و نەتەوەو ئایینزاکان، بەڵگەش ئەوەیە کە هەرێمێك بووین و توانیشمان ئەو چەمکە بێنینەدی، ئەدی ئەگەر بووینە دەوڵەتێکی سەربەخۆ ئەو کاتە بەرپرسیارێتیمان زیاتر دەبێت، تواناشمان بەهێزتر دەبێت.

دیارە ریفراندۆم دوا رێگەچارەیە لەگەڵ عێراقدا، بێگومان کە بەغدا هانی داوین ئەم بژاردەیە بگرینەبەر، ئەگەر بمانتوانیبایە شەراکەتی راستەقینە لەگەڵ عێراق بێنینەدی، رەنگە بیرمان لە سەربەخۆیی نەکردبایەتەوە، هەرچەندە ئەمە مافێکی رەوای گەلانە، رەتکردنەوەی ئەو مافەش پێچەوانەی عەقڵ و لۆژیك و یاساکانی نێودەوڵەتی و پرەنسیپەکانی هەموو ئایینەکانە، چونکە سەربەخۆیی دەرگایەکی ئازادییە، ئازادیش بەبێ جیاوازی مافی هەموو گەلانە، هیچ گەلێك کەرامەتی پارێزراو نابێت، ئەگەر لە ئیرادەو بڕیاریدا ئازاد نەبێت، بۆیە گەلی کوردستان ئازادەو دەیەوێت بە ئازادی پەنا بۆ ریفراندۆم ببات، کە ئەوەش پیادەکردنێکی دیموکراسییە، ئەوەی بڕوای بە دیموکراسی هەبێت ناتوانێت ببێتە ئاستەنگ لەبەردەم ئەو پرۆسەیە، بەڵام ئەوەی بڕوای پێی نەبێت، ئەوا ئاساییە کە دژی ئەم پڕۆسە دیموکراسییە بوەستێتەوە، چونکە بڵاوبوونەوەی پرەنسپەکانی دیموکراسی دەوڵەتانی ئایینی و سیاسی لە رەگەوە دەهەژێنن.

هەستکردن بە ئینتیما بۆ عێراق لای گەلی کوردستان کۆتایی هاتووە، نەك لەبەر ئەوەی گەلی کوردستان ئەو ئینتیمایەی نەهێشتووە، بەڵکو لەبەر ئەوەی لایەنی حوکمڕان کۆتایی پێ هێناوە، چۆن داوا لەگەلی کوردستان دەکەن ئینتیمای بۆ عێراق هەبێت لەکاتێکدا هەڕەشەی لەناوبردنتان لێکردو رزقتان بڕی و مووچەو چەك و تەقەمەنیتان لە پێشمەرگە قەدەغەکرد، خەڵکەکەشتان دژی سەرکردایەتی و حکومەتەکەی هان دا؟ دوای ئەوەی گەلی کوردستان بەسەر هەموو ئەو تەحەددیانەدا زاڵبوو ئەستەمە بگەڕێتەوە باوەشی نەیارەکەی، ئەگەر پرسیار لە هەر هاووڵاتییەکی کوردستانی بکەیت، نایەوێت ئینتیمای بۆ عێراق هەبێت، لە زۆر نموونەدا، وەك یاریی تۆپی پێی نێوان عێراق و دەوڵەتێکی دیکەی بیانی، دەبینین کە حەزدەکات عێراق بدۆڕێنێت، وەك تۆڵەسەندنەوە بەرامبەر سیاسەتە ستەمکارەکان دژ بە گەلی کوردستان، ئێمەی پەرلەمانتاریش هەمان کێشەمان هەیە، بە زۆر شت تۆمەتبارمان دەکەن، پێمان دەڵێن: بۆ بەغدا جێناهێڵن ئەگەر ناتوانن هیچ بۆ گەلەکەتان بکەن؟ کوا بودجە؟ کوا موچە؟ کوا چەکی پێشمەرگە؟ ئێوە تەنیا بۆ بەرژەوەندیی خۆتان لە بەغدان؟ بۆیە ژینگەیەکی بارگاوی دژی دەوڵەتی عێراق لەئارادایە، لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا هیچ نیازپاکیمان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا نەبینی لەگەڵ ئەو هەموو شاندە کوردستانییانەی کە سەردانی بەغدایان کرد، هەروەها سووربوونی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان





بە گفتوگۆکردنی جددی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، دیارە نوری مالیکی هۆکاری ئەو قەیرانەیە لەنێوان هەردوو لا، کاتێکیش حەیدەر عەبادی هات، هیچ گۆڕانکارییەکمان لەو سیاسەتە چەوتانە نەبینی، بە ئاشکرا دەرکەوت کە هیچ نیازپاکییەك بۆ چارەسەری کێشەکان لە ئارادا نییە، بەڵکو ئەو سیاسەتە نەرمەش بەرامبەر کوردستان لەبەر لاوازیی بەغداو خەریکبوونی بوو بە شەڕی داعش، هەروەها لەبەر قەیرانەکانی ناوخۆ لە هاوپەیمانیی نیشتمانی، هەروەها نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکان، هەموو لایەك لە ئایندەی سیاسیی خۆی دەترسێت، بەتایبەتی کە لە شەقامی عێراقیدا جۆرە تووڕەییەك لەهەمبەر ئەو دەموچاوە کۆنانە هەیە، نەخاسمە ئیسلامییەکان، بەڵام نابێ لەبیربکەین کە کوردستان لاواز نییە، لە رووی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە بەهێزە، لەوەش گرنگتر پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی کوردستان لە لووتکەدایە، لەپاڵ ئەوەی کە خاوەن ئەزموونێکی دیموکراسیی سەرکەوتووە، دەوڵەتانی دیموکراسیخواز قبووڵ ناکەن کوردستان ببێتە نێچیری دوژمنانی دیموکراسی، پێموایە کە ناوچەکە قۆناغی رووبەڕووبوونەوەی تێپەڕاندووە، هەموو دەوڵەتێك کێشەی هەیە کە خەریکی دەکات لە دەستتێوەردانی سەربازی لە هەر شوێنێکی دەرەوەی ئیدارەی خۆی، بەتایبەتیش ئەگەر بزانێت کە ئەو شوێنە فاکتەری ئاشتی و سەقامگیری و بووژاندنەوەی ئابوورییەکەیەتی، چونکە فاکتەرە ئابوورییەکان کاریگەریی بەهێزیان هەیە لە دارشتنەوەی سیاسەتی دەرەکیی دەوڵەتان.

ئەگەر ئێستا لە بەڕێز مسعود بارزانی بپرسین، ئایا بڕوات بەوەیە جارێکی دیکە عێراق رێکبخرێتەوە، ئەوا بە دڵنیاییەوە وەڵامەکەی نەخێرە، بێگومان سووربوونی لەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆم لە کاتی خۆیدا لە رێکەوتی ٢٥-٩ وەڵامێکی راشکاوانەیە بەوەی کە ئەو بڕوایەی لا نەماوەو متمانە بوونی نەماوە، بەڵکو یەك قەناعەت ماوە کە ئەویش راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆیە، چونکە تاکە چارەسەری هەموو کێشەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتووری و فیکری و مەعریفی و ئایین و ئایینزایە، لە ماوەی سەد ساڵی رابردوودا ئەوەی چنیومانەتەوە تەنیا هەژاری و برسێتی و دەربەدەری و راگواستن و تەعریب و تەبعیس و کۆمەڵکوژی و ئەنفال و گۆڕە بەکۆمەڵەکان و غازی کیمیاوی و ئابلۆقەو بڕینی بودجە و مووچە بووە کە مەینەتیی کوردستان تا ئێستاش هەر بەردەوامە و بێگومان تا لەگەڵ عێراق بمێنین، هەر بەردەوام دەبێت، مەگەر بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ نەبێت، بەوەش دیارە دەوڵەتی کوردستان جیاوازیی لەگەڵ عێراق دەبێت لە هەموو روویەکەوە. کە بەشێك بووین لە عێراق ئێمە جیاواز بووین، ئەدی ئەگەر سەربەخۆ بووین؟ بێگومان جیاوازتر و پێشکەوتووتریش دەبین.

ریفراندۆم موڵکی هەموو میللەتە، موڵکی حزبێك، یان سەرکردەیەکی سیاسی نییە، بۆیە نابێت خۆمان بە شتی لاوەکییەوە خەریك بکەین بۆ پەکخستنی ریفراندۆم، چونکە ئەم دەرفەتە و ئەم ریفراندۆمە پەیوەستە بە چارەنووس و خەونی گەورەی میللەتێکەوە کە سەدان ساڵە چاوەڕوانی بەدیهێنانی ئەو خەونە دەکات، دەریایەك خوێنمان بەخشیوە لەپێناو ئەو رۆژە مێژووییە، بەشداریکردن لەو رۆژەدا زامی جەرگیماڵباتی شەهیدان سارێژ دەکات، ئەم دەرفەتە دووبارە نابێتەوە، رەنگە هیچ سەرکردەیەکی بەجەرگی کوردستانی نەبێت جگە لە بارزانی بە هەموو بوێریی و هێزێکەوە تەحەددا دەکات بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم لەو هەلومەرجە سەختەی ناوچەکەدا، ئەوانەی بزووتنەوەیەکی ناشارستانییان لە سلێمانی دروست کردووە دژی ریفراندۆم پاشماوەیەکی کەمن، تەنیا نوێنەرایەتیی خۆیان دەکەن، چونکە چاك دەزانین کە خەڵکی سلێمانی بەدڵ و گیان لەگەڵ ریفراندۆمدان، رەنگە ئەوانە بۆ چەند هۆکارێك ئەم بزووتنەوەیان دروست کردووە، ئەوان لەگەڵ ئەمەشدا دژی ریفراندۆم نین بە قسەی خۆیان، بەڵام دەڵێن لەگەڵ کاتەکەیدا نین، ئەوانەی داوای دواخستنی ریفراندۆم دەکەن، لە راستیدا لەگەڵ ئەنجامدانی نین، چونکە دواخستنی سووکایەتییە بە ئیرادەی گەلی کوردستان، ئەوەشی پێیوایە ریفراندۆم کارتی فشارە لەسەر بەغدا، دیسان سووکایەتییە بە گەلی کوردستان، چونکە لە مۆراڵ و رەوشتدا نییە حەزو ئارەزووی گەلەکەمان بکەینە کارتی فشار بۆ سەر حکومەتی بەغدا بۆ بەدیهێنانی چەند بەرژەوەندییەکی تەسك، گرنگترین ئامانج بەرژەوەندیی باڵایە، ئەویش سەربەخۆییە.

---

*** سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**

**سەربەخۆیی دەرگایەکی ئازادییە، ئازادیش بەبێ جیاوازی مافی هەموو گەلانە، هیچ گەلێک کەرامەتی پارێزراو نابێت، ئەگەر لە ئیرادەو بڕیاریدا ئازاد نەبێت، بۆیە گەلی کوردستان ئازادەو دەیەوێت بە ئازادی پەنا بۆ ریفراندۆم ببات، کە ئەوەش پیادەکردنێکی دیموکراسییە، ئەوەی بڕوای بە دیموکراسی هەبێت ناتوانێت ببێتە ئاستەنگ لەبەردەم ئەو پرۆسەیە**

**ئەگەر قوربانیمان بە دەوڵەتی نەتەوەیی خۆمان دابێت لە پێناو دیموکراتیدا، ئەوا ئێمە ئامادە نین قوربانی بە دەوڵەتی نیشتمانی بدەین لە پێناو دەوڵەتێکی ئایدیۆلۆژیدا، دەوڵەتی کوردستانیش بە دڵنیاییەوە دەبێتە نموونەیەکی سەرکەوتووی دیموکراسیی**

**لە ماوەی سەد ساڵی رابردوودا ئەوەی چنیومانەتەوە تەنیا هەژاری و برسێتی و دەربەدەری و راگواستن و تەعریب و تەبعیس و کۆمەڵکوژی و ئەنفال و گۆڕە بەکۆمەڵەکان و غازی کیمیاوی و ئابلۆقەو بڕینی بودجە و مووچە بووە کە مەینەتیی کوردستان تا ئێستاش هەر بەردەوامە**



### مامۆستای ئایینی مەلا ئومێد عومەر باوەمردەیی:

# کوردبوونمان خەڵاتی خوایە و لەم روانگەیەوە دەبێت دەنگمان بەڵێ بێت بۆ سەربەخۆیی

سلێمانی شاری هەڵمەت و قوربانی و بەرخۆدان بڕیاری داوە هاوشانی تەواوی ناوچەکانی کوردستان بە گوڕو تینێکی گەورەوە دەنگ بە (بەڵێ) بۆ سەربەخۆیی کوردستان بدات، مامۆستایانی ئایینی لەم شارەش دەنگدان بە بەڵێ بە ئەرکێکی پیرۆزی ئایینی و نیشتمانی دادەنێن، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ مامۆستا مەلا ئومێد عومەر باوەمردەیی وتارخوێن و پێشنوێژی مزگەوتی حاجی عوسمان باوەمردەیی لە شاری سلێمانی ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.





*** کوردستان بە قۆناغێکی هەستیاردا تێپەڕ دەبێت؛ پرسی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان پرسێکی گەرمەو تا دێت گەرموگوڕی زیاتر بە خۆیەوە دەبینێت؛ ئایا زانایان و مامۆستایانی ئایینی هەڵوێستیان بەرامبەر ئەم پرسە چییە؟**

- بە راستی زۆر پێویستە کە گەلی کورد یەك دەنگ و یەك هەڵوێست بێت لە بەرامبەر ئەم ریفراندۆمە کە سوپاس بۆ خوا لەم پرسە چارەنووسسازەدا جەنابی سەرۆکی کوردستان بڕیاری راست و دروستی داوەو هەروەها حزب و لایەنە سیاسییە نیشتمانپەروەرەکان و میللەتی کوردستان یەك هەڵوێست بوون و لە بڕیارێکی مێژووییدا ٢٥ی ئەیلوولیان بۆ ریفراندۆم دەستنیشان کرد. بەدەستهێنانی سەروەری و سەربەخۆیی مافێکی سروشتی ئێمەیە، لەکاتێکدا سەدان ساڵە لە خەباتین، هەتا ئێستاش بێ وڵاتین، ئێمە بۆ بەدەستهێنانی ئەو مافە لە خەباتداین هەر لە شێخ عوبێدوڵای نەهری و لە شێخ سەعیدی پیرانەوە کە لەتورکیا لەسێدارە درا و لە شێخ مەحموودی نەمر مەلیکی کوردستانەوە و لە پێشەوای قازی کە لەسەر خاکی پیرۆزی کوردستان ملی بە پەتەوە کرا تا جەنابی مەلا مستەفای بارزان کە لەسەر خاکی کوردستان دەربەدەر کرا، کەواتە دەنگدان بۆ سەربەخۆیی بۆ هیچ حزب و لایەنێك نییە، بەڵکو ئەمە چارەنووسی نەتەوەیەکە، کە سەد ساڵ زیاترە ماڵوێران بووەو جینۆساید و کیمیاباران و کوشتن و بڕین دەرهەقی کراوە، ئەمە هەمووی بەهۆی کوردبوونیەوە بووە، ئەو کوردبوونەی خەڵاتی خوایەو خوای میهرەبان نیشتمان و زمانی بە ئێمە بەخشیوە، کەواتە لەبەر ئەوەی ئەمەش خەڵاتی خوایە ئەوا پێویستە دەنگمان بەڵێ بێت. راستە قەیرانی دارایی و کێشە و کەموکوڕی هەن، ئەوانەش کاتین و دەڕەوێنەوە، بەڵام ئەگەر بێتو ئەم بڕیارە گرنگ و چارەنووسسازەمان لەدەست بچێت، ئەوا هەرگیزا و هەرگیز ناگەڕێتەوە.

*** شاری سلێمانی کە شاری هەڵمەت و قوربانییەو لەسەرجەم قۆناغە مێژووییەکان و رووداوەکاندا رۆڵێکی گرنگ و کاریگەریی هەبووە، ئایا رۆڵی ئەم شارە لەم پرسە چارەنووسسازەدا چۆن دەبینێت؟**

- سلێمانی شاری هەڵمەت و قوربانی و فیداکاری بووە و شاری کاکە ئەحمەدی شێخ و شێخ مەحمودی نەمر و مەولانا خالیدی نەقشبەندی بووەو شاری سەدان و هەزاران رۆڵەی ئازاو شەهیدە کە لە رێگەی ئازادیدا خۆیان بەخت کردووە، لەم شارەدا سەدان شاعیر هەڵکەوتوون و دڵسۆز بوون بەرامبەر بە کوردستان، بینیمان ئەو کەسانەی دەیانویست خەڵکی سلێمانی هان بدەن بۆ نەخێر، نەیانتوانی خەڵکێکی زۆر کۆبکەنەوە، سلێمانی سەلماندی کە شارێکە لە خۆڕاگری و بەرخۆدان و فیداکاری و زۆرینەی هەرە زۆری خەڵکی سلێمانی لەگەڵ گشتپرسیدان بۆ سەربەخۆیی کوردستان. بۆیە دڵنیاین لە رۆژی دەنگدانیشدا خەڵکی ئەم شارە بە (بەڵێ) دەنگ دەدەن و دەبێتە جەژن و کەرنەفاڵی کوردایەتی و سەرکەوتن و سەربەرزی. سلێمانی شارێکە لەهەموو پێشکەوتن و بەرخۆدان و کوردایەتیدا پێشەنگ بووە، هەر بۆیەش حکومەتی پێشووی عێراق زۆر لەخەڵك و شاری سلێمانی دەترسا و بە شارێکی سەخت و دژواری ناودەبرد. ئێمە سەربەرزی و سەربەستیی کورد و کوردستان لە رۆژی ٢٥ی ئەیلوولدا بەدی دەکەین، دڵنیاشم ئەمە بۆ حزبێك نییە و بۆ کورد و کوردستانە، لەبەر ئەوە ئەرکی ئایینی و نیشتمانیمانە هەموومان بە بەڵێ دەنگ بدەین.

*** هەروەك ئاماژەتان پێکرد ئەمە پرسێکی چارەنووسسازەو پەیوەندی بە تەنیا حزبێکەوە نییە، بەڵام ئێمە بۆ زیاتر سەرخستنی ئەم پرسە گرنگ و یەکلاکەرەوەیە چۆن بتوانین پەرە بە یەکڕیزی ناوخۆیی بدەین؟**

- من داوا لە جەنابی سەرۆك دەکەم سەردانی شاری سلێمانی بکات تاوەکو ئەو کەموکوڕی و خەمەی هەیە بڕەوێتەوە و ئاشتەوایی نیشتمانی دروست بکات، جەنابیان وەکو باوکی ئەم میللەتە وایە، هەر بۆیە پێویستە هەوڵ بدات حزب و لایەنەکان کۆ بکاتەوە. جەنابیان ئەرکێکی گەورەی نیشتمانی و چارەنووسسازی لە ئەستۆیە. ئەوەتا پەرلەمانی عێراق داوا لە عەبادی دەکات بۆ ئەوەی هێز بنێرێت هەتا ئەم پرسە گرنگە سەرنەکەوێت. بۆیە

**ئەرکی ئایینی و نیشتمانپەروەریمانە خاک و نیشتمانی خۆمان خوش بوێت و دڵسۆز بین بەرامبەر بە خاک و وڵاتەکەمان و کاتێکیش گەشتی دەرەوە بکەین، با وەک هاووڵاتی دەوڵەتی کوردستان خۆمان بناسێنین**

**بە حیکمەتی سەرکردەکانی کورد توانیومانە ئێمە بەشێک نەبین لە ناکۆکیی مەزهەبی و ئەو شەڕە نەگریسە، لەئێستاشدا ئەرکی سەرشانی هەمووانە کار بۆ سەرکەوتنی پرسی سەربەخۆیی بکەین، چونکە مێژوو رەحم بەکەس ناکات و هەر کەسێک لەگەڵ ئەو پرسە نەبێت لە مێژوودا رووی رەش دەبێت**



**25 ئەیلوول**

**بەڵێ بۆ کوردستان**

**کەرکووک شاری شەهید شێخ مارف بەرزنجی و شێخ حوسێن و هەموو شەهیدانی ترە کە لەپێناو ئازادیدا سەریان بەختکرد، بۆیە داوا لە هاونیشتمانییانی ئەو ناوچانە دەکەم هەر هەموویان لە رۆژی ریفراندۆمدا دەنگ بدەن بە بەڵێ**

**ئێمە لە کاتی شەڕی نەگریسی داعشدا دەرگامان بۆ زیاتر لە یەک ملیۆن عەرەب کردەوە، بەڵام جێی داخەوە پەرلەمانی عێراق بڕیار لە دژی سەربەخۆیی کوردستان دەردەکات**

**عەرەبە سوننەکان و عەرەبە شیعەکانی عێراق مافی سەربەخۆیی بە کورد بە ڕەوا نابینن، لەکاتێکدا خۆیان خاوەنی ٢٢دەوڵەتی عەرەبی ئیسلامین**

داوا لەگشت لایەنەکان دەکەم، لەم قۆناغەدا یەکدەنگ و یەکڕیز بن. خودای گەورەو میهرەبان دەفەرموێت: (واعتصموا بحبل الله جميعا ولا تفرقوا فتذهب ريحكم)، چونکە ئەگەرماڵی کورد یەکڕیز و یەکگرتوو بێت، ئەوە سەرکەوتنمان مسۆگەرە، کەواتە با واز لە بەرژەوەندی حزبی و هەندێ خاڵ و مەرج بێنین و بەدین و تەباو و برا بین، داواکاریشین حکومەتی هەرێم کار بۆ کۆتاییهێنان بەم قەیرانە داراییە بکات و گوزەرانی خەڵك باش بکاتەوە. ئێمەی کوردی موسڵمان مافی سەربەخۆیی کە مافێکی شەرعی و نەتەوەیی خۆمانە لێمان زەوت کراوە با بەدەستی بێنینەوە و پێی ئاشنا ببینەوە، خوای گەورە لە قورئان دەفەرمویت: (يا أيها الناس إنا خلقناكم من ذكر وأنثى وجعلناكم شعوبا وقبائل لتعارفوا إن أكرمكم عند الله أتقاكم)، واتە خوای گەورە خەڵکی کردووە بە تیرە و هۆز بۆ ئەوەی تەبا و برا بن، بەڵام جێگای داخە بە درێژی مێژوو، دەوڵەتی عێراق بەناوی دینەوە ئەنفال و کیمیاباران و جینۆسایدی کردین و ٤٥٠٠ گوندی کوردستانی خاپوور کرد و مزگەوت و تەکیە و خانەقاکانی تێك دەداین و هەزاران رۆڵەی بێتاوانی کوردستانی زیندانی و لەسیدارە دراون تەنیا لەبەر کوردبوونیان، ئێستاکەش عەرەبە سوننەکان و عەرەبە شیعەکانی عێراق مافی سەربەخۆیی بە کورد بە ڕەوا نابینن، لەکاتێکدا خۆیان خاوەنی ٢٢دەوڵەتی عەرەبی ئیسلامین، بۆیە ئێمەش مافی ڕەوای خۆمانە سەربەخۆ و ئازادبین، ئەو مافە وەکو جەنابی سەرۆك بارزانی فەرمویەتی بە خەڵات پێمان نادەن، بەڵکو خۆمان دەبێت بە دلێرانە و بوێرانە قۆڵی مەردایەتی و کوردایەتی لێهەڵکەین، هەموومان بچینە سەر سندوقەکانی دەنگدان و بە بەڵێ دەنگ بدەین و سەربەخۆیی خۆمان بەدەست بێنین.

*** دەوڵەتی کوردستان دەوڵەتی پێکەوەژیان و لێبوردەیی دەبێت، واتا دەوڵەتی هەموو نەتەوە و ئایینزاکانی کوردستانەو دەوڵەتی ئاشتی و تەبایی و خۆشگوزەرانی دەبێت، وەکو مامۆستایەکی ئایینی چۆن دەڕوانیتە شێوازی ئەو دەوڵەتە؟**

- لە دێرزەمانەوە هەموو نەتەوەو ئایین و ئایینزاکان لە کوردستان پێکەوە بە ئاشتی و لێبووردەیی لەگەڵ یەکتر ژیاون، کەمینەکانیش وەکو تورکمان و عەرەب و کریستیانەکانیش لەم کوردستانەدا بە ئاسوودەیی ژیاون، من دڵنیام بە یەکڕیزی و برایەتی و تەبایی و خزمەتکردنی نەتەوەو نیشتمانەکەمان دەتوانین بپەڕینەوە بۆ قۆناغی خێر و خۆشی و ئاوەدانی و ئەم کێشە و قەیرانانەی ئێستا تێپەڕێنین. تۆ بڕوانە ئێمە لە کاتی شەڕی نەگریسی داعشدا دەرگامان بۆ زیاتر لە یەك ملیۆن عەرەب کردەوە، بەڵام جێی داخەوە پەرلەمانی عێراق بڕیار لە دژی سەربەخۆیی کوردستان دەردەکات. بەڵام ئێمە وەکو زانایانی ئایینی و شێخانی تەریقەت و وەکو بیروباوەڕانی تەریقەتی قادری و نەقشبەندی دڵنیایی دەدەینە سەرۆك کە پشت بە خوا سەرکەوتوو دەبێت و خودا یار و یاوەری دەبێت و سەرکەوتنیش بۆ میللەتی کوردی ماف خوراوە.

*** سنووری کوردستان ئەو سنوورەیە کە لە ئەزەلەوە خوای گەورەو میهرەبان بە ئێمەی داوە، ئەمڕۆش لەسەر دەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بە خوێنی زیاتر لە ١٨٠٠ شەهید توانرا زۆربەی هەرە زۆری خاکی نیشتمان بەدەست بهێنینەوە؛ ئێوە وەکو مامۆستایەکی ئایینی داواکاریتان بۆ هاونیشتمانییانی کەرکووک و تەواوی ناوچە کوردستانییەکانی دیکە چییە؟**

- کەرکووك شاری شەهید شێخ مارف بەرزنجی و شێخ حوسێن و هەموو شەهیدانی ترە کە لەپێناو ئازادیدا سەریان بەختکرد، بۆیە داوا لە هاونیشتمانییانی ئەو ناوچانە دەکەم هەر هەموویان لە رۆژی ریفراندۆمدا دەنگ بدەن بە بەڵێ، لە چەند رۆژی رابردوو لە میدیاکانەوە گوێمان لێبوو کە چەند کەسێکی نابەرپرس و دوور لەیاسا پەلاماری قایمقامیەتی مەندەلییان داوەو هەوڵیانداوە ئاژاوە بنێنەوە، لە کاتێکدا هێزی پێشمەرگە کە شاری کەرکووکیان پاراستووە بەبێ جیاوازی بەرگرییان لەهەموو پێکهاتەکان کردووە لە تورکمان و عەرەب و کوردو کلد و ئاشوری و سریانی و دڵنیای هەموو پێکهاتەکان دەکەینەوە کە لە کەرکووك و هەموو شوێنێکی کوردستان کە بەیەکەوە دەژین لەسایەی دەوڵەتی کوردستان ئەوانیش ئاسوودەو





پارێـزراو دەبـن، چونکـە کوردسـتان وڵاتـی پێکەوەژیـان و ئاشـتی و لێبووردەییـە، داواکاریشـم لەخـوای میهرەبـان شـەهیدەکانمان لـە بەهەشـتی بەریـن بـن و شـیفای بریندارەکانیشـمان بـدات.

*** هـەروەك ئاشـکرایە فشـارێکی زۆر هەیـە لەسـەر سـەرکردایەتی کـورد بـۆ پاشـگەزبوونەوە لـە ئەنجامدانـی ریفرانـدۆم، یـان دواخسـتنی، بۆچونـی ئێـوە لـەم بارەیـەوە چییـە؟**

- داوا لەجەنابـی سـەرۆك بارزانـی و هەمـوو حزبـەکان دەکـەم بە هیـچ شێوەیەك لە ئەنجامدانی ریفرانـدۆم پەشـیمان نەبنـەوە، چونکە پاشـگەزبونەوە لـە ریفرانـدۆم دەبێتەهـۆی لەدەسـتدانی میسـداقیەت و متمانـە لـە نـاو کۆمەڵگـەدا. ئێمـە نامانەوێـت جارێکـی دیکـە بکەوینەبـەر هێرشـی میلیشـیای شـیعە و داعـش و قاعیـدە و تیرۆریسـتان. بـە حیکمەتـی سـەرکردەکانی کـورد توانیومانـە ئێمـە بەشـێك نەبیـن لـە ناکۆکیـی مەزهەبـی و ئـەو شـەڕە نەگریسـە، لەئێستاشـدا ئەرکـی سەرشـانی هەمووانـە کار بـۆ سـەرکەوتنی پرسـی سـەربەخۆیی بکەیـن، چونکـە مێـژوو رەحـم بەکـەس نـاکات و هـەر کەسـێك لەگـەڵ ئـەو پرسـە نەبێـت لـە مێـژوودا رووی رەش دەبێـت، مـن خـوای گـەورە بە کـورد دروسـتی کـردووم و شـانازی بـە کوردبوونـی خۆمـەوە دەکـەم، هـەروەك چـۆن عـەرەب و عەجـەم و فـارس شـانازی بـە نەتەوەکانیـان دەکـەن.

*** ئایا چـۆن دەڕوانیتـە ئەوانـەی لـە سلێمانی بانگەشـە بـۆ دەنگـی نەخێـر دەکـەن؟**

- مـن هـەر دوو باپیـرم لـە شـۆڕشـەکانی شـێخ مەحمـوود و قـازی محەمـەد و بارزانـی بەشدارییان کـردووە (باپیرانـم حاجـی عەبدولڕەحمانـی کاکـە مەنـدی قوشـقایە و مـەلا سـەعدونی باوەمـردە) هەردووکیـان فەرموویانـە کاتێـك شـێخ مەحمـودی نەمـر پێـش ئـەوەی شـۆڕشـەکەی دەسـت پـێ بـکات، بانگـی زانایانـی ئایینـی و شـاعیر و هەمـوو سـەرۆك هۆزەکانـی ئـەو کاتـەی کـردووەو پێـی گوتـوون مـن هەڵدەسـتم بـە ئازادکـردن و هەوڵـدەدەم بـۆ رزگارکردنـی کوردسـتان، لەوانـە کۆمەڵێـك لێـی پاشـگەز بوونـەوەو خیانەتیـان لێکـردو خۆیـان فرۆشـت بـە ئینگلیـز لـە پێنـاوی سـەعات و لیـرەدا، ئێسـتا لـە دۆکۆمێنتەکانـی ئینگلیـزدا نـاوی ئـەو کەسـانە هەیـە، واتـە مێـژوو بەزەیـی بـە کەسـدا نایەتـەوە. بۆیـە داوا لـەو کەسـانە دەکـەم واز لـە بەرژەوەنـدی شەخسـی و حزبایەتـی بهێنـن. شـێخ عەبدولکەریمـی قـادر کەرەمـی بەرزنجـی کـە لەبەغـدا بـووە و هەسـتی بـە غەریبـی کـردووە، چونکـە بـە خاکـی خـۆی نەزانیـوە بۆیـە دەڵێـت:

***ئـەی بـادەی سـەبا خـۆت وەرە بـۆ لای منـی بیمـار***
***تـۆ مەحرەمـی شـەرحی دڵەکـەی مـن بـەرە بـۆ یـار***
***بـۆ خـۆش روویـی و مەرحەمـی ئێمـەو نەوەکـو تـۆ***
***پـەروات نییـە ئەسـڵەن لـە رەقیـب و لـە ئەغیـار***
***وا ئێسـتە لـە بەغـدام و نـەوات خسـتە دەروونـم***
***شـەوگارم گەرمـە بێگانـەو رۆژ مەجلیسـی ئەغیـار***
***بـێ یـارو نەدیـم مامـەوە هـەر وەکـو مەسـجوون***
***کەس نییە تالبم و کەوتووم، چەشنی زێڕی کەم عەیار***
***خـادم وەکـو دیجلـە ئەگـەر خوێـن بـێ لـە چـاوی***
***حەقیەتـی کـە چـۆن مـاوە بـە بـێ شـاهید و بـێ یـار.***

کەواتـە نیشـتمان و خۆشەویسـتیی نیشـتمان لـە ئیمانەوەیـە، هـەر بۆیـە دەبێـت ئێمـە خاکـی پیـرۆزی نیشـتمانمان خـۆش بوێـت.

هەروەهـا ئەگـەر سـەرنج بدەیـن شـێخ نـووری شـێخ بابەعەلـی تەکێـی قەرەداغـی کـە زانایەکـی پایـەرز بـووە، دەفەرمـوێ:

***مـن ئـەوا مـردم لـە ئـاخ و داخـی بـێ پیـاوی وەتـەن***
***جەرگ و دڵ کون کون بووە فەوتان لە پێناوی وەتەن***

لـەم بەیتـەوە دەسـت پێـدەکات تـا دەگاتـە نـاو مەبەسـت و دەڵـێ:

***دووکەڵـی فیتنـەو نیفاقـە ئـەم تـەم و تاریکییـە***
***گـەر یەکیەتـی بێتـە نـاو رۆشـن ئەبـێ ئـاوی وەتـەن***

***ئەحمـەد موختـار بەگـی جاف-یـش لـە شـیعرێکیدا هەمـان شـت بـاس دەکات و دەڵێـت:***

***ئـەی وەتـەن جەننەتـە یـا رەوزەی رێزوانـی تـۆ***
***باعیسـی کەیفـی دڵـە بـاغ و گوڵسـتانی تـۆ .***
***تۆزەکـەت سـوورمەیە بـۆ چـاو و عەبیـرەی خاکـت***
***راسـتە گـەر بێتـو بڵێـم قیبلـەی کوردانـی تـۆ***
***ئـەم گوڵاڵانـە کـە لـەم کێـو کـەژە خەمـی ئـەدەن***
***هەمـوو تەمسـیلی ئەکـەن خوێنـی شـەهیدانی تـۆ***

کەواتـە بـە راسـتی شـاعیران و عاریفانـی کـورد لێوانلێـو بـوون لـە نیشـتمانپەروەری، کـە منیـش دەڵێـم ئەرکـی ئایینـی و نیشـتمانپەروەریمانە خـاك و نیشـتمانی خۆمـان خـوش بوێـت و دڵسـۆز بیـن بەرامبـەر بـە خـاك و وڵاتەکەمـان و کاتێکیـش گەشـتی دەرەوە بکەیـن، بـا وەك هاووڵاتـی دەوڵەتـی کوردسـتان خۆمـان بناسـێنین.

**با واز لە بەرژەوەندی حزبی و هەندێ خاڵ و مەرج بێنین و بەدین و تەباو و برا بین، داواکاریشین حکومەتی هەرێم کار بۆ کۆتاییهێنان بەم قەیرانە داراییە بکات و گوزەرانی خەڵک باش بکاتەوە**

**ئەو کەسانەی دەیانویست خەڵکی سلێمانی هان بدەن بۆ نەخێر، نەیانتوانی خەڵکێکی زۆر کۆبکەنەوە، سلێمانی سەلماندی کە شارێکە لە خۆڕاگری و بەرخۆدان و فیداکاری و زۆرینەی هەرە زۆری خەڵکی سلێمانی لەگەڵ گشتپرسیدان بۆ سەربەخۆیی کوردستان**

**دەنگدان بۆ سەربەخۆیی بۆ هیچ حزب و لایەنێک نییە، بەڵکو ئەمە چارەنووسی نەتەوەیەکە، کە سەد ساڵ زیاترە ماڵوێران بووەو جینۆساید و کیمیاباران و کوشتن و بڕین دەرهەقی کراوە**

25 ئەیلوول

بەڵێ بۆ كوردستان

# ڕۆژێک زووتر لە عێراق جیا ببینەوە باشترە

ڕۆژانە زۆر تاكەم گوێبیستی نیگەرانییەكانی خەڵكی دەبین كە ئەگەر لە عێراق جیا ببینەوە ئابووریمان بەرەو خراپتر دەڕوات و ئەم مووچەیەش كە پاشەكەوتی لێ دەكرێت، دەبێت بە چارەك! ئەم پڕوپاگەندانە لەلایەن هەندێ حزب و لایەن و كەسایەتییەوە دەكرێت كە مەرامی تاكەسی و بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیانی لە پشتە، بە پاساوی شرۆڤەی سیاسی و ئابووری، یاخود لەلایەن پسپۆڕانی سیاسی و ئابووریی بیانییەوە پێیان ڕاگەیەندراوە كە شارەزای واقیعەكە نین، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم قسە و شرۆڤانەی ئەوان زۆر دوورن لە واقیع و تەنیا پڕوپاگەندەی نەیارانی كوردستانە كە دەیانەوێت میللەتی كورد لە ریفراندۆم و سەربەخۆیی كوردستان سارد بكەنەوە.

با بێین بەسەرپێی و بە خێرایی چاوێك بە ئابووریی ئەو عێراقدا بخشێنین و چەند دێڕێك بخەینە بەر چاوی خوێنەری بەڕێز و بەتایبەتی پاش بڕینی بەشە بودجەی كوردستان كە ئەو بەڕێزانە ئاوازی نەخیر بۆ سەربەخۆیی كوردستانی بۆ دەچڕن، بزانین عێراق چۆن ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو كارەساتی ئابووری هەنگاو هەڵدەنێت و، لە داهاتوویەكی نزیكدا ئابوورییەكەی تووشی داتەپین و رووخان دەبێت.

بەپێی یاسای بودجەی عێراقی بۆ ساڵی ٢٠١٧ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق داهاتی بە (٧٩) ترلیۆن دینار كە دەكاتە (٦٨)ملیار دۆلار خەمڵاندووە، بەڵام لە گەڵ ئەم داهاتە زۆرە بەپێی ڕاپۆرتی سەرچاوە باوەڕپێكراوەكان ٣٥٪ی خەڵكی عێراق و بەتایبەتی شارەكانی (موسەننا و سەلاحەدین و بەغدا) لە خوارووی هێڵی هەژاریدا دەژین و، داهاتی هەر تاكێكی عێراقی ڕۆژانە لە (٤)دۆلار تێپەڕ ناكات، ژیار و گوزەرانی خەڵكی لە بارودۆخێكی زۆر خراپ دایە، بە هەدەردانی ماڵ و سامانی گشتیی لە لایەك و تێوەگلان و چاوپۆشیكردن وگوێنەدانی بەرپرس و سیاسی و دەستە و دامەزراوە چاودێر و شەرعییەكان لە گەندەڵی لەلایەكی تر، دوو هۆكاری سەرەكین بۆ دروستكردنی ئەم بارودۆخە خراپە. سەرۆك وەزیرانی عێراقی حەیدەر عەبادی لە ٢٠١٥/٨/٩ چەند بڕیارێكی دەركرد بۆ بەگژداچوونەوەی گەندەڵی، بەڵام لە بنەڕتدا ئەم كارەی بۆ دوو هۆكار ئەنجام دا، یەكەم: تاوەكو قەناعەت بە نەتەوەیەكگرتووەكان و سندوقی نەختینەی نێودەوڵەتی و بەنكی نێودەوڵەتی بێنێت، كەوا دەستی بە چاكسازی كردووەو دەستی بە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی ئیداری و دارایی كردووە و خەریكی بنیادنانی حكوومەی ڕەشیدەیە. دووەم: بۆ كپكردن و هەڵمژینی تووڕەیی و ناڕەزایی شەقامی عێراقی بوو، بە خەڵكیشی نیشان دەدا كەوا خەریكی چاكسازییەو ڕووبەڕووی گەندڵكاران بووەتەوە و پێویستی بە پشتگیری ئەوانە بۆ ریشەكێش كردنی نادادپەروەری و دزی و بەتاڵان بردنی ماڵی گشتی، بەڵام لە بنەڕەتدا ئەم بڕیارانە چەواشەكاری و دراما بوون و تەنیا بۆ خەڵەتاندنی هەردوو فیئە بوون كە باسمان كرد، یەكەم قەرزی نێودەوڵەتی لێ وەرگرتن و دووەمیش رازی و بێدەنگ بوو، بۆ نموونە



**ئەڤین عومەر دەلۆ**

**مامۆستای زانکۆ و پەرلەمانتاری خولی سێیەم**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

یەکێك لە بڕیارەکان نەهێشتنی ئەو جیاوازییە گەورەیەی کە لە نێوان مووچەی پلە باڵاکان و مووچەی فەرمانبەراندایە، راستە ئەمە یەکێك بوو لە خاڵەکانی بڕیاری چاکسازی و مووچەی بنەڕەتییان کەم کرایەوە، بەڵام لەلایەکی ترەوە دەرماڵەکانیان زیاد کرا بە شێوەیەك کە هەمان بڕی پێشووی خۆیان وەردەگرنەوە، کە ئەمەش بووەتە بارگرانییەکی یەکجار گەورە بەسەر بودجەی گشتییەوە کە، بڕەکەی دەگاتە (٣٦٠) ملیار دینار و یەکسانە بە (٣١٢) ملیۆن دۆلار ساڵانەو، ئەم بڕە پارە دەکاتە داهاتی فرۆشتنی حەوت بیرە نەوت لەو بیرانەی داهاتیان زۆر باشە وەکو بیری (مەجنون و رومێلە)، ئەم بڕیارە فیلاویە نەك تەنیا شەقامی عێراقی پێ هەڵخەڵەتێنرا، بەڵکو توانییان رەزامەندی بەنکی نێودەوڵەتی و سندوقی نەختینەی نێودەوڵەتی بەدەست بێنن بە پێدانی قەرز، لە کۆتایی مانگی ئایاری ساڵی ٢٠١٦ سندوقی نەختینەی نێودەوڵەتی بڕی (٥,٣) ملیار دۆلاری بە (١,٥) سوود قەرزی بە عێراق دا، کۆی قەرزەکانی عێراق گەیشتووەتە (١٢٢,٩) ملیار دۆلار کە (٧٣,٧) ملیار دۆلاری قەرزی دەرەکییە، کێشە لەوەدایە لە ساڵی ٢٠١٧ قەرزەکان لە ٣٢٪ بەرز بوونەتەوە بۆ ٦٤٪، هەر بەپێی راپۆرتی سندوقی نەختینەی نێودەوڵەتی لە ساڵی ٢٠٢٠ رێژەی قەرزەکانی عێراق دەگاتە (١٣٨,٤) ملیار دۆلار، نیگەرانییەکان لەوەدایە کە قەرزی هەر وڵاتێك ٦٠٪ داهاتی تێپەڕاند ئەو وڵاتە دەچێتە قۆناخی مەترسیی ئابوورییەوە، عێراق ئێستا لەو قۆناخەدایەو تاوەکو سێ نەوەی پاشی ئێستاش ئەو رەنگدانەوەی بەسەریاندا دەمێنێت، بەمەش رانەوەستان و دەستیان بۆ پارەی یەدەگی عێراق بردووە، لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٥ نەختینەی عێراق (٥٣,٧) ملیار دۆلار بوو، بەڵام لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٦ دابەزی بۆ (٤٦,٣)ملیار دۆلار، کارەساتەکە لەوەدایە کە بەرپرسانی باڵا لە عێراقدا زۆر بە بێباکی و ساردی لەگەڵ ئەم دۆخە ترسناکەی تووشی ئابووریی عێراق بووە رەفتار دەکەن، پسپۆڕانی ئابوورییش تاکە چارەسەر کە دەیخەنەڕوو ئەوەیە عێراق لە ئابووریی تاك جەمسەرییەوە بگۆڕن بۆ فرەجەمسەری، چونکە داهاتی فرۆشتنی نەوت ٩٥٪ی پێکهاتەی داهاتی عێراقە، بەڵام ئەمە چارەسەر نییە بۆ وڵاتێك وەکو عێراق کە نغرۆی گەندەڵی و دستێوەردانی دەرەکی و ناکۆکی و کێشەی سیاسی لە نێوان پێکهاتە سیاسی و نەتەوەیی و مەزهەبییەکاندا لەلایەك و، نەبوونی ئارامی و ئاسایش و سەقامگیریش لەلایەکی ترەوە بووە. عێراق بە خێرایی هەنگاو بۆ ئایندەیەکی ترسناکی ئابووری دەنێت و تووشی داڕووخانێکی گەورەی ئابووری دەبێت و چاکبوونەوەی کارێکی مەحاڵە، کوردستان رۆژێك زووتر لە عێراق جیا ببێتەوە باشترە لە هاوبەشی و شەراکەتی ئابووری داتەپیوی عێراقی، ریفراندۆم و سەربەخۆیی، کوردستان لە کێشە ئابوورییەکانی عێراق رزگار دەکات کە لە بنەڕەتدا کورد هاوبەشی دروستبوونی ئەم قەیران و داڕووخانە ئابوورییەی عێراق نەبووە.



سەباح بۆیا سولاقا

ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر و سەرۆکی فراکسیۆنی شلامای کریستیانەکان بۆ گوڵان:

# سەرکەوتنی ریفراندۆم خەون و ئاواتێکە لای من خوازیارم بێتەدی

## هەروەک چۆن لەئێستادا ماف و ئازادییەکانمان لەم هەرێمەدا پارێزراوە لە کوردستانی سەربەخۆشدا بەوشێوەیە دەبێت

**ئاشکرایە لە کوردستاندا پێکهاتەی ئایینی و نەتەوەیی جیاواز هەن، کە ئەم فرەییەش بۆتە سەرچاوەی هێز بۆ هەرێمی کوردستان، ئەویش بەهۆی بوونی لێبووردەیی و پێکەوەژیانی ئاشتییانەو دەرفەت رەخساندنە بۆ ئەو پێکهاتانە بۆ ئەوەی بەشدار بن لە بڕیارە گرنگ و چارەنووسسازەکاندا، لەم روانگەیەشەوە ئەو پێکهاتانە بەشداربوون لە بڕیارێکی گرنگی وەك دیاریکردنی رۆژی ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی. لە میانەی دیمانەیەکدا لەگەڵ سەباح بۆیا سولاقا، سەرۆکی فراکسیۆنی شلاما لە ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر، چەند پرسێکی پەیوەست بە هەڵویست و تێڕوانینیان لەبارەی ریفراندۆمەوە لەگەڵدا تاتوێ کرد، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** کریستیانەکان شان بەشانی برایانی کوردیان لە شۆڕشەکان بەشداربوون و ئێستاکەش هەوڵەکان هەمووی بە ئاراستەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دەچێت، ئایا ئێوە وەکو نوێنەری کریستیانەکان لە ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر کە سەرۆکی فراکسیۆنی شلامان چۆن پێشوازی لەو رۆژە دەکەن کە گەلی کوردستان بەهەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینزاکانیەوە دەنگ بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەدەن؟**

- هەر لە کۆنەوە ئێمە وەکو کریستیانەکان پەیوەندییەکانمان لەگەڵ کورد زۆر بەهێز و توندوتۆڵ بووە، هەر بۆ نموونە کریستیانەکانی عەنکاوە مامۆستایان زۆر بووە کە لە قوتابخانەی گوند و ناو سەنتەری شاری هەولێر وانەیان دەگوتەوە، ئەو کات و ئێستاش خەڵکەکە بە شانازییەوە باسی ئەو مامۆستایانە دەکەن، چونکە مامۆستاکان لە کارو وانەکانیاندا زۆر دڵسۆزو خەمخۆری قوتابییەکانیان بوون. هاوکات کریستیانەکانی کوردستان شانبەشانی کورد بەشداربوون لە شۆڕشەکانی رزگاریخوازیی کوردستان و خەباتیان کردووەو قوربانییان داوە و خوێنمان لەگەڵ یەکتر تێکەڵ بووە، هەر هەمووشمان بۆ کوردستان تێکۆشانمان کردووە، هەموو ئەو حکومەتانەی لە عێراق هەبوون، جیاوازییان نەدەکرد لەنێوانماندا و نەیاندەپرسی ئەو شوێنە دانیشتووانی کوردە، یا کریستیانن و لە شاڵاوی بەدناوی ئەنفال و هەموو ئەو جینۆسایدانەی بەسەر گەلی کوردستاندا هاتووە ئەوە پەلاماری ئێمەشیان داوە، نموونەیەکی زیندووش لەمبارەوە ئەوە بوو کە لەساڵی ١٩٦٨ پەلاماری گوندی سوورییە دراو موختار و قەشەیەکی سڤیلیان کوشت و گوندەکەشیان خاپور کرد، هەر بۆیە من وەکو نوێنەری کریستیانەکان لە ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر کە سەرۆکی فراکسیۆنی شلامام دەڵێم کریستیانەکان لەگەڵ ئەنجامدانی ریفراندۆمن و دەنگیشمان بە (بەڵێ)یە بۆ سەربەخۆیی کوردستان، چونکە ئەوە خەونێکە نەك تەنیا بۆ کورد بەڵکو بۆ هەموو ئەوانەی لە کوردستان دەژین و ئەو وڵاتەی کە دێتەدی پێی دەڵێن دەوڵەتی کوردستان و پێی ناڵێن دەوڵەتی کورد بە تەنیا، واتە ئەو دەوڵەتە دەوڵەتی هەموو پێکهاتەکانی کوردستانە بە نەتەوەکان و هەموو ئایین و ئایینزاکانی کە لەسەر خاکی کوردستان دەژین و هاوبەشن، هەروەها ئەو قسانەی کە جەنابی مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان کە لە دوو هەفتەی رابردوو لە هۆڵی شەهید مامۆستا سەعد فەرمووی دەستووری کوردستان بە شێوەیەك دەبێت کە کریستیانەکان تێیدا هاوبەشن و هەق و مافی هەموو پێکهاتەو ئایین و ئایینزاکانی تێدا جێگیرو پارێزراو دەبێت و لە ئاڵاو سروودی نیشتمانیش حیساب بۆ کریستیان و هەموو لایەکی تێدا دەکرێت، ئەمە شتێکی زۆر بەرزە بۆمان و دڵنیایی و متمانە مسۆگەر دەکات و هەر ئەوەشمان لە جەنابی سەرۆکی کوردستان چاوەڕوان دەکرد، لەلایەکی دیکەوە ئێمە خەڵکی بەتواناو زانستی و یاساییمان زۆرەو دەتوانن لەم دەوڵەتەی کوردستان بەشداربن و رۆڵی خۆمان بگێڕین و باوەڕ ناکەین ئێمە لە دەوڵەتی کوردستان بە هیچ جۆرێك لە مافەکانمان بێبەش بین، چونکە ئێستا لەسایەی حکومەتی کوردستان چۆن بە ئازادی و سەربەستی دەژین، ئەوە لە داهاتووشدا لە دەوڵەتی کوردستان باشتر دەبین و یەکدەست و یەکهەڵویست و هزر دەبین لەگەڵ یەکتر و کار بۆ ئەو مەبەستە دەکەین، لەو دەوڵەتەدا دەبێت هەموومان یەکتر قبوڵ بکەین بۆ بەدیهێنانی دەوڵەتێکی پێشکەوتووی لێبووردەو ئاشتیخواز و یەکگرتوو.

**جێی دڵخۆشی بوو کە جەنابی مسعود بارزانی بەڵێنی دا ئێمەش بەشدار بین لە نووسینەوەی دەستوور و لە ئاڵاو سروودی نیشتمانی کوردستانیش مافمان دیاریکراو و پارێزراو دەبێت**

*** واتە ئێوە باوەڕتان وایە هەروەك چۆن مێژووی مەسیحییەکان گرێدراو و ئاوێتەی کوردستان بوونەو**





**ئەو وڵاتەی کە دێتەدی پێی دەڵێن دەوڵەتی کوردستان و پێی ناڵێن دەوڵەتی کورد بە تەنیا، واتە ئەو دەوڵەتە دەوڵەتی هەموو پێکهاتەکانی کوردستانە بە نەتەوەکان و هەموو ئایین و ئایینزاکانی کە لەسەر خاکی کوردستان دەژین و هاوبەشن**

**خەڵکی کریستیانەکانی کوردستان شانبەشانی کورد بەشداربوون لە شۆڕشەکانی رزگاریخوازیی کوردستان و خەباتیان کردووە قوربانییان داوە و خوێنمان لەگەڵ یەکتر تێکەڵ بووە**

**قوربانیتان داوە لەم پێناوەدا، لە ئایندەش هەر بەو شێوەیە دەبێت؟**

- بەڵێ، مەسیحییەکان رۆڵیان هەبووە لە تێکۆشان و قوربانیشیان هەبووە، ئێمە دەتوانین لەم رووەوە ئاماژە بە شەهیدەکانی وەکو هرمز مەلیک چەکۆ بکەین کە لە ئەڵقوش شەهید کرا، یان شەهید فەرەنسۆ هەریری و شەهید سۆران و چەندانی تر کە هەر چەندە لە حزب و بیروباوەڕی جیاواز بوون، بەڵام هەر هەموویان یەك ئامانجیان هەبووە و لە پێناوی کوردستاندا خەباتیان کردووە. تەنانەت چەندین خێزانی کریستیان هەبوون کە هەر هەموویان لەسەر شۆڕشگێڕی لەناو بردراون و حکومەتی ئەوکاتی عێراق بەزەییان بە کەس نەدەهاتەوە و جیاوازی نەتەوە و ئایینەکانیان نەدەکرد، هەر هەمووی بە یەك چاو تەماشادەکران و دەکوژران، چۆن دەتوانین ئەنفالی بارزانییەکان و ئەنفال بەگشتی و کیمیابارانی هەڵەبجە و جینوسایدی گەلی کوردستان لەبیر بکەین. ئێمە ئەو کۆمەڵکوژی و جینۆسایدەی بە درێژایی مێژوو دەرهەق بە گەلی کوردستان کراوە لەبیر ناکەین، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەمیشە و بەردەوام ئەو کارەساتانە لەبیرو هەستی ئێمەدان و گەلی کوردستان بە هەمو پێکهاتەکانەوە یەك ئامانجی هەیە ئەویش گەیشتنە بە سەرکەوتن و سەرفرازی.

*** لەم کاتەدا کە عێراق بەرەو دەوڵەتێکی مەزهەبی چووە مافی پێکهاتەکانی تری پێشێل کردووە، ئایا تاچ رادەیەك بوونی دەوڵەتی کوردستان بۆ ئێوەی کریستیانەکان گرنگە بۆ ئەوەی لێشاوی کۆچکردنتان بەرەو هەندەران رابگرێت، بەتایبەتی کۆچی خێزانە کریستیانەکان لە دەشتی نەینەوا؟**

- پاتریۆکی ئێمە مارۆ فایل سایکۆ بە زمانی خۆی گوتی: (لە بەغدا هەشت کەنیسەمان داخران) هەر بۆیە بەگشتی مەسیحییەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق بەشێکیان بەرەو دەرەوەی وڵات کۆچیان کردو بەشێکیان هاتنە کوردستان، لەبەر ئەوەی لێرە هەست بە ئاسایش و ئارامی دەکەن. ئەوەی پەیوەندی بە کریستیانەکانی دەشتی نەینەوا هەبێت، ئەوا ژمارەیەکی زۆریان بەرەو هەندەران کۆچیان کردووە، کە ئەگەر بێتو دەوڵەت رابگەیەندرێت، ئەوا بۆی هەیە کەسە دەوڵەمەندەکانی ئەو ناوچانە بگەڕێنەوە و وەبەرهێنانی گەورەش بکەن. ئەوەی پەیوەندی بە هەل و مەرجی ئێستاشەوە هەبێت، ئەوا ئەگەر خەڵکی دەشتی نەینەوا بەتایبەتی کریستیانەکان هەست بە ئارامی و ئاسایش بکەن، ئەوا دەگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، چونکە ئەگەر لێرەش هەست بکەن پارێزراون، بەڵام هەر حەز دەکەن بگەڕێنەوە سەر زێدو شوێنی خۆیان.

*** دوای ئەوەی برا کریستیانەکان ئاوارە بوون، سەرۆکی هەرێمی کوردستان رایگەیاند دەروازەکانی کوردستان کراوەیە لەبەردەمیاندا، ئەم هەڵوێستە چۆن هەڵدەسەنگێنن و ئایا لە چوارچێوەی دەوڵەتی کوردستاندا چ ئایندەیەك بۆ خۆتان بەدی دەکەن؟**

- لە راستیدا ئەمە بەندە بە بوونی کەلتووری یەکترقبوڵکردن و پێکەوەژیانی ئاشتییانە لە کوردستاندا، کە بۆتە هۆی ئەوەی جیهان بە چاوی رێز و تەقدیرەوە لە کوردستان و خودی کەسایەتی کاك مسعود بارزانی بڕوانن. سەبارەت ئەو کریستیانەی روویان لە کوردستان کرد، ئەوا هەر خۆیان دەڵێن کە ئەگەر بهاتایە روومان لە حکومەتی مەرکەزی بکردایە ئەوا رەنگ بوو بەو شێوەیەی کوردستان پێشوازیمان لێنەکرایەو رێزمان لێنەگیرایە. ئێستاش دەبینین کە ئەو کریستیانەی رووی لە کوردستان کردووە، رێزی لێدەگیرێت و سەربەرزانە دەژی، بۆیە دەبینین ئەو هاووڵاتیانەی هاتوونەتە ئێرە و ئێستا کەسابەت یا دوکانداری دەکەن، بە شانازییەوە ئاڵای کوردستانیان هەڵداوە.

*** کەرکوکییەکان لە بڕیارێکی بوێرانەو مێژووییدا دەنگیان دا بۆ بەشداریکردن لە ریفراندۆم، ئایا تا چەند گرنگە ناوچەکانی دەشتی نەینەواش بڕیارێکی هاوشێوە بدەن بۆ بەشداریکردن لەم ریفراندۆمەدا؟**

- بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك بۆ بەشداریکردن لە ریفراندۆمدا، بڕیارێکی دڵخۆشکەر بوو. منیش بەش بە حاڵی خۆم پێم خۆشە هەموو ئەو ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بەشداربن لە پرۆسەی ریفراندۆم، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین ئومێدکردن شتێکە و واقیعیش شتێکی ترە مەرجیش نییە هەر هەموویان بڵێن بەڵێ، بەڵام ئاواتەخوازین دەنگیان لەگەڵ بەڵێ بێت.

*** ئایا هیچ رێگرییەك هەیە بۆ گەڕانەوەی کریستیانەکانی دەشتی نەینەوا بۆ سەر شوێن و ماڵ و حاڵی خۆیان و بۆ بەشداریکردنیان لە ریفراندۆمدا؟**

- بە دڵنیاییەوە رێگری و ئاستەنگ هەیە، ئەوەتا پێش چەند هەفتەیەك چەکدارەکانی

حەشدی شەعبی ڕێگایان لە بەڕێوەبەری گشتی- نوێنەری پێکهاتەی کریستیانەکان- لەوەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی گرت کە دوو نوێنەری کەنیسەی وڵاتی کەنەداو ئەمریکاشیان لەگەڵ بوو و سووکایەتیان پێکردن. پاشان شەڕ لەنێوان ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵیان بوون و هێزەکەی حەشدی شەعبی ڕوویدا لەئەنجامدا سێ لەو برا پێشمەرگانە بریندار بوون، ئەگەر حکومەتی هەرێم دەستتێوەردانی نەکردایەو حکومەتی عێراقیان لێ ئاگادار نەکردایەتەوە، ئەوا دەستیان هەڵنەدەگرت لەو کارەیان. کەواتە بەڵێ کۆسپ و ئاستەنگ هەیە. چەند ڕۆژێک پێش ئێستا ئافرەتێکی کریستیانی دەشتی نەینەوام بینی گوتی چەند ڕۆژێکە چووینەوەتە ماڵی خۆمان و خانووەکەمان نۆژەنکردەوە لەپاش دوو ڕۆژ هەواڵمان بۆ هات کە شووشەی پەنجەرکانیان شکاندووین، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەوان نایانەوێت خەڵکەکە بچێتەوە سەر ماڵ و زێدی باوک و باپیرانیان و بگرە ئەوان نایانەوێت خەڵکی دەشتی نەینەوا بە باشی باسی کوردستان بکەن و پێیان خۆش نییە باسی ریفراندۆم و بەشداریکردن لە ریفراندۆمدا بکەن. کەواتە مانەوەی حەشدی شەعبی لەم ناوچانە مەترسیدارە. بەڵام ریفراندۆم پەیوەستە بە مومارەسەکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووسەوە، کە دوای ئەوەش ئەوان ناتوانن وا بە ئاسانی ستەم لە خەڵکەکە بکەن. بەڵام ئێستا ئەوان دێن و هێزی خۆیان پیشان دەدەن کە ڕەنگە حکومەتی عێراقیش بە چەک و ئیمکانییات هاوکارییان بکات. باشە خۆ ناکرێت خەڵک هەر لە دڵەڕاوکێدا بێت و ترسی ئەوەی هەبێت دەربەدەر بکرێت و ئاوارە بکرێت. دواتر هەر لایەنێک دەستدرێژی بکاتە سەرت جیاوازی چییە لەگەڵ داعشدا. بەڵام سەرەڕای ئەو دژوارییانەش بە پێی زانیارییەکانی من زیاتر لە ١٤٠٠ خێزان بۆ دەشتی نەینەوا گەڕانەوە و دوکان و چێشخانەیان داناوە دەیانەوێت دەستبەکار و کاسبی بکەنەوە و خەریکە خانوو و ماڵەکانیان نۆژەن دەکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستیان بەوەیە هێمنی و ئاسایشیان بۆ دەستەبەر بکرێت.

*** ئێمە دەزانین کە بوونی بیروباوەڕی توندڕەوانە چ ئاکامێکی خراپی لێدەکەوێتەوە، هەروەک ئەوەی خۆمان بینیمان کە لە عێراقدا چی ڕوویدا، بە شێوەیەکی گشتی چۆن لە توندوتیژی تایفەگەری و ئایینی دەڕوانن؟**

- لەلای خوای میهرەبان مرۆڤەکان هیچ جیاوازییان نییە و خۆ ئەگەر خوا بیویستبایە تەنیا یەک ئایینی بۆ ڕەوانە دەکردین، بەڵام مەبەست و حیکمەت لە بوونی ئایینی جیاواز، وەک ئیسلام و مەسیحی و یەهوودی و...هتد، بۆ ئەوەیە تاوەکو هەموومان لە کێبڕکێدا بین بۆ خواپەرستی و خۆشەویستی و دڵسۆزیمان بۆ خوای بەخشندە. بۆچوونی من ئەوەیە بیروباوەڕی توندڕەویی خزمەت بە هیچ لایەک ناکات بە خودی ئایینەکەشەوە.

*** کەواتە پێویستە چی بکرێت بۆ ئەوەی تاک ماف و ئازادییەکانی بپارێزرێت و ڕێگری لەو توندڕەوییە بکرێت؟**

- من چارەسەرەکە لە بوونی دەستووردا بەدی دەکەم کە ببێتە زامنکاری ماف و ئازادییەکانی هەموومان. ئەوەش جێی دڵخۆشی بوو کە جەنابی مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڵێنی دا کە ئێمەش بەشدار بین لە نووسینەوەی دەستوور و لە ئاڵاو سروودی نیشتمانی کوردستانیش مافمان دیاریکراو و پارێزراو دەبێت، ئەمەش نیعمەتێکە بۆ ئێمە. لێرەدا ئومێدەوارین گەلی کوردستان بە هەموو ڕەنگە جیاکانەوە بەشداری لە سەرکەوتنی ریفراندۆم بکەین و دەنگی بەڵێ لە ٨٥٪ زیاتر بێت.

*** بەڵام هەندێک دەوڵەتی ناوچەکە بەرهەڵستی خۆیان ڕاگەیاندووە لە دژی ئەنجامدانی ریفراندۆم، ئێوە بۆچوونتان لەم ڕووەوە چییە؟**

- لە ڕاستیدا دەوڵەتە دراوسێکان پێیانوایە ئەگەر هەرێمی کوردستان سەربەخۆ بوو، ئەوا ئەم سەربەخۆییە کوردستانی وڵاتەکانی ئەوانیش دەگرێتەوە، وەك ئێران و تورکیا و سووریا. چونکە ئەگەر بە خەیاڵیش بیهێنیتە بەرچاو، ئەوا ئەگەر هاتوو هەر چوارپارچەی کوردستان سەربەخۆ بوون و یەکتریان گرت، ئەوە دەبنە هێزێکی گەورە لە ناوچەکە کە خاوەنی دانیشتووانێکی زیاتر لە ٥٠ملیۆن کەسن، ئەو کاتیش هیچ یەکێک لەو وڵاتانەی وەکو تورکیا و ئێران و سووریا و عێراق ناتوانن وەکو ئێستا بە ئارەزووی خۆیان دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی کوردستان بکەن. هەر بۆیە ئەو دەوڵەتانە دژی ریفراندۆمن، چونکە تاوەکو کوردستان پەرت و بڵاو بێت لە بەرژەوەندیی ئەواندا دەبێت. بەڵام من شەخسی خۆم ئەمە بە خەونێک دەبینم و خوازیارم بێتەدی.

**ئومێدەوارین گەلی کوردستان بە هەموو ڕەنگە جیاکانەوە بەشداری لە سەرکەوتنی ریفراندۆم بکەین و دەنگی بەڵێ لە ٨٥٪ زیاتر بێت**

**مەبەست و حیکمەت لە بوونی ئایینی جیاواز، وەک ئیسلام و مەسیحی و یەهوودی و...هتد، بۆ ئەوەیە تاوەکو هەموومان لە کێبڕکێدا بین بۆ خواپەرستی و خۆشەویستی و دڵسۆزیمان بۆ خوای بەخشندە**





# دەرفەتێکی زێڕین لەبەردەم کوردستانییان

کوردستانییان لەم دۆخەی ئێستادا لەبەردەم دوو بژاردەدان، یان دەنگدانە بە کوردستانێکی سەربەخۆی ئازاد و پاشەڕۆژێکی رووناك، یان گەڕانەوەیە بۆ خاڵی سفر و چارەنووسێکی نادیار و ژیانێکی پڕمەترسی و بەڕێکردنی ژیانی ژێردەستەیی. جگە لەم دوو بژاردەیە، ڕێگایەکی ترمان لە بەردەمدا نییە، بۆیە دەبێت گەلی کوردستان توانای خۆڕاگری هەبێت و بیسەلمێنێت کە خاوەنی ئیرادەی خویەتی و توانای بڕیاردانی هەیە . ئەگەر بێتو باسی نەهامەتییەکانی کورد بکەین، وەها بە ئاسانی تەواو نابن و هەروەها جوامێری و ئازایەتی کورد و شۆڕش و خەباتەکانی بە هەمان چەشن زۆری دەوێ. لێرەدا دەمەوێ پرسیارێکی گرنگ بخەمە بەرچاوی خوێنەرانی ئەم بابەتە، ئەویش ئەوەیە ئایا دەرفەتێکی لەم جۆرە بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی جارێکیتر بۆ کورد دووبارە دەبێتەوە؟.

لە کاتێکدا سوپای عێراق شکستی هێنا لە بەرەنگاربوونەوەی داعش و داعش توانی دەست بگرێ بەسەر ئەرز و خاکی سوننەکان و زۆربەی چەك و کەرەستەی سەربازیی سوپای عێراق بەدەست بهێنێت کە نرخی بە دەیان ملیار دۆلار بوو، سوپای عێراق مەشق و راهێنانی لەلایەن ئەمریکا و ناتۆ پێکرا، بەڵام لەبەر ئەوەی خاوەن ئیرادە و نیشتمانی نەبوو، نەیتوانی لەبەردەم داعشدا بەرگری بکات. بەپێچەوانەوە پێشمەرگە بە توانایەکی زۆر کەم و سنوورداری سەربازی توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و ئەفسانەی داعش تێك بشکێنێت، ئەمە لەکاتیکدا هێزی پێشمەرکە لەسەر گیرفانی تاکەکانی و بە چەکی خۆی و توانایەکی سنوورداری سەربازی بەرگری کرد لە خاك و گەلی کوردستان بێ جیاوازی ئیتنی و مەزهەبی و دینی. ئەمە لە کاتێکدا کە حکومەتی عێراق بودجەی کوردستان و مووچەی پێشمەرگەی بڕی و بێبەشی کردبوون لە مافە دەستووری و یاساکانیان، بەو وەزعەش گەلی کوردستان بە سەرکردایەتی جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی و هێزی پۆڵایینی پێشمەرگە سەرکەوتنی تومار کرد و سنووری کوردستان بە خوێنی شەهیدان کێشرایەوەو پێشمەرگەی قارەمانیش بە هەموو شێوەیەك ئامادەیە پارێزگاری لە سنووری کوردستان بکات.

لەم کاتەدا عێراق پارچە پارچە بووە و وەکو حکومەتی عێراقی هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر ناوچە سوننەنشینەکاندا نەماوەو هێشتا بەشێکی خاکەکەی لەدەست داوە. هەرێمی کوردستان لەلایەن پێشمەرگەوە پارێزگاری لێ دەکرێ و سوپای عێراق ساحەی چۆڵ کردووە بۆ حەشدی شەعبی کە سوپایەکی مەزهەبی و تائیفییە و هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایش و ئاشتی لە ناوچەکە و جیهان و ئەو میلیشیایە بە بڕیاری دەرەکی جووڵەی پێدەکرێت.

سەبارەت بە وڵاتانی دراوسی بۆ نموونە ئێران و تورکیا ئەم وڵاتانە بە درێژایی مێژوو دژایەتی میللەتی کورد و گەلی کوردستانیان کردووە و بە هەموو شێوەیەك هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەی کوردو مێژوو و کەلتووری کوردەوارییان لە وڵاتەکانیان داوە، تا ئێستاش بە شێوەیەك لە شێوازەکان لەم وڵاتانە مافە نەتەوەییەکانی کورد بەدەست نەهاتووە. خوشك و برایانمان لەو بەشانەی کوردستان بەردەوامن لە خەبات بۆ بەدەستهێنانەوەی مافەکانیان. سەبارەت بە هەرێمی کوردستان، کاتێ خۆی دەوڵەتی تورکیا هەڕەشەی ناردنی هێزی دەکرد بۆ سەر هەرێمی کوردستان و کوتاییپێهێنانی ئەم ئەزموونە، بەڵام ئێستا بۆ پێشوازی لە سەرۆکەکەمان ئاڵای کوردستان هەڵدەکات. جێگای ئاماژەیە لەم رۆژانە تێبینی بەکارهێنانی زمانی نەرم دەکرێت لە وتارو رایەکانیان سەبارەت بە ریفراندۆم و سەربەخۆیی، ئەمەش پەیامێکی روون و ئاشکرایە لە گۆڕینی سیاسەتی ئەو وڵاتە بەرامبەر بە کوردو هەرێمی کوردستان. ئەم هەرێمە بووەتە هاوبەشێکی گرنگی ئابووری بۆ تورکیا کە ناتوانرێت بە ئاسانی دەستبەرداری بێت، یان لە دژی کاربکات.

کوردستان وڵاتێکی دەوڵەمەندە لە رووی نەوت و گاز و

**سوپای عێراق ساحەی چۆڵ کردووە بۆ حەشدی شەعبی کە سوپایەکی مەزهەبی و تائیفییە و هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایش و ئاشتی لە ناوچەکە و جیهان و ئەو میلیشیایە بە بڕیاری دەرەکی جووڵەی پێدەکرێت**

**ئێمە بە جیاوازییەکانمانەوە جوانین، بەڵام بۆ سەربەخۆیی و بوون بە خاوەن دەوڵەت هەمووان دەست لە ناو دەستین و دەڵێین بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان**








**مینا سامی**

**ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی**

بۆ گوڵان نووسیویەتی


کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی سروشتییەکانی دیکە، هەروەها خاوەنی سەرچاوەیەکی مرۆیی و بەهێزەو کاردەکات بۆ بونیادنانی دەوڵەتێکی دیموکراسی کە هاووڵاتی و یاسا تێیدا سەروەر بێت، بۆیە هەر جووڵەیەك لە دژی ئەم ئاراستەیە سەرکەوتوو نابێت.

سەرەڕای هەموو ئەو بەربەستانەی حکومەتی عێراق وەك فشار بۆ سەر حکومەتی هەرێمی دروستی کردوون، لە رووی ئابوورییەوە کوردستان بەرەوپێشچوونێکی باشی بەخۆیەوە بینیوە، بێگومان لە دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم و دامەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆ ئەو پێشکەوتنانە دەچنە قۆناغێکی سەرکەوتووتر و ئاستێکی بالاتر. لە قۆناغی ئێستاو داهاتووشدا دەرفەتی پێشکەوتنی ئابووری و تێکەڵبوونی بەرژەوەندییەکان و پەیدابوونی دەرفەتی نایابی ئابووری بۆ تورکیا و ئێران بە سوودوەرگرتن لە هەرێمی کوردستان دەستەبەر ناکرێت، بۆیە هیچ کام لەو دوو دەوڵەتە ئامادە نین ئەم دەرفەتە لە دەست خۆیان بدەن و بگرە ململانێ لەسەر ئەوە دەکەن کە کامیان زیاتر رۆڵ و پێگەیان هەبێت و پشکیان بەرکەوێت لەو ئابوورییە.

لە شەڕی ئازادکردنی عێراق و شەڕی داعش و تیرۆردا پێشمەرگە و گەلی کوردستان تاکە هێز بوون لەسەر ئەرزی واقیع کە بتوانن هاوپەیمانیی ئەمریکا و جیهانی ئازاد بکەن و بەرگری لە بەها بەنرخەکانی مرۆڤایەتی بکەن. هێزی پێشمەرگە بووە هێزیکی ناوازەی نێو هێزی هاوپەیمانان و لە جەنگی دژی تیرۆردا رۆڵی کاریگەر و بەرچاوی هەبووەو ناتوانرێت ئەو قوربانی و ئیرادەیە لە بەرچاو نەگیردرێت. گەلی کوردستان و پێشمەرگە سەلماندیان کوردستان لە فاکتەرێکی گەمەپێکراو بووەتە فاکتەری گەمەکەر و لە هەموو دۆخە سەختەکان خاوەن راو ئیرادەی خۆی بووەو بەرژەوەندییە باڵاکانی کوردستانیان پاراستووە، کورد لە رووی نێودەوڵەتی و مرۆیی بۆ هەموو جیهانی سەلماند کە کوردستان ئارامترین ناوچەیە کە تێیدا مافی هەموو پێکهاتەکان پارێزراوەو گەلی کورد میهرەبانی و دڵفراوانیی خۆی پیشانی جیهان دا کە جێگای زیاتر لە دوو ملیۆن ئاوارەی عەرب و نەتەوەکانی دیکەی کردەوە، لە کاتێکدا عەرەبەکان بازرگانییان بە ئافرەتانی کوردی ئێزیدی دەکرد، ئێمە پارێزگاریمان لە ئافرەتانی ئەوان کرد و جێمان کردنەوە و خواردن و جلمان دانێ، ئەوەیە جیاوازیی نێوان ئێمە و ئەوان، تا ئێستاش لە کەمپەکانی کوردستان نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارە ژیان بەسەر دەبەن.

ئایا دەبێ چ دەرفەتێك هەبێت کە لەم دەرفەتە باشتر و گونجاوتر بێت بۆ میللەتەکەمان تاکو سەربەخۆیی رابگەیەنێت؟

هەر ماوەیەك کارەساتێك بەسەر میللەتەکەمان دێت و بە هەزاران رۆڵەی ئەم وڵاتە دەبنە قوربانی، دە با قوربانیدانی ئەم جارەمان یەکجاری و دواجار بێت و ئەویش بۆ دەوڵەتی سەربەخۆ بێت. کورد بە فیعلی هەموو شێوەیەکی ژیانی لەگەڵ حکومەتی عێراق تاقی کردووەتەوە و هیچ کام لەو شێوازانە سەرکەوتوو نەبوون و لە هەر دەرفەتێك بێت عێراق کوردی بەلاوە ناوەو بە مەبدەئی زۆرینە و کەمینە مامەڵەی کردووە، وەکو ئەوەی لە چەند رۆژی رابردوودا بینیمان لە بەغدا، زیندووترین نموونەش پێشێلکردنی (٥٥) ماددەی دەستوورییە لە دەستووری عێراق، بۆیە ئەگەر ئەم دەرفەتە لە دەست خومان بدەین، جارێکیتر بە ئاسانی دەرفەتێکی لەم جۆرەمان بۆ نارەخسێت. لەم وڵاتەدا بەسەرجەم لایەنە سیاسییەکان و پێکهاتە جیاوازەکان شەریکین لە خۆشی و ناخۆشییەکان و لە قوربانیدان و خەباتکردن، ئێمە بە جیاوازییەکانمانەوە جوانین، بەڵام بۆ سەربەخۆیی و بوون بە خاوەن دەوڵەت هەموان دەست لە ناو دەستین و دەڵێین بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان، بەڵێ بۆ دەوڵەت و ئاڵای کوردستان، با چیتر خوێنی رۆڵەکانمان و خوێنی شەهیدانمان بەفیرۆ نەچێت، با بەرژەوندییە تەسەکان بەلاوە بنێین و تەنیا بیر لە کوردستان بکەینەوە.

**کوردستان ئارامترین ناوچەیە کە تێیدا مافی هەموو پێکهاتەکان پارێزراوەو گەلی کورد میهرەبانی و دڵفراوانیی خۆی پیشانی جیهان دا کە جێگای زیاتر لە دوو ملیۆن ئاوارەی عەرب و نەتەوەکانی دیکەی کردەوە، لە کاتێکدا عەرەبەکان بازرگانییان بە ئافرەتانی کوردی ئێزیدی دەکرد**

**لە شەڕی ئازادکردنی عێراق و شەڕی داعش و تیرۆردا پێشمەرگە و گەلی کوردستان تاکە هێز بوون لەسەر ئەرزی واقیع کە بتوانن هاوپەیمانیی ئەمریکا و جیهانی ئازاد بکەن و بەرگری لە بەها بەنرخەکانی مرۆڤایەتی بکەن**





# ئامادەکاریی دامەزراوەیی و پێداویستییەکانی قۆناخی ئەزموونی حوکمڕانی و دوای ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان

پرۆسەی ئەنجامدانی ریفراندۆم، هەنگاوی یەکەمی پرۆسەی راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستانە، ئەمەش وەرچەرخانێکە لە شێوازی ئامادەکاریی دامەزراوەیی و رێکخستنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکان بۆ شێوازی دامەزراوەی دەوڵەتی و چۆنیەتی دەستکردن بە دانوستاندن لەسەر هەموو ئاستەکان لەگەڵ دەوڵەتی عێراق بۆ ئەوەی وەك دوو دەوڵەتی دراوسێ پێکەوە مامەڵە بکەن، ئەم باسە توێژینەوەیەکی وردە کە ماوەیەکی دوور و درێژە سەرۆکایەتیی دیوانی چاودێری وەك خۆئامادەکردنێك بۆ قۆناخی داهاتوو کە قوناخی دەوڵەتی کوردستانە ئامادەی کردووە، گوڵان وێڕای دەستخۆشی لە خالید چاوەشلی سەرۆکی دیوانی چاودێریی هەرێم، ئەم بابەتە بۆ بەرچاوڕوونی خوێنەرانی بڵاو دەکاتەوە.

یەکەم: ئامادەکاری دەستووری و دامەزراوەیی و رێکخستنی دەسەڵاتی ئیداری و دارایی

١- هەموارکردنەوەی هەندێك لە ماددەکانی ڕەشنووسی دەستووری پێشنیازکراو پێش ئەوەی پەسەند بکرێت بە شێوەیەك کە لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی شارستانی سەردەمیانەی جێگیر بگونجێت و دوور بێت لە چەمك و دامەزراوەکانی عێراقی هاوشێوە و بە شێوەیەکی تایبەت ئەوەی پەیوەندی بە فەلسەفە و ڕوونیی ئەرك و تێچوونی دامەزراوە کارگێڕییەکان هەیە لە دەوڵەتی چاوەڕوانکراو.

٢- گرتنەبەری سیستەمی حوکمڕانیی نامەرکەزی کە واقیعی دیموگرافی کوردستانی باشوور بخاتەڕوو و هەڵوەشاندنەوەی واقیعی ئێستا کە ڕووخسار و قەبارەی دەزگا کارگێڕی و دامەزراوییەکان و یاساکانیان سیستەمی سەرۆکایەتی و پەرلەمانی و لامەرکەزی پارێزگاکان لە یەك کاتدا کۆدەکاتەوە، ئەمەش لە خۆدا یەك لە فاکتەرە سەرەکییەکانی قەیرانی سیاسی و دارایی پێشوو و ئێستای هەرێمە.

٣- گرنگە پێداچوونەوەیەکی بنەڕەتی ئەنجام بدرێت بۆ ڕێکخستنەوەی پەیکەری سیستەمی حوکمڕانی و دامەزراوە فەرمییەکان بۆ بەردەستکردنی پێداویستییەکانی سەرکەوتن و جێگیربوونی ئەو دەوڵەتەی کە ڕادەگەیەندرێت (دەوڵەتی کوردستان).

٤- دامەزراندنی بناغەی سیستەمی دارایی و نەختینە بۆ دەوڵەتی داهاتووی کوردستان و دەستپێکردن بە دارشتنی یاسای تایبەت بە (دەستەی نیشتمانی گەنجینە و بانکەکان) و دەستپێکردن بە مومارەسەکردنی هەندێك لە ئەرکە سەرەکییەکانی و لەگەڵیدا ئامادەکاری بۆ قۆناغی سەربەخۆیی و گرنگترینیان:

**ئەو دەوڵەتەی دادەمەزرێت، باوەڕی بە چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان لە ڕێگەی ئاشتیخوازی بە پێی ڕێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و بڕیارەکانی هەیە و هەڕەشەکردن بە هێز و توندوتیژی و تیرۆر ڕەت دەکاتەوە**



**خالید چاوەشلی**

**سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی هەرێمی کوردستان**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

أ- دەستپێکردن بە بەکارهێنانی دۆلاری ئەمەریکی وەك دراوی فەرمی بۆ قۆناغی کاتی لە ئێستا و بەدواوە لە پێدانی مووچە و مامەڵە فەرمییەکان لەگەڵ بەکارهێنانی دراوی عێراقی وەك دراوی یارمەتیدەر لە پێدانی نرخی مامەڵە فەرمییە بچووکەکان و وردەکانی تا جێگیربوونی بنەماکانی دەوڵەتی نوێ و گەشەکردنی ئابوورییەکەی و ئەم ستراتیژییە ئابوورییە کوردستانی دەپارێزێ لە پشتبەستن و سستی و سیاسەت و تەنگژەکانی ئابووری عێراقی و سیاسەتی دراو دەپارێزێت، هەروەها پارێزبەندییەکە خۆڕاییە بۆ ئەگەری هەر پیلانگێڕی یا (مجاربە) یا غەش کردن یا تەهریب کردن.

ب- چاودێری تەکنیکی و کارگێڕی لەسەر بانکە حکوومی و ئەهلییەکان.

ت- دەستپێکردن بە دروستکردن و بەڕێوەبردنی یەدەکی کوردستان لە زێڕ و دراوە بیانییەکان و بەڕێوەبردنی قەرزی حکومەت.

ث- لە قۆناغەکانی دوای چەسپاندن و سەقامگیری سیاسی و ئابووری دەوڵەتی کوردستان هەستانی بانکی ناوەندی کوردستان بە دەرکردنی دراوی ناوخۆیی کوردستانی بە گشت فیئەکانی و ئەمەش دوای کۆتاییهاتنی ماوەی بەکارهێنانی دۆلاری ئەمەریکی لە قۆناغی کاتی کە لە خاڵی یەکەمی سەرەوە ئاماژەی پێکراوە.

ج- داڕشتنی سیاسەتی نەختینە و پارێزگاریکردن لە نرخی دراوی کوردستانی لە هەڵاوسان (تچخم).

٥- ئەنجامدانی چاکسازیی ڕاستەقینە و شەفاف بۆ چارەسەرکردنی هۆکار و ئەنجامەکانی پەیوەندیدار بە قەیرانی ئابووری و دارایی بە مەبەستی دەستەبەرکردنی باروودخی ناوخۆیی و ئامادەکردنی ژینگەیەکی سرووشتی بۆ بە دیارکەوتنی هەرێم وەك نموونەیەکی گەشاوە و مسۆگەرکردنی دەنگدانی ناوچە کوردستانییەکانی ناو و دەرەوەی هەرێم بۆ بەرژەوەندی پرۆژەی دەوڵەت لە ڕاپرسی چاوەڕوانکراو پشت بە خوا.

٦- دامەزراندنی ژووری عەمەلیاتی لۆجیستیی بۆ پلاندانان و عەمبارکردن و گواستنەوەی یەدەکی باری لەناکاو لە خۆراك و دەرمان و سووتەمەنی و کەلوپەلی تر بە پێی پێداویستییەکانی قۆناغی دوای ڕاگەیاندنی دەوڵەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسییانەی کە لەوانەیە لە لایەن عێراق یا وڵاتانی دەوروبەری تر بێنە پێش لە ناکاو و دانانی پلانی جێگرەوە بۆ هەر سەرچاوە و کەلوپەلی پێویست کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر سەرکەوتنی پرۆژەی دەوڵەت و گواستنەوە بۆ قۆناغی دوای ڕاگەیاندن دەبێت.

**ئەو دەوڵەتەی کە دادەمەزرێت دەوڵەتێکە کە گەلەکەی سوود وەردەگرێت لە یەکسانی لە مافەکانیان لەژێر سێبەری سیستەمێکی دیموکراسی و لەسەر بنەمای ئازادی ڕادەربڕین و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و جیاوازی ناکات لە مافە گشتییەکان لە نێوان نەتەوە و ئایین و ڕەگەز و کاردەکات لەژێر دەستوورێک کە بڕوای بە سەروەریی یاسا و دادگای سەربەخۆ هەیە**



# 25 ئەیلوول
## بەڵێ بۆ کوردستان

**گەلی کوردستان وەک هەر گەلێکی تری سەر گۆی زەوی پێشینەی مێژوویی و زمان و جوگرافیا و ئابووری و سرووشتی تایبەت بە خۆی هەیە و ئەو هەلەی بۆ دەرەخسێنێت بۆ هێنانەدی ئاواتەکانی لە دامەزراندنی کیانێکی سەربەخۆ و دروستکردنی ژیانێکی جێگیر و بەخشندە بۆ نەوەکانی داهاتوو**

**حکومەتی عێراقی هیچ رێکارێکی نەگرتۆتە بەر بۆ قەرەبووکردنەوەی ماددی و مەعنەوی بۆ تاوانەکانی کۆمەڵکوژی و جینۆساید کە بەرامبەر گەلی کوردستان کراوە لەوانە تاوانەکانی ئەنفال و هەڵەبجە، بێسەروشوێنکردنی بارزانییەکان، کۆمەڵگە زۆرەملێیەکان**

٧- ئامادەکردنی پلانێک بۆ چوونە ئەندام بوون لە یەکێتییەکانی نێودەوڵەتی وەرزش و لاوان و پیشەیی و هونەری و زانستی و پزیشکی و ئەکادیمی و هیتر و هەوڵدان بۆی هەر لە ئێستاوە.

٨- ئامادەکردنی پلانێک بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی بە نێودەوڵەتیکردنی هێمای تەلەفۆن و پۆستە و ئینتەرنێت و هێڵە ئاسمانییەکان و پێداویستییەکانی جیاکردنەوەی شەپۆلەکانی رادیۆ و تەلەفزیۆن و گەیاندن کاتی ناوچەیی (المنطقة الزمنية) و ئاراستەی هاتوچۆ و هەر شتێکی لەو شێوەیە.

٩- دەستپێکردن بە بەکارهێنانی پیتی لاتینی لە دەرکردنی بەڵگەنامە و گفتوگۆی فەرمی لەگەڵ مانەوەی فێرکردنی پیتی عەرەبی لە قوتابخانەکان بۆ بەردەستکردنی رۆشنبیری ئایینی و رێزلێگرتن.

### رێککەوتن بۆ جیابوونەوەی ئاشتییانە لەگەڵ عێراقدا

دروستکردنی بۆچوونێکی گشتی بۆ بەدیهێنانی رێککەوتنامەی لێکجیابوونەوە و کاری هاوبەش لەگەڵ دەوڵەتی عێراق بە شێوەیەک کە ئەم پێوەرانەی خوارەوە لە خۆ بگرێت:

١. کێشەی پاکتاوکردنی قەرز و هەڵواسراوە داراییەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی عێراقی بۆ سالانی ٢٠٠٤ تاکو ساڵی ٢٠١٤.

٢. بە هەند وەرگرتنی کێشەی پاکتاوکردنی ئەو بەشەی کە لەسەر ئەستۆی دەوڵەتی کوردستان دەکەوێت بەپێی یاسا و نەریتە نێودەوڵەتییەکان لەمەر ئەو قەرز و قەرەبووانەی کە دەرئەنجامی سزای نێودەوڵەتی کە پێشتر بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دژی رژێمی پێشووی عێراق وەرگیراوە، بۆیە پێویستە وزارەتی دارایی و فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە ئەنجامدانی دیراسەتێکی یاسایی و هونەری بکەن بۆ ئەگەری لێبووردنی دەوڵەتی کوردستان لەم ئەرکانە.

٣. وەرگرتنی قەرەبووی گونجاو لە دەوڵەتی عێراق لەمەر ئەو قەرز و سوودی قەرز و غەرامەکانی کۆمپانیاکان کە کەوتوتە ئەستۆی حکومەتی هەرێم پێش بە دەوڵەت بوون لە سەر بنەمای ئەوەی کە بەشی گەورەی ئەم بارە داراییانە کەوتوتە ئەستۆی هەرێم دەرئەنجامی سیاسەتی دارایی و جێبەجێنەکردنی حکومەتی ناوەندی عێراق بڕگە و بەشی هەرێم لە چوارچێوەی یاسای بوودجەی عێراقی تاکو ساڵی ٢٠١٣ و تێچووە راستەقینەکانی حکومەتی عێراق بۆ ساڵی دارایی ٢٠١٤ بە هۆی پەسەندنەکردنی بوودجە.

٤. راسپاردنی لیژنەیەک لە وەزارەتەکانی (ناوخۆ و دارایی و ئابووری و بازرگانی و کشتوکاڵ و گواستنەوە و گەیاندن و ناوەندەکانی توێژینەوەی پەیوەندیدار) بۆ ئامادەکردنی ڕەشنووسێک سەبارەت بە دیدی هەرێم بۆ تەوەری رسوماتی ترانزێت و تەعریفەی گومرگی و ئاسانکاری خاڵە سنوورییەکان و دواتر ببێتە بنەمایەک بۆ ریککەوتننامەی رێکخستنی پەیوەندی و بەرژەوەندییەکان لەگەڵ لایەنی عێراقی لەم تەوەرەوە و بەهەند وەرگرتنی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

- دیراسەتکردنی فاکتەرەکانی ئابووری و مێژوویی و ئاسایشی بۆ دەستنیشانکردنی شوێنی خاڵە سنوورییە فەرمییەکان لە نێوان ئەم دوو وڵاتە.
- ئاسانکارییە شیاوەکان و تەعریفەی گومرگی و دانەوەی ئەولەوییەت و پاراستنی بازرگانی بۆ بەرهەمەکانی هەر لایەك لە بازاڕەکانی لایەنی بەرامبەر.
- ئاسانکاریی شیاو و رسوماتی پەڕینەوە (ترانزێت) بۆ هاوردە و هەناردەکردنی هەر لایەنێك لە خاڵە سنوورییەکانی لایەنی بەرامبەر لە رێگەی وشکانی، ئاوی و ئاسمانی.

٥. راسپاردنی لیژنەیەک لە وەزارەتی کشتوکاڵ و ناوەندی توێژینەوەی پەیوەندیدار و زانکۆکان بۆ ئامادەکردنی ڕەشنووسێك سەبارەت بە دیدی هەرێم بۆ ستراتیژیەتی ئاسایشی ئاو و کشتوکاڵی، بە شێوەیەك بنەمایەکی یاسایی و هونەری بۆ ریککەوتننامەی پەیوەندیدار و بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی کوردستان بپارێزێت و پێمان باشە دیراسەتەکە ئەم خاڵانەی خوارەوە لە خۆ بگرێت:

- پرۆژەکانی ئاودێری و بەنداوەکان لە داهاتوو لە خۆ بگرێت و دیراسەتکردنی بنەما نێودەوڵەتییەکان کە بەکارهێنانی ئاوە نێودەوڵەتییەکان رێکدەخات، بە پێی (بنەمای هلسنکی بۆ بەکارهێنانی ئاو و ئاوڕۆ نێودەوڵەتییەکان - ساڵی ١٩٦٦ و رێککەوتنی یاسای بەکارهێنانی ئاوەڕۆ نێودەوڵەتییەکان بۆ مەبەستی ناکەشتیوانی - ساڵی

١٩٩٧ ) و دواتر بکرێتە بنەمایەك بۆ ڕێککەوتنی پەیوەندی لەگەڵ لایەنی عێراقی لەم تەوەرەدا بە ڕەچاوکردنی ئەم بابەتانە:

- بەشە ئاوی گشت لایەنەکان لە ئاوی ڕووبارەکان و هەماهەنگی کات و شێوازی بەردانەوەی بەشەکان و کاروباری دروستکردنی بەنداو.
- پرۆژەکانی گلدانەوەی ئاوی باران و زیادەی ئاستی سوودوەرگرتن لە ئاوی زێ و ڕووبارەکان بە هەدەرچووەکان کە دەچنەوە ناو (شط العرب).
- پاراستن و دروستکردنی بەنداوەکان و بەربەستە پێویستەکان بۆ پارێزگاریکردن و پاراستن لە مەترسییەکانی داڕمانی بەنداوەکان و ئەگەری کارەساتی لافاوەکان.

٦. ڕاسپاردنی لیژنەیەك لە وەزارەتەکانی (سامانە سروشتییەکان و وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی ناوخۆ و ناوەندەکانی توێژینەوەی پەیوەندیدار) بۆ ئامادەکردنی ڕەشنووسێك سەبارەت بە دیدی هەرێم سەبارەت بە ترانزێت و بەڕێوەبردنی بۆڕییەکانی گواستنەوەی نەوت و غازی عێراق و دواتر بکرێتە بنەمای ڕێککەوتننامەی ڕێکخستنی پەیوەندی لەگەڵ لایەنی عێراقی لەم تەوەرەدا، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەم بابەتانەی خوارەوە:

- کاروباری پەیوەندیدار بە پاکتاوکردنی خاوەنداریەتی و شێوازی بەڕێوەبردن و چاککردنەوەو پاراستنی سیستەمی بۆڕییەکانی عێراقی و شێوازی دەستنیشانکردنی ڕسوماتی تێپەڕین (ترانزێت) و پێداچوونەوەیان.
- کاروباری پەیوەندیدار بە کردنەوەی نووسینگەی عێراقی لە کوردستاندا لەگەڵ خستنەڕووی ئاسانکاریی شیاو لە باج و ڕسوماتی جۆراوجۆر.
- کاروباری پەیوەندیدار بە پابەندبوون بە پێوەرەکانی ژینگەپارێزیی نێودەوڵەتی و یاساکانی ژینگەی ناوخۆیی هەردوو لایەن لە کاتێکدا کە پرۆژەی لەم جۆرە ڕێکدەخرێن.
- دیراسەتکردنی بەخشینی ئیمتیازاتی تایبەت بە پارێزبەندی نەوتی خاو و غازی وشکی عێراقی.

٧. ڕاسپاردنی لیژنەیەك لە وەزارەتەکانی (دارایی و ناوخۆ و داد و ناوەندەکانی توێژینەوەی پەیوەندیدار) بۆ ئامادەکردنی تێڕوانینی فەرمی هەرێم لەمەڕ مسۆگەرکردنی پێدانی مووچەی هاووڵاتیانی کوردستان کە ئێستا لە لایەن حکومەتی فیدراڵ کار دەکەن لە پۆستەکانی ناوەندی و هەروەها مووچەی هەزاران فەرمانبەر کە ئیستا لە حکومەتی ناوەندی (فیدراڵ) مووچەی خانەنشینی وەردەگرن (بە پێی خشتە فەرمییەکانی پێش جیابوونەوە) یاخود گواستنەوەی ئەم ئەرکانە بۆ سەر دەوڵەتی کوردستان و بەراوردکردنی نرخە گشتینەیەکی بەرامبەر ئاسانکاری و ئیمتیازاتی عێراقی بۆ دەوڵەتی کوردستان لە ڕێگای وازهێنانی دەوڵەتی عێراقی لە بەشێك لە مافەکانی لە پێوەرەکانی تر لە جیاتی ئەم بەراوردکردنە.

٨. هەروەها ڕاسپاردنی هەمان لیژنە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری ورد بە مەبەستی خەملاندنی باری دارایی سەرەڕای ئەوەی کە دەکەوێتە ئەستۆی خزێنەی دەوڵەتی کوردستان لە مەڕ:

- مووچەی فەرمانبەرانی ئێستا کە بەردەوامن لە کارەکانیان لە فەرمانگە فەرمییەکانی حکومەتی فیدراڵ لە سنووری جوگرافی ناوچە کوردستانییەکان کە بە دەوڵەتی کوردستان دەبەسترێن.
- مووچەی خانەنیشانی هاووڵاتیانی ناوچە کوردستانییەکان کە بە دەوڵەتی کوردستان دەبەسترێن
- قەرزی بەڵێندەران و بازرگانان و هەر ئیلتیزامێکی دارایی تر کە دەرئەنجامی جێبەجێکردنی پرۆژە و هێنانی کەلوپەل بۆ پرۆژەکانی پێشووی حکومەتی فیدراڵ لە سنووری جوگرافی ناوچە کوردستانییەکان کە بە دەوڵەتی کوردستان دەبەسترێن.
- تێڕوانینی فەرمیی هەرێم لەمەڕ مسۆگەرکردنی پێدانی مووچەی هاووڵاتیانی کوردستان کە ئێستا لە لایەن حکومەتی فیدراڵ کار دەکەن لە پۆستەکانی ناوەندی و هەر وەها مووچەی هەزاران فەرمانبەر کە ئێستا لە حکومەتی ناوەندی (فیدراڵ) مووچەی خانەنشینی وەردەگرن (بە پێی خشتە فەرمییەکانی پێش جیابونەوە) یاخود گواستنەوەی ئەم ئەرکانە بۆ سەر دەوڵەتی کوردستان و بەراوردکردنی

**هەرێمی کوردستانی ئێستا، بەشێک لە دەوڵەتی عێراق نەبووە لە کاتی دامەزراندنی لە ساڵی ١٩٢١ (ئەو کات لە دوو ویلایەتی جیای عوسمانییەکان، ویلایەتی بەغدا و ویلایەتی بەسرە پێکهاتووە)**

**دامەزراندنی ژووری عەمەلیاتی لۆجیستیی بۆ پلاندانان و عەمبارکردن و گواستنەوەی یەدەکی باری لەناکاو لە خۆراک و دەرمان و سووتەمەنی و کەلوپەلی تر بە پێی پێداویستییەکانی قۆناغی دوای ڕاگەیاندنی دەوڵەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسییانەی کە لەوانەیە لەلایەن عێراق یا وڵاتانی دەوروبەری تر بێنە پێش لەناکاو و دانانی پلانی جێگرەوە بۆ هەر سەرچاوە و کەلوپەلی پێویست کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر سەرکەوتنی پرۆژەی دەوڵەت و گواستنەوە بۆ قۆناغی دوای ڕاگەیاندن دەبێت**



**25 ئەیلوول**

**بەڵێ بۆ کوردستان**

**ئەو ستەمەی لە گەلی کوردستان کراوە لە ئەنجامی جێبەجێنەکردنی ماددەکانی (٦٢و٦٣و٦٤) ی پەیماننامەی سیڤەر و گۆڕینی بە پەیماننامەی لۆزان بووە**

**ئەنجامدانی چاکسازیی ڕاستەقینە و شەفاف بۆ چارەسەرکردنی هۆکار و ئەنجامەکانی پەیوەندیدار بە قەیرانی ئابووری و دارایی بە مەبەستی دەستەبەرکردنی بارودۆخی ناوخۆیی و ئامادەکردنی ژینگەیەکی سرووشتی بۆ بە دیارکەوتنی هەرێم وەک نموونەیەکی گەشاوە و مسۆگەرکردنی دەنگدانی ناوچە کوردستانیییەکانی ناو و دەرەوەی هەرێم بۆ بەرژەوەندی پرۆژەی دەوڵەت لە ڕاپرسی چاوەڕوانکراو پشت بە خوا**

نرخە گشتینەیەکی بەرامبەر ئاسانکاری و ئیمتیازاتی عێراقی بۆ دەوڵەتی کوردستان لە ڕێگای وازهێنانی دەوڵەتی عێراقی لە بەشێك لە مافەکانی لە پێوەرەکانی تر لە جیاتی ئەم بەراوردکردنە.

٩. ڕاسپاردنی لیژنەیەك لە وەزارەتی دارایی و داد و کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ و ناوەندەکانی توێژینەوەی پەیوەندیدار بۆ ئامادەکردنی ڕەشنووسێك سەبارەت بە دیدی فەرمیی هەرێم و دواتر ببێتە بنەمایەك بۆ ڕێککەوتنی ڕێکخستنی پەیوەندی لەگەڵ لایەنی عێراقی لەم بوارانەی لە خوارەوە هاتووە:-

- مەرجەکانی وەرگرتنی مافی هاووڵاتی بوون لە دەوڵەتی کوردستان و تێڕوانینی فەرمی سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ هاووڵاتیانی دەرەوەی هەرێم پێش لێك جیابوونەوە و ڕەگەزنامەیان کوردە.
- مەرجەکانی وەرگرتنی مافی هاووڵاتی بوون لە دەوڵەتی کوردستان و تێڕوانینی فەرمی سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ هاووڵاتیانی دەرەوەی هەرێم پێش لێك جیابوونەوە کە ڕەگەزنامەیان کورد نییە و بۆ ماوەیەکی درێژ لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن، یاخود لەدایك بوون.
- مەرجەکانی وەرگرتنی مافی دەستیەکبوون (لم الشمل) بۆ هۆیەکانی خزمایەتی و خێزانی.
- میکانیزم و ئاسانکاری گەشتکردن و جۆری بەڵگەی پێداویست بۆ سەفەر لەنێوان هاووڵاتیانی هەردوولا.
- میکانیزم و وادەی دیاریکراو بۆ هەبوونی مافی ئاڵوگۆڕ و گواستنەوەی نەختینەی کۆکراو دەرئەنجامی فرۆشتن و پاکتاوکردنی موڵك و ماڵ و پرۆژەکانی هاووڵاتیانی هەر لایەنێك لە سنووری جوگرافی لایەنی تر.

١٠. ڕاسپاردنی لیژنەیەك لە وەزارەتەکانی (ئاوەدانکردنەوە و ژینگە و تەندروستی و گواستنەوە و گەیاندن و وەزارەتی دارایی و ئابووری و ناوەندەکانی توێژینەوەی پەیوەندیدار) بۆ ئامادەکردنی ڕەشنووسێك سەبارەت بە دیدی هەرێم سەبارەت بە پاراستنی ژینگە و پرۆژەی هەرێمی هاوبەش لە سێکتەرە ستراتیژییەکانی ئابووری و گواستنەوە و تەندروستی و...هتد

**ڕاگەیاندنی ئاکامی ڕاپرسی و پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان**

ڕاگەیاندنی ئەنجامدانی ڕاپرسی، یان پەیامی داواکردنی دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی عێراقی و گرنگیی بەرچاوخستنی بیانووی یاسایی و بابەتییەکان بۆ بەکارهێنانی مافی بڕیاری چارەنووس و سەربەخۆیی کوردستان:

١. دیراسەت کردنی توانای بەکارهێنانی بیانوو و ڕاستییە یاسایی و مرۆییانەی کە لە دۆسیە و ڕووداوە مێژووییەکانی پەیوەندیدار بە ویلایەتی موسڵ و ڕێککەوتننامەی سیڤەر و پێشلکارییەکانی حکومەتەکانی یەك لەدوای یەکی عێراق لەگەڵ تەرکیزکردن لەسەر شەڕەکانی سەرکوتکەرانەی یەك لە دوای یەك کە بەسەر کورددا سەپێندراوە لە سەرەتای دامەزراندنی حکومەتی عێراق تا ڕووخانی ڕژێمی پێشوو لە ساڵی ٢٠٠٣ کۆکراوەتەوە وەك لە خوارەوە هاتووە:

أ- نەخشەی زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەوانەش عێراق دەرخەری دیموگرافیای گۆڕەپانی ڕاستەقینە و قووڵایی مێژوویی نەبووە بەڵکو بۆ چارەسەرکردنی بەرژەوەندییەکانی هاوپەیمانانی سەرکەوتوو لە شەڕی یەکەمی جیهانی و تێڕوانینان بۆ سیاسەت بووە.

ب- ئەو ستەمەی لە گەلی کوردستان کراوە لە ئەنجامی جێبەجێنەکردنی ماددەکانی (٦٢و٦٣و٦٤) ی پەیماننامەی سیڤەر و گۆڕینی بە پەیماننامەی لۆزان بووە.

ت- هەرێمی کوردستانی ئێستا، بەشێك لە دەوڵەتی عێراق نەبووە لە کاتی دامەزراندنی لە ساڵی ١٩٢١ (ئەو کات لە دوو ویلایەتی جیای عوسمانییەکان، ویلایەتی بەغدا و ویلایەتی بەسرە پێکهاتووە) و لە کاتێکدا کوردستانی باشوور یا ئەوەی لەڕووی کارگێڕییەوە بە ویلایەتی موسڵ ناسراوە لە ساڵی ١٩٢٥ بە عێراقەوە لکێندراوە بە پشتبەستن بە ڕاپرسی شکڵی و ناڕاستەوخۆ و دیدار گەلێك بێبەری نەبووە لە سەفقەی سیاسی نێوان لیژنەی لێکۆڵینەوەی نەتەوەیی و هەندێك لە خانەدانەکان و ناسراوەکان لەگەڵ گرنگی ئەوەی لیژنەکە باسیکردووە (دانیشتووانی موسڵ، کورد و عەرەب و جوولەکە و مەسیحی و تورك و ئێزیدین و کورد زۆرینەی دانیشتووان پێکدەهێنن و لیژنەکە گوتوویەتی کە لیژنەکە بیانووی ڕەگەزییانە

بـە هەنـد وەردەگرێـت وەك هـۆكاری سـەرەكی بـۆ دروسـتكردنی دەوڵەتـی سـەربەخۆی كـوردی).

پ- حكومەتـی عێراقـی هیـچ رێكارێكـی نەگرتۆتـە بـەر بـۆ قەرەبووكردنـەوەی مـاددی و مەعنـەوی بۆ تاوانەكانی كۆمەڵكوژی و جینۆسـاید كـە بەرامبـەر گەلـی كوردسـتان كـراوە لەوانـە تاوانەكانـی ئەنفـال و هەڵەبجـە، بێسەروشـوێنكردنی بارزانییـەكان، كۆمەڵگـە زۆرەملێیـەكان، هەروەهـا مافـی رۆڵەكانـی كورسـتانی عێـراق لـە سـتەم و لەدەسـتدانی هەلـی ژیانـی بەختـەوەر لـە ئەنجامـی ئابڵۆقـەی سـەپێندراو بـە سـەر هەرێمـی كوردسـتان لـە لایـەن رژێمـی پێشـوو لەگـەڵ كاریگەریـی ئابـووری و كۆمەڵایەتـی و رامیاریـی كەڵەكەبـوو لـە ئەنجامی شـەڕ و سەركەشـییەكانی ئـەم ڕژێمـە.

٢. بەكارهێنانـی راسـتییەكانی هاتـوو لـە دەسـتووری عێراقـی كارپێكـراو و كەلێنەكانـی یاسـایی كەڵەكەبـوو لـە ئەنجامـی پێشـلكارییەكانی حكومەتـی فیدرڕاڵـی وەك بیانـوو و بەڵگـەی یاسایی بـۆ مافـی بڕیاردانـی مافـی چارەنـووس لەوانـە:-

- وەك لـە مـاددەی (١)ی دەسـتووری عێراقـی دانـراوە كـە ماددەكانـی ئـەم دەسـتوورە دابینكـەری یەكگرتـووی عێـراق دەبێـت و لەكاتێكـدا بەڵگـەكان و راسـتییە كردەییـەكان لـە مـاوەی رابـردوو لـە سـاڵی ٢٠٠٥ تـا ئامادەكردنـی ئـەم ڕاگەیاندنـە و زیاتـر لـە ١١ سـاڵ سـەلماندوویەتی بەشـێوەیەك هیـچ گومانێـك ناهێڵێتـەوە كـە زۆربـەی ئـەم ماددانـە پشـتگوێ خـراون و بـە تایبـەت ئەوانـەی پەیوەندیـدارن بـە فیدرڕاڵییەتـی دەوڵەتـی عێـراق، لەوانـە دامەزرانـدن و كاراكردنـی ئەنجومەنـی فیدرڕاڵـی و دابەشـكردنی سـامانەكان لـە نێـوان هەرێمـەكان و پێشـلكارییەكانی پەیوەندیـدار بـە دامەزرانـدن و تەمویـل كردنـی میلیشـیا تائیفییـەكان و بەشـی هەرێـم لـە قەرەبـووی داواكاری كێشـەی موڵكدارییـەكان و جێبەجێنەكردنـی سـەرژمێریی دانیشـتووان و یەكلایـی نەكردنـی دۆسـیەی كەركـووك كـە زۆرینـەی پێكهاتەكانـی تـری عێـراق كـە لـە دەزگای دەسـەڵاتی جێبەجێـكاری سـوودمەندن لێـی. و ئەنجومەنـی نوێنـەران كـە مافێكـی پـێ دراوەیـە بـە پێـی بڕگـەی (دووەم لـە مـاددەی ٤ ب ) و یەكـەم و دووەم لـە مـاددەی (٩) و دوانـزدە لـە مـاددەی (١٩)، ماددەكانـی (٤٨و٦٥و١٣٧)، دوو مـاددەی (١٠٥و١٠٦) و نـۆ لـە مـاددەی (١١٠)، مـاددەی (١٣٢)، مـاددەی (١٣٦) مـاددەی (١٤٠) لـە دەسـتووری كارپێكـراوی عێـراق.

٣. سـوودوەرگرتن لـە بنەمایەكانـی و چۆنیەتـی پـشـگیریكردنی دادگای دادوەری نێودەوڵەتـی (محكمـة العـدل الدولیـة) بـۆ راگەیاندنـی سـەربەخۆیی (كۆسـوفو) و هەژمارنەكردنـی ئـەم كارە وەكـو پیشـێلكردنەوەیەك بـۆ یاسـای گشـتی نێودەوڵەتـی.

٣. داواكاری دانوسـتاندن و پێداگـری لەسـەر لەخۆگرتنـی مـاف و لایەنەكانـی خـوارەوە وەك پەیامـی دڵنیایـی بـۆ وڵاتانـی دراوسـێ و كۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی بێـت وەك لـە خـوارەوە هاتـووە:

أ- گەلـی كوردسـتان وەك هـەر گەلێكـی تـری سـەر گـۆی زەوی پێشـینەی مێژوویـی و زمـان و جوگرافیا و ئابووری و سرووشتی تایبەت بە خۆی هەیە و ئەو هەلەی بۆ دەڕەخسێنێت بۆ هێنانـەدی ئاواتەكانـی لـە دامەزراندنـی كیانێكـی سـەربەخۆ و دروسـتكردنی ژیانێكـی جێگیـر و بەخشـندە بـۆ نەوەكانـی داهاتـوو و قەرەبووكردنـەوەی ئـەوەی بەسـەرهاتووە لـە ستەم و پشتگوێخستنی مێژوویـی بـە هـۆی داگیـركاری هاوتەریبـی هێـزی ناوچەیـی و جیهانییـەكان و پشتگوێخسـتنی لـە نەخشـەی پەیماننامـەی سـایكس پیكـۆ، بـە پێچەوانـەی ئـەو ڕاسـتییەی كـە خـوای بێگـەرد و گـەورە مافـی یەكسـانی بـە گشـت گەلـەكان بەخشـیوە و ناكرێت رەت بكرێتـەوە و كەسـانی تـر بڕیـاری لەسـەر بـدەن.

ب- ئـەو دەوڵەتـەی كـە دادەمەزرێـت دەوڵەتێكـە كـە گەلەكـەی سـوود وەردەگریـت لـە یەكسـانی لـە مافەكانیـان لەژێـر سـێبەری سیسـتەمێكی دیموكراسـی و لەسـەر بنەمـای ئـازادی ڕادەربڕیـن و دادپـەروەری كۆمەڵایەتـی و جیـاوازی نـاكات لـە مافـە گشـتییەكان لـە نێـوان نەتـەوە و ئاییـن و رەگـەز وكاردەكات لەژێـر دەسـتوورێك كـە بـڕوای بـە سـەروەریی یاسـا و دادگای سـەربەخۆ هەیـە.

ئـەو دەوڵەتـەی دادەمەزرێـت، بـاوەڕی بـە چارەسـەركردنی كێشـە نێودەوڵەتـی و هەرێمییـەكان لـە ڕێگـەی ئاشـتیخوازی بـە پێـی ڕێكەوتننامـەی نەتـەوە یەكگرتـووەكان و بڕیارەكانـی هەیـە و هەڕەشـەكردن بـە هێـز و توندوتیـژی و تیـرۆر رەت دەكاتـەوە و ئەمـە جگـە لـە مافـی سرووشـتیی خـۆی لـە پارێزگاریكـردن لـە خـاك و سـەربەخۆیی خـۆی.

**گرنگە پێداچوونەوەیەكی بنەڕەتی ئەنجام بدرێت بۆ رێكخستنەوەی پەیكەری سیستەمی حوكمڕانی و دامەزراوە فەرمییەكان بۆ بەردەستكردنی پێداویستییەكانی سەركەوتن و جێگیربوونی ئەو دەوڵەتەی كە ڕادەگەیەندرێت (دەوڵەتی كوردستان)**

**گرتنەبەری سیستەمی حوكمڕانیی نامەركەزی كە واقیعی دیموگرافی كوردستانی باشوور بخاتەڕوو و هەڵوەشاندنەوەی واقیعی ئێستا كە ڕوخسار و قەبارەی دەزگا كارگێڕی و دامەزراوییەكان و یاساكانیان سیستەمی سەرۆكایەتی و پەرلەمانی و لامەركەزی پارێزگاكان لە یەك كاتدا كۆدەكاتەوە، ئەمەش لە خۆدا یەك لە فاكتەرە سەرەكییەكانی قەیرانی سیاسی و دارایی پێشوو و ئێستای هەرێمە**





# کوردستان لە کۆبوونەوەی جیهانیی کۆمیۆنیتی سانت ئیجیدیۆ لە ئەڵمانیا

کۆبونەوەی فراوانی کۆمیونیتی سانت ئیدیجیۆ کە ساڵانە بەردەوامە لەسەر داوای پاپا یۆحەننا پۆڵسی دووەم کاتێك لە شاری ئەسیزی لەساڵی ١٩٨٦ داوای کرد کە کۆبوونەوەیەکی ساڵانەی خاوەن ئایین و ئایینزاکان بەڕێوەبچێت، ئەمساڵیش ٢٠١٧ لە هەردوو شاری (مونستەرو ئۆسنابروك)ی ئەڵمانیا بەڕێوەچوو، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

ڕۆژی یەکەم : ٢٠١٧/٩/٩

کردنەوە بە نوێژو دوعای ئاشتیی لەلایەن:

کلاوس ریدەر لە زانکۆی ورزبێرگ و، کۆمیونیتی سانت ئیدجیۆ / ئەڵمانیا

فلیکس کین: سەرپەرشتیاری کڵیسا لە مونستەر / ئەڵمانیا

ڕۆژی دووەم: ٢٠١٧/٩/١٠

بەئامادەبوونی ئەنگیلا مێرکڵ و زیاتر لە ٣٥٠ نوێنەری ئایین و ئایینزاکان لەسەرتاسەری جیهانەوە، زیاتر لە ٥٠٠٠ کەسایەتیی بەشداربووی جۆراوجۆری ناوخۆو دەرەوەی ئەڵمانیاوە، ئەم کەسانە وتاریان هەبوو:

فیلیکس جین: لەکڵێسای سەلاکی مونستەر

مارکۆس لاوی: سەرۆکی شارەوانی مونستەر.

نوێنەری پاپا فرانسیس پەیامی پاپای خوێندەوە.

ئەندریا ریکاردی: مێژوونووس و دامەزرێنەری کۆمبونیتی سانت ئیدیجیۆ

ئەنگیلا مێرکل: راوێژکاری ئەڵمانیا

محەمەدۆ ئیسۆفۆ: سەرۆك کۆماری نەیجەر

ئەنتۆنیۆ تاجانی: سەرۆکی یەکیتی پەرلەمانی ئەورووپا

محەمەد ئەحمەد تەیب: ئیمامی گەورەی ئەزهەر

جێفری ساش: بەرێوبەری پەیمانگای زەوی زانکۆی کۆلۆمبیا – ئەمریکا

ئەلبا رۆیز دی ئەندرێس: لەدامەزرێنەرانی سات ئیدیجیۆ – ئیسپانیا

جۆن ئیکس: پاتریارکی کڵێساکانی ئەرسۆدۆکسی ڕۆژهەڵات - یۆنان

ئەڤیجای ئەپیل: سەرپەرشتیاری کڵێسای فرانکفۆرت

کۆشۆ نیوانۆ: سەرۆکی پەرستگاکانی بوزی - ژاپۆن

ڕۆژی سێیەم : ٢٠١٧/٩/١١ : بەڕێوەچوونی ٢٤ پانێل

بەشداربووان لەهەرێمی کوردستانەوە: د.پشتیوان سادق / عەبدولڕەحمان سدیق / خالید ئەلبێرت / قەشە رەیان

ئێمە لەپانێڵەکانی ٧ و ١٢ و ١٤ و ١٩ بەشداربووین بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

پانێڵی ٧

ناونیشانی پانێڵ: پارێزگاریکردن لە منداڵان

د.پشتیوان سادق / وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان

ئەدێرنا گولوتا: لە کۆمیونیتی سانت ئیدیجیۆ

جۆرجیۆ روسا چاڤێز : لەکڵێسای کاسۆلێکی سلڤادۆر

ئەڤراهام گیسەر: سەرۆکی دامەزراوەی ئەفرا لە ئیسرائیل

سەیهود ساهودی: سەرۆکی (نەهزەت ئەلعولەما) لە ئەندۆنیسیا

پانێڵی ١٢

ناونیشانی پانێڵ: دروستکردنی ئاشتی

محەمەد ئەل سولەیمانی: بیرمەندی ئاینیی لە میسر

ماورۆ گارەفولا: بیرمەند لە کۆمیونیتی سانت ئیدیجیۆ

عەبدولڕەحمان سدیق: بیرمەندی ئایینیی لەکوردستانی عێراق



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەینووسێت

جین پێرس: مەتران لەکڵێسای کۆماری کۆنگۆی دیموکراتی
موراد ئیبراهیم: سەرۆکی بەرەی مۆرۆ لە فلیپین
دیادۆنی نزاپالینگا: سەرۆکی کڵێسای ئەفریقیای ناوەڕاست
خاتوو شارۆن رۆسن : سەرۆکی دامەزراوەی کۆمۆن گراوند لە ئیسرائیل
پانێڵی ١٤
ناونیشانی پانێڵ: پێکەوەژیان
بیانتۆ: لە زانکۆی (المحمدیە)ی ئەندۆنیسیا
فیسەڵ بن مەعمەر: ئەمینداری سەنتەری مەلیك عەبدوڵا بۆ دیالۆگی نێوان ئایینەکان و کەلتوورەکان لە سعودیە
پۆلی کارپۆس: لەکڵێسای ئەرسۆدۆکسی سووریا
جیۆجینۆس لە کڵێسای ئەرسۆدۆکسی میسر
میشێل سانتێر لە کڵێسای کاسۆلیکی فەرەنسا
بین شین: لە کڵێسای کاسۆلیکی چین
رۆژی چوارەم : ٢٠١٧/٩/١٢
پانێڵی ژمارە ١٩
ناونیشانی پانێڵ: دووبارە بنیادنانەوەی عێراق
خالید ئەلبێرت: بەڕێوەبەری کاروباری مەسیحییەکان لە وەزارەتی ئەوقافی هەرێمی کوردستان
دکتۆر عبداوهاب السامرائی: لە وەقفی سوننی عێراق
جواد الخوئی: لە دامەزراوەی ئەلخوئی
دواتر لە کۆڕبەندی لاواندا بە دروشمی: ئاشتی بەڕێوەیە، رێگاکانی ئاشتیی لە بری توندوتیژی، ئەم بەڕێزانە وتەیان هەبوو:
جۆسێ ئەلیخاندرۆ: لە کڵێسای کاسۆلیکی مەکسیك
خاتوو ئەنجلیکا واگنەر: لە کۆمیونیتی سانت ئیدیجیۆ

پاشان لە مەراسیمی کۆتاییدا دوعاو نزا بۆ ئاشتیی کراو، چوار وتار پێشکەش کران و، بەشداریمان کرد لەداگیرسانی مۆمەکانی ئاشتیدا وەك نوێنەری کوردستان، ناوو واژۆی خۆشمان لە تۆماری کۆتایی مەراسیمەکەدا نووسی. لەدوا بڕگەشدا شاری بۆلۆنیای ئیتاڵیا بۆ کۆبوونەوەی ساڵی داهاتوو دیاری کرا.
ئەنجامەکان:
چونکە تەوەری ئەم کۆبوونەوە فراوانە ساڵانەیەی کۆمیونیتی سانت ئیدیجیۆی کاسۆلیکی بریتییە لە ئاشتی لە سەرتاسەری جیهاندا، لەگەڵ ئەوەشدا باسی کوردو کوردستان و ریفراندۆم و کێشەکانی عێراق دەهاتە نێو باسی زۆربەی پانێڵەکانەوە.
ئێمە وەك شاندی کوردستان لەکۆی ئەو چوار پانێڵەی تێیدا قسەکاری سەرەکی بووین، لەو پانێڵانەش کە کۆمێنتمان هەبوو لەسەر باسەکان توانیمان تیشك بخەینە سەر ئەم خاڵانە بۆ زۆرێك لە ئامادەبووان:
یەکەم: گەلی کوردستان گەورەترین گەلی جیهانە کەهەتا ئێستا خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی نییە.
دووەم: گەلی کوردستان بە کردەوە سەلماندوویەتی کە تاکە نەوای ئارامە بۆ گشت ئایین و نەتەوەکان.
سێیەم: گەلی کوردستان لە رۆحی ئایین گەیشتووەو کێشەی ئایینی نییە لەنێوخۆ و لەگەڵ ئەوانی دیکەدا.
چوارەم: ریفراندۆم مافێکی سادەی گەلانە و بۆ زۆربەی گەلانی ئەورووپا بۆتە رێگەی پێکەوەژیانی ئاشتییانە.
پێنجەم: داوامان لەکۆمیۆنیتی سانت ئیجیدیۆ کرد لە ساڵانی داهاتوودا، ئەم کۆبوونەوە جیهانییە بهێنێتە کوردستان.



**25 ئەیلوول**

**بەڵێ بۆ کوردستان**

# سەربەخۆیی و ئیسلام

**(بەشی دووەم)**

**وەزارەتی ئەوقاف دەبێت بەرنامەیەکی تۆکمە و ئاشکرا بۆ ریفراندۆمی سەربەخۆیی ئامادە بکات، بە دروستکردنی کۆمیتەیەک لە مامۆستاو بیرمەندو زاناو موفتی بۆ دارشتنی بەرنامەیەکی تایبەت بەم مەبەستە، بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکێتی زانایانی ئایینی کوردستان و مەکتەبی زانایانی حزبە ئیسلامییەکان و سەرجەم حزبەکانی کوردستان**

**پێویستە لە راگەیاندن بەرنامەی تایبەت بۆ مامۆستایانی ئایینی تەرخان بکرێت بۆ شیکردنەوەی سەربەخۆیی کوردستان بۆ هاونیشتمانییان لە رووی شەرع و یاسا ئایینییەکانەوە**

**زۆر گرنگە لەو کۆمیتانەی کە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دروستیان دەکات، وەک کۆمیتەی سەربەخۆیی، نوێنەری پیاوانی ئایینی لە ئایینە ئاسمانییەکان و چەند ئایینی دیاریکراو لە کوردستان بوونیان هەبێت و لە کارو چالاکییەکان بەشدار بن**

### مافی چارەنووس لە سەردەمی پێغەمبەردا (د. خ)

رەنگە بابەتەکەم سەیر بێت بە لای کەسانێکەوە کە باسی مافی چارەنووسم لە سەردەمی پێغەمبەردا (د. خ) کردووە، لەوانەیە بڵێن چۆن لە سەردەمی پێغەمبەردا (د. خ) بابەتی وا هەبووە، کە لە سەدی حەڤدەدا بە (حرية الارادةfree will) ئەم بابەتە باسی لێوە کراوە، پاشان بووەتە (حق تقرير المصير) واتا: مافی گەلان بۆ هەڵبژاردنی شێوازی حوکمرانی بە شێوازێك کە بیەوێت لەژێر سێبەریدا بژین و سەروەریی خۆیان مسۆگەر بکەن. هەروەها برگەی یەکەمی (موحدە)ی مافی مرۆڤ ساڵی ١٩٦٦ دەڵێت: ئازادیی گەلان بۆ بریاردان ناوەندی سەربەخۆیی سیاسی و ئازادی لە مسۆگەرکردنی گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییە. نەتەوە یەکگرتووەکان لە بریاری (٢٦٢٥)دا لە ٢٤ / ١١ / ١٩٧٠ باس لە هاوکاریی وڵاتان و باسی یەکسانی مافەکان و مافی چارەنووسی گەلان دەکات . بەڵام خۆ شاری مەدینە لە کاتی گەیشتنی پێغەمبەردا یەك وڵات نەبوو، بەڵکو تێکەل و پێکەڵی لە ئاییندارییدا، لە بیرو باوەڕدا رەنگی خۆی دابووەوە، خو مەعلوومە سەرجەم دانیشتووانی شاری یەسریب (مەدینە) دەستبەجێ نەبوونە موسڵمان، لەلایەن ئایینزاکانەوە کریستیانی (نصاری) و جوو (یهودی) بوونیان هەبوو، لەلایەن هۆز و وعەشرەتیشەوە (مهاجیر و انصار) و ئەوس و خەزرەج و وەسەنیەکانی ئەوس و خەزرەج، یەهوودیی ئەوس وخزرەج و سی هۆزە گەورەکەی یەهوودی (بەنو قەینەقاع و بەنو نەزیر و بەنی قورەیزە) هەبوون، هاوکات ئەعرابەکان کە دراوسێی مەدینە بوون و نزیکەی ٥٩ نیمچە هەرێمێك بە دەوری مەدینەدا بوونی هەبووە، هەر یەکە لەم هەرێمانە ژیانی خۆیان هەبوو، بە یاسای خۆیان حوکمی خۆیان بە شێوازی گونجاو مومارەسە دەکرد.

وەك سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژەیان پێکردووە، هەر هۆزو عەشیرەتێك خۆیان یاساو هێزو ژیانی خۆیان سەرپەرشتی دەکرد، ئەمەش (مافی چارەنووس) بووە لەو سەردەمەدا. پرسیارەکە لێرەدایە ئەوەیە: ئایا ئیسلام و پێغەمبەر (د. خ) چۆن لەگەڵ ئەم بابەتە هەڵسوکەوتیان کرد؟

لە وەسیقەی مەدینە بۆ موسڵمان و غەیری موسڵمان ئەم وەسیقەیە باس لە زۆر بابەتی هەستیاری ئەو سەردەمە دەکات، بەتایبەت لەگەڵ یەهوودییەکانی مەدینە، باسی هەماهەنگیی تەواوی نێوان پێکهاتە ئایینییەکان دەکات بۆ سەقامگیریی شاری مەدینە کە وەك پایتەختی دەوڵەتی مەدینە دەستنیشان کرابوو، برگەکانی باس لە یارمەتیدانی یەکتر، پارێزگاری لە دراوسێتی، و پاراستنی مافە تایبەتی و گشتییەکان و رێککەوتن لەسەر بەرگریکردن لە یەسریب دەکات ئەگەر تووشی دوژمن ببێت ، بەڵام باسی تێکدانی ئەو سەربەخۆییەی تێدا نییە کە لە ٥٩ شوێنی جیاوازدا بوونی هەبووە و تێکیان بدات، حوکم، یان ناوەندی بریار بگەڕێنێتەوە بۆ خۆی.

ئەمە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی خوای گەورەیە کە دەفەرموێت: (یا أیها الناس إنا خلقناکم من ذكر وأنثى وجعلناكم شعوبا وقبائل لتعارفوا) (الحجرات١٣) (لا ينهاكم الله عن الذين لم يقاتلوكم في الدين و لم يخرجوكم من دياركم أن تبروهم وتقسطوا إليهم إن الله يحب المقسطين) (الممتحنة:٨).

بابەتی حوکمڕانیی سەردمی پێغەمبەر (د. خ) بە شێوازێك بوو چەسپاندنی تێدا نەبوو، بۆیە عومەری کوڕی خەتاب (رەزای خوای لێ بێت) کاتێ چووە ئیلیەیە قودس دەستکاری حوکمداری نەکرد و نەیبەستەوە بە مەدینەوە، بەڵکو کاتێك بانگی عەسەر درا لە ناو کڵیسە بوو، وتیان لێرە نوێژی خۆت بکە، بەڵام فەرمووی: نەخێر، ئەترسم ئەگەر لێرە نوێژ بکەم، موسڵمانەکان دوای من ئێرەتان لێ زەوت بکەن و بڵێین لێرە عومەر نوێژی کردووە . بۆیە چووە دەرەوە نوێژی کورد.

کاتێك عومەری کوڕی عەبدولعەزیز دەسەڵاتی گرتە دەست، خەڵکی سەمەرقەند نامەیەکیان ئاراستە کرد و وتیان: لە سەردەمی قوتەیبە کوڕی موسلم کە هاتە وڵاتمانەوە ئێمەی دەرکردو هەندێك عەرەبی جێنشین کردووە کە ئێمەش بە دابونەریتی خۆمان حوکمداریمان کردووە، دەمانەوێ ئەو خەڵکەی کە قوتەیبە هاوردەی کردووە، دەریان بکەیت، چونکە پێچەوانەی یاساو رێسا و ئارەزووی ئێمەیە .

عومەری کوڕی عەبدولعەزیز دادوەرێکی نارد بە



## شێخ ئیبراهیم شێخ محەمەد تاهیر بەرزنجی

**بەڕێوەبەری ئیرشاد و توێژینەوە لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی**

بۆ گوڵانی نووسیوە

ناوی (جميع بن حاضر القاضي) و حوکمی ئەوەی دا کە سەرجەم عارەبە هاوردەکانی دەرکرد و سەربەخۆیی بۆیان گەڕاندەوە.

ئەمانە بەڵگەن کە سەربەخۆیی بوونی هەبووە، بەداخەوە ٥٩ وڵاتی ئیسلامی ئەم ڕاستییانە دەزانن، کەچی سەربەخۆیی بۆ فەڵەستین حەڵاڵە، بەڵام بۆ منی کورد حەرام و دەرچوونە لە یەکپارچەیی عێراقێکی شکستخواردوو!

ئەگەر جوان سەیری بابەتی سەربەخۆیی (کۆسۆڤۆ) بکەین کە وڵاتێکی تازەیە لەم سەردەمەدا، دەبینین سەربەخۆیی بە ئازایەتی خۆی بەدەستهێنا، تا ئێستاش ١٠٨ وڵات بە ئەمریکاشەوە دانی بەو سەربەخۆییەدا ناوە، بەڵام سەیرە پێش چەند وڵاتێکی ئیسلامی و عەرەبی دانی بەم وڵاتەدا ناوە کە ٩٥٪ی موسڵمانن و لە ناو جەرگەی ئەوروپادان .

### سەربەخۆیی تاك لە بڕیاردان:

لە ئیسلامدا سەربەخۆیی تاك واتا: مرۆڤ دەتوانێ بڕیار بدات، جا چ تایبەت بە خۆی بێت لە بواری ژیانیدا، یان پەیوەست بێت بە گوزەرانی، یان هاوسەرگیری و برادەری و ئاشنابوون، چ بڕوا و ئاییننداری لە چوارچێوەی ئایین و یاسا دەرنەچێت: لَاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَد تَّبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ (آية ٢٥٦ سوره البقرة)

فەرموودەیەکی بەناوبانگی عومەری کوڕی خەتاب بۆ حاکمی میسر عەمری کوڕی (عاص) هەیە کە فەرموویەتی: (متى استعبدتم الناس و قد ولدتهم أمهاتهم أحراراً) واتا: چۆن ئێوە خەڵکانتان کردووە بە کۆیلە، کاتێ خوا ئەوانەی بە ئازادی هێناوەتە دونیاوە؟ ئەم ڕووداوەش لە کاتێکدا هات، عەمری کوڕی (عاص) غەدری لە کریستیانێك کرد، بۆیە ئەم فەرموودەیە وەك بنەمای مافی مرۆڤ تەماشا دەکرێت.

کەواتا ریفراندۆم و سەربەخۆیی بیدعە نییە، ئێمەی میللەتی کورد دامانهێنابێت لەم سەردەمەدا، بەڵکوو لە دێژەمانەوە هەیە، بەڵام ئەوە سەیرە بۆچی بۆ برایانی فەڵەستین واجب وفەرزە، بۆ ئێمەی کورد کە چەنەهای چەند ساڵە بەدەست دەسەڵاتدارانی زاڵمی عێراقەوە دەناڵێنین حەرامە؟ ئایا غەدرمان لێ نەکراوە؟ ماڵمان وێران نەکراوە؟ خوێنمان نەداوە؟ هەموو ئەوانە بووە، بۆیە داوای سەربەخۆیی لە هیچ کەس ناکەین و چاوەڕێی فەتوای کەس نین .

### ڕۆڵی زانایانی کورد لەم قۆناغەدا:

لەم قۆناغەدا بە بۆچوونی من ڕۆڵی مامۆستایان دەبێت زیاتر بێت بەم شێوازەی خوارەوە:

١ – وەزارەتی ئەوقاف دەبێت بەرنامەیەکی تۆکمە و ئاشکرا بۆ ریفراندۆمی سەربەخۆیی ئامادە بکات، بە دروستکردنی کۆمیتەیەك لە مامۆستاو بیرمەندو زاناو موفتی بۆ داڕشتنی بەرنامەیەکی تایبەت بەم مەبەستە، بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکێتی زانایانی ئایینی کوردستان و مەکتەبی زانایانی حزبە ئیسلامییەکان و سەرجەم حزبەکانی کوردستان. دەبێت بە هەر شێوەیەك بێت سەردانی مەرجەعە ئایینییەکانی جیهانی ئیسلامی بکەن، وەك خانەی دادی وڵاتە ئیسلامییەکان و مەشیەخەی ئەزهەر و مەککە و فاتیکان و ...هتد، بۆ ڕاڤەکردنی بابەتەکە، لە ناوخۆی هەرێمیشدا کۆڕی جەماوەری ساز بکرێت بۆ سەرجەم مامۆستایانی کوردستان.

٢ –مامۆستایانی ئایینی ئەرکی سەرشانیانە و دەبێت لە ناو جەماوەری خۆیاندا، بابەتی قوربانیدان و خۆڕاگری و خۆشەویستیی نیشتمان و وەرەی بەرزو سوودەکانی بە خاوەن دەوڵەت بوون و سەربەخۆیی بخەنەڕوو .

٣ – زۆر گرنگە لەو کۆمیتانەی کە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دروستیان دەکات، وەك کۆمیتەی سەربەخۆیی، نوێنەری پیاوانی ئایینی لە ئایینە ئاسمانییەکان و چەند ئایینی دیاریکراو لە کوردستان بوونیان هەبێت و لە کارو چالاکییەکان بەشدار بن.

٤ – پێویستە لە ڕاگەیاندن بەرنامەی تایبەت بۆ مامۆستایانی ئایینی تەرخان بکرێت بۆ شیکردنەوەی سەربەخۆیی کوردستان بۆ هاونیشتمانییان لە ڕووی شەرع و یاسا ئایینییەکانەوە.

٥ – پێویستە لە ئێستاوە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران کار بۆ ئەوە بکەن سەربەخۆیی خانەی دادی کوردی و مەرجمەعی فیقهی کوردی، و ئەنجومەنی زانایانی کوردستان، و مەشیەخەی کوردی، یان هەر دەزگایەکی ئایینی کە وەك دەوڵەت پێوستمان دەبێت، دابمەزرێنن، با سەردەمی ڕاوێژکار بەس بێت و بچینە سەردەمی دەزگای بەهێزی ئایینی بۆ وڵاتیکی گەشاوەو جوانتر.

**ریفراندۆم و سەربەخۆیی بیدعە نییە، ئێمەی میللەتی کورد دامانهێنابێت لەم سەردەمەدا، بەڵکوو لە دێژەمانەوە هەیە، بەڵام ئەوە سەیرە بۆچی بۆ برایانی فەڵەستین واجب و فەرزە، بۆ ئێمەی کورد کە چەنەهای ساڵە بەدەست دەسەڵاتدارانی زاڵمی عێراقەوە دەناڵێنین حەرامە؟**

**مامۆستایانی ئایینی ئەرکی سەرشانیانە و دەبێت لە ناو جەماوەری خۆیاندا، بابەتی قوربانیدان و خۆڕاگری و خۆشەویستیی نیشتمان و وەرەی بەرزو سوودەکانی بە خاوەن دەوڵەت بوون و سەربەخۆیی بخەنەڕوو**

**زانای کورد هەردەم پێشەواو پێشەنگی میللەتی خۆیان بوون لە سەرجەم شۆڕشەکانی گەلەکەماندا، مزگەوتەکانی کوردستانیش لانکەی شۆڕشی نوێ بوون، شەهیدانی کوردستان و ڕێگای ڕزگاریخوازیی میللەتەکەشمان بە ناوی سەدان مەلای کورد شکۆدارە**